# دەربار

خوسرەو جاف

٥

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی پێنجەم

ناوی کتێب: دەربار – بەرگی پێنج
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٧
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## ٤٩

دوورودرێژیی پێناوێ.. بەشدار دەبی یا نەء؟

– تا چۆنیـەتی بەشـدارییـەکـەم چۆن بێت؟ لەلایەکەوە کـارو زانیـاری دەربـار و دەرباریـیـــان پێ ســـپـــاردووم، لـه لایەکی تریشــــەوە داوای بەشداربوونم له بانگکردنا لێ دەکەن. ئـەمە چەندی بەچەندە ململانە یا منداڵ بازی؟

– بێ شک بەباشی خاس و خراوی کارەکەیان لەیەکداوەتەوە.

– یاسی! زۆرم لا سـەیرە وا تێ دەفکریت. بۆچی لات وایە ئەوەی لای برادەرانەوە دێت لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە، ئەوی دەیڵێن دەقی ئاسمانی نییە، دەقی ئاسمانییە؟

– ئەهـو! هـەم بەزمــەکـەیە. ئەوە بیــرو ڕات بۆ دەربارەی وەلیــعــەهد ڕفاندن. وا لەمەشدا پێچی لێ دەدەی.

– پێچ و مـێـچی چی؟ ئـاخـر ئەمـە کەی ملـمـلانەیە چوارپێنچ کـەس بەچەکـەوە هـەڵکوتێـتـە سـەر بـانکێک و دووسێ ملـیـۆن تمـەن بەدەست بهـێنێ و ڕەنگە یەک دوو مـووچـەخـۆری بێ چارە و ڕووت و ڕەجـاڵی بانکیش تیـا بکوژرێت. ئایا ئاوا کـارێک لـە سـوودی ڕێکخـراوە یا تا بینی زەرەر و زیان و ناوباوی قۆڕ؟

– کەواتە جەنابی ئاغای ئینتیزامی! با نامـەیەک بنووسینە خزمـەت عەلاحەزرەت شاهانشا ئاریامهیر داوای لێ بکەین و بڵێین:

قــوربانــی خــۆڵی ژێر پاتین ئێــمـــە. داوا لە دەرگـــای پڕ شکۆیی شاهانشـا دەکەین ئەگەر دەکـرێت دەست لە سـەڵتـەنـەت هەڵگرێ و لە وڵات بڕۆیتـە دەرەوە. چل سـاڵ سەڵتـەنەت بۆ بنەمـاڵەی پەهلەوی بەسـە لەگەڵ ڕێز و سـەرسپوردەگیدا.

ئیمزا
بەرەی بەربەرکانی

– پێت چۆنە؟

– گاڵتەم پێ دەکەی؟

– بەڕای جەنابتان لە کوێنەوە دەست پێ بکرێ باشترە..؟

– بۆچی برادەران نازانن ســوود و زیان لە کـوێدایە؟ ســەگـبــاب و سیـخـوڕ و پیاوکـوژ کەمـە لـە وڵاتدا؟ سـەدان دایەرە و جێـی مـەشق و یانەی ڕابواردنی ئەمریکایی لە وڵاتدایە. هەڵکوتانـە سەر بانکی یەکێک لە گـــەڕەکـــەکـــانـی نـاو تاران کـــاری دز و جـــەردە و ڕێگرە، نـەک ڕێکخراوێکی ململانکەری ئومێدی وڵات و خەڵک.

– ئەمەیان بۆ بنووسە. بۆ نایـنووسـی؟

– من خۆ مـیرزا بنووس نیم پەیوەستە نامـەی "فیدات شەوەمیان" بۆ بنووسم یا ئاگاداریان کەمـەوە. مەگـەر کوێرن تازە هەلومەرجی ئەمـڕۆ جێگەی هەڵە و هەڵەشـەیی تیا نابێتـەوە. بچووکترین هـەڵە دەبێتە هۆی تیـاچوونی برێک خـەڵک و شـپـرزەبوونی ڕێکخـراو، سـەرئەنجـام تەفر و توونا بوون.

– من بەشدار دەبم و گوێشم لە سەرئەنجام نییە.

– گـوێت لێـی بێت یاسی! مـن زۆرت لەگـەڵا دوام و زۆریش کـۆشــام.

ڕۆح و ڕەوانی یاخی و ئاشوفتە و سەرکێشت دانەمرکایەوە. هەرچیم پێ وتووی نەتکردووە، هەرچی تکاونزام کردووە بەگۆیمت نەکردووە.. بۆ یەکجاریش بووە ئەمجارەیان بەگوێم بکەو لە ئاوا بەرنامەیەکدا بەشداری مەکە و ئامادەم یەک ملیۆن تمەنیان پێشکەش بکەم. ئەگەر بۆ پڕوپاگندە و ناوباویشە دڵنیابە زیانی زۆرتر دەبێ.

– ئەم هەموو لەیەکدانەوەی ناوێ. ئەگەر پێم ڕاگەیەنن بەشدار دەبم، یانی دەبم.

– یانی بیروڕای من بەلای تۆوە بایی قەرانێکە.

– من پێم سەیرە، تۆ بۆ وا تێدەفکریەیت؟ مەگەر ئێمە پەیمانمان نەداوە لە ململانا بەردەوام بین و ئەوی ڕێکخراو دەیڵێ بیکەین؟ ئەوەی تۆ دەیڵێی پاشگەزبوونەوەو شان خاڵی کردنە لە ژێر بار و ئەرکی پێ سپێراو و بەڵێنەکەمان.

– تۆ وام لەگەڵا بدوێی و تۆمەتم پیاکەی. یانی بەیەک نەگەیشتن.

– نا فەلامەرز وا نییە. تۆ گۆڕاوی، تۆ بۆنی ناوگەڵی لی لی مەست و مەدهۆشی کردووی. ناتەوێ لێت بشێوێ، جێگات خۆش کردووە، تووشی دودڵییەکی خراو هاتووی، دڵە ڕاوکەتە. ئا، خراوت لێقەوماوە.

– ئەمەیان بێ وژدانییە؛ مەگەر تۆ بەزۆر منت نەهاوێشتە باوشی لی لییەوە؟ مەگەر لە سەر ڕاو و بڕیاری ڕێکخراو هەنگاو بەهەنگاو نەجووڵامەتەوە؟

– ئەمانە هەمووی بەجێگەی خۆی. تۆ یا دەبێت پەیوەندیت لەگەڵ ڕێکخراودا بپچڕێنیت یا دەبێ فەرمان بەرداربیت. ڕێگەی سێهەمیان تیا نییە.

– ئەمە بیروڕا و بۆچوونی ڕێکخراوە یا بیری تایبەت بەخۆتە؟

– ڕاستت بوێت یەشتا لەم ڕووەوە هیچیان بەمن نەوتووە؛ بەڵام من وای بۆ دەچم کە وەک من تێفکریەن.

کەواتە لە ئێستاوە دەبێ پەیوەندیم بەتیژترین چەقۆ بپچڕێنم؛ چونکە ناچمە ژێر ئیجرای کاوڕبوون.

– یانی من کاوڕم؟

– مرۆڤ لە بیرکردنەوە بێبەش کرا و لە جویەی ئەو بیریان کردەوە چ جیاوازییەکی دەبێ لەگەڵ کاوڕبوونا؟

ئێمە ئەم هەموو گوزەشت و لە خۆبوردنە دەکەین و لەگەڵ دەزگا دۆزەخییەکانی شادا دەست بەیەخەین تا لە بواری کاوڕ بوون وەدەر بێین، نەشیاوە ڕێکخراو جێگەی ئەوان بگرێتەوە. شیاوە وا بن؟

– من لەگەڵیانا دەدوم و وەڵامەکەتیش بۆ دێنمەوە.

– دەمزانی دڵڕەقی، نەمدەزانی بێ ویژدانیشی. وام لەگەڵا بکەی ئاکاممان خێر نابێت.

– هەڕەشەم لێ دەکەی؟

– ئاخر قسەکانت هیچی بەسەر هیچەوە نییە. ڕاستەکەی ترسی شێوانم لا نیشتووە. نەک تەنها لەبەری ناوگەڵی لی لی ببێ و بەس. دەڵێم بێ ویژدانی. بێ ویژدانی. مانەوەم لەم وڵاتەدا تەنها لەبەر تۆیە. خوانەکەردە شتێکت بەسەردا هات نالێیت چی بکەم و ڕوو لە کوێ بکەم؟ بەم تیژپەڕیانەت سەرئەنجام تووش دێی. مەگەر ڕێکخراو کوڕی خوێن گەرم و بازوولە ئەستووری کەمە تا لە تۆ سوود وەرگرن. ڕەسم و ڕواڵەتی خۆشەویستی نە وا بووە و نە واش دەبێ، دەبێ؟

– دڵنیابە من تۆم زۆرتر خۆش دەوێ تا تۆ.

– ئیدی بۆ وا زەلیلم دەکەی؟

– ژیان شتێکە و ململانێش شتێکی ترە.

– من هەردووکیان بەژیان دادەنێم و ئەگەر تێکەڵاو نەکرێت بەئاسانی هەردووکیانمان پێ دەکرێت.

– فەلامەرز! با دیسانەوە بەشەڕ نەیەین. مرۆڤ کاتێک بیەوێ بۆ خۆی بژی. سوودی خۆی و بەرژەوەندییەکانی ناگونجێت لەگەڵ بەرنامەی ململان و بەرژەوەندییەکانی گشتیدا. دوو ڕووباری سەروخوارن. با ئەم باسەش ببڕینەوە؛ لەم ڕووەوە ناگەینە یەک باسی لی لی ئازیزتم بۆ بکە.

– خەریک بووین بڕۆین بۆ سەر دەریا.

– جا بۆ نەڕۆیشتن؟

– وتی برۆ لە پێشدا درۆیەک بکە و مۆڵەت لە یاسەمین وەرگرە. با گرفتاریت بۆ پێش نەیەت.

– سەڵیتە!

– لە دواییدا تەلیفۆنی کرد کە سەفەرەکەمان دەخەینە دوا. وتم بۆ؟

– وتی دەربار تۆزێک ناجۆرە. لە نێوان دووان لە گەورەپیاوانی دۆستی تایبەتی شاهەنشا لەسەر مەسەلەی شەکەر بووە بە هەرایان. پرسیم. مەسەلەی شەکەر یانی چی؟ وتی لە نێوان بوشەهری و فلیکس ئاقایان ناوێک بووە بە هەرا تا کامیان پەیمانی شەکەر هێنانی وەزارەتی بازرگانی بەدەست بهێنن. ئەوسا وەزیری بازرگانی لە کابینە دەرکراوە و یاریدەرەکانیشی لاخراون و لە بەندیشدان.

– یانی بەم جۆرە بێت گرانی و نەبوونی شەکەر لە بازاڕدا

دەستکردە و سازندەی دەستی چەپاوکەرانە؟

– دەبێ وابێت؛ ئەگینا لەم ڕۆژەدا نەبوونی شەکەر ناگونجێت لەگەڵ بەرنامە و پرۆژەی دەوڵەتدا. شا دەم لە کاروباری گەورە دەکوتێت و باسی دەربەدەرکردنی چاو شینەکان دەکا لە وڵاتدا و خۆی بەژاندارمی کەنداوی فارسی دەزانێ. بیر و ڕاکانی ناگونجێ لەگەڵ ئەم شاخ بەشاخ و شەڕە قۆچەدا. دەگونجێ؟

– ناگونجێت. ناگونجێت. نەتبیستووە دەڵێن "ناوی زل و دەرەی وێرانە" لەیرەدا لەرزۆکی و بێ ڕەگ و ڕیشەیی یاسای شاهەنشاهی بەچاکی بۆ ڕیزەبین و وردەکار وەدەر دەکەوێ. برادەران بەباشی هەنگاو دەنێن و بەچاکی دەزانن هەڵکوتنە سەر چ گۆشەیەکی سست و خاو و خرچی شاهەنشاهیدا.

فەلامەرز سەری وەرچەرخاندە لای پەنجەرەکەوە دوو کۆترە برجیلە بەسەر حەساری سەربانی ڕووبەڕووەوە بەدەوری یەکدا دەسووڕانەوە. فەلامەرز هەڵسا و ڕۆیشتە لای پەنجەرەکەوە. یاسەمین وتی:

– ها چی بوو؟ لەوە دەچێ قسەکانمت بەدڵ نەبێ؟

فەلامەرز ئاوڕێکی لێ دایەوەو دووبارە خۆی خەریک کردەوە بەنوارینی دەرودوورا. یاسەمین هەستا و لە دواوە باوشی پیاکرد و بەسەرسکییەوە دوو دەستی گرێ دا و سەری نووساندە پشتییەوە و لە ژێر لێوەوە وتی:

– مەگەر خوا بزانێت چەندەم خۆش دەوێی.

– بانێکە و دووهەوا.

– بانێکەو هەزار هەوا. ئەوسا میللەتی ئێران لە هەزار لاوە دەستیان بەململان کردووە، خەریکە ترس و چەکەرەی خەڵکی ڕۆژ

بەڕۆژ کـەمـتـر دەبێـتـەوە. خـۆ تـەنـها کـۆمـەڵەی خـۆمـان نیـیـە لە گۆڕەپانەکەدا.

– گـرفـتـاری من لەگـەڵ برادەرانا لە مـەبەسـتـدا نیـیـە لە شـێـوە و چۆنیـەتی کـارەکـانە. ڕەوشـێک بـەکـار دەبەن ناگـونجـێت لەگـەڵ ڕاستەقینەی چوارتەنیشتدا.

– بەیاننـامـەیەکی تازە لـەلایەن ڕۆشنبـیرانی ئێـرانەوە دەرچووە لات خۆشە بیخوێنمەوە؟

– زۆریش خۆشحاڵ دەبم.

– دەتوانین فەرهاد و شرین بخەینە قوتابخانەوە؟

– یەشتا منداڵن بۆ قوتابخانە دوو سێساڵێکیان ماوە.

– کــوڕە بەخــوا لـە ســولـەیمانیــدا لـەوان منداڵتــر دەڕۆیشــتن بۆ قوتابخانە؛ بەم دووچاوی خۆمە دەیانمدی دەیانبردن بۆ قوتابخانەی منداڵان.

– ئا. ئا هی منداڵان! منیش بیسـتوومـە؛ بەڵام نازانم چی پێدەڵێن. دەپرسم و پێت دەڵێم.

– دەزانی سکم پڕە؛ ئەمــە دوو مـانگە بێنوێژ نابم. سـەرەتا باوەڕم نەبوو تا دڵم هاتە شێوان.

– خێری پێوەیە. تا زۆر بن کەمن. تـا من ماوم. غەمـتان نابێ و نانی خۆم لە سەر بەردی ڕەق دەردەکەم.

– ڕاسـتە دەڵێن ئەوکە تۆ کوشتووتە؟ بەخوا بـەخوا لەبەر دەسـتمدا کوشتووت بێ، باوەڕی پێ ناکەم..

– چیتـە ژنەکە وا پرسیار پێچم دەکەی، خۆ سـەروان جەباریش وا پرسیار پێچی نەکردم. لێگەڕێ لەو باسانە. سەبری ئیلنجێک قوڕگی گـرت و بەرەو ئاودەســتـخـانـە خـێـرا وەڕێکەوت. ڕەحــمــان پاکــەتی جگەرەکــەی دەرهـێنا و جگەرەیەکی داگــیــرســانـد و یەک دوو مــژی لەسەریەک لێدا و کەوتـە خەیاڵەوە: ئەم هاتوچۆی سنوور و پاسگاکانی ژاندارمرێیە سـەرئەنجام کارێک دەدا بەدەسـتمـەوە. تا ئەیرا و بەس.

دەبێ کـــارێکــی وا بکـەم لەم بـەزم و بەرنـامـــەی ســــەر سنووره خــــۆم دوورخـەمـەوه. مـەرد و نامـەرد بـەشـێـوەیەک تێم دەنوارِن لـە نـاخـیـاندا زەرِەیەک رِێزی تیـا نـابینـرێت. ئەگـەرچی تـا بـەحـاڵ هیـچم نەبیسـتووه؛ بەڵام چپەکـانیـان، ئاورِەکـانیـان، هەتـاوەکـو بێدەنگییـان، تەواوی پرِ لە جنێـوه. خـۆ وەڵا هـەقـیـانـه وام تێـفکریەن و بێدەنگانه نفـرینـم دەکـەن. کوره کـارێک من کـردوومـه. مـەگـەر هـەر شـمـر کـردوویێـتی. ئەو رِۆژه بەرِێکەوت حـەمـەی وەلیم لە دێی گـەرمک رِووبـەرِوو هـات و لاتەرازکەی بەست و ئاورِی لێ نەدامەوه و وەک وەبا زەدەی دیبێت. وەڵامـی سـاواک چی بدەمـەوه؟ ئایا دەست بەردەوام دەبن؟ خـوێنی باوکیان بەلامـەوەیه. چاکتـرین هـاورِێی خـۆمم بۆ کوشـتـوون، رِسـوای نـاو خـێڵ و خـەڵک و زەمانیش بووم. فـەرمانی بەخـشینی شاهـەنشـام لە گیـرفانداپه. دەوای دەردی من دووری سنووره.. دووربـوون لە خـێڵ و تـایفـە و پاسـگاکـانی هێـڵی سنوور تـا دوورکـەومــەوه و خـۆم وەدەرنەخـەم نەنگ و رِسـواییم کەمتر دەبێتـەوه و لە بیری خەڵکی دەچمەوه. دوایی لە عەزیز هوشـیـار خراوتـرم بەسـەرا دێت. رِاپۆرتێک دەنووسم بۆ سـاواک، بێ شک وەڵامم دەدەنەوه؛ یانی بۆ نەیدەنەوه؟ خـزمەتگوزاری دەوڵەت چ کـرماشـان بێت یا هێـڵی سنوور و گیـروگرفـتی چریک و چریک بازی هـەمـوو خزمـەتە و لەیـراش هـەزار کـارم پـێ دەکـرێ. بۆ هـەرکـــوێ برِۆم، ئاســمـــان یەک رِەنگە. دەبەنـگە ئەو کـەسـەی خـۆی لە ئاوا گـۆبەنێکدا وەگـیـربـهـێنێ. گیرهـاتووم، هـاتووم. دەبی سەری لەبەر وەدەربـهێنم.. هـەڵسـاو وتـی:

– من دەرِۆم دوو رِۆژم پێدەچێ.

– باشـه ئەمه کەی ژیانه لەم شـاره نامۆدا تـاک و تەنها من و ئەم دوو منداڵـه بەجێ دێڵـیت و بۆی دەردەچی و دەڵـێی دوو رِۆژ و هـەفـتــەیەکت پێدەچێ..

– تامولّ کە؛ خەریکم. هاکا لە گۆشـەیەکی ئەم شارەدا گیرسامەوە و دەست بەکاربووم. کرماشـان شاری کـار و کاسـبییـە. ئاتۆ سەورکـە و تەماشاکە.

– یاخوا!

– وا دەڵێی وەک وابێت خــەریکی لە برســا دەمــریت. لە خــانووی کرایدا هـەیت؟ هـەیت. پارەت هەیە؟ هەتە. بڕۆ و سەیری خـەڵکی بکە لە چی فەلاکەتێدان بەدوعا من ڕۆیشتم.

سەبری ئێڵنجی دەدا و ڕادەوەستا و دووبارە ئیڵنج. گوێی لە دەنگی پێوەدانی دەرگابوو. کەوتە خەیاڵەوە: ئەوسا خزم وخوێشانی ڕەحمان لە دەوڵەت دەترســـان ســـەریان لێ نەدەدایـن. ئێـســـتـــا بۆ؟ نێـــوانی کرماشان و پاتاق ئەوەندە نییە. خزمانی تری نایانپەرژێت، ئەی دایک و خوشکەکانی بۆ؟

درا لە دەرگا. سەبری پەشۆکا: دەبێ کێ بێت؟ ئەو کە کەسێکی وا ناناسێت تا لە دەرگـایاندا. دووبارە توند توند درا لە دەرگـا. ســەبری خۆی گەیاندە دەرگا و ڕەحمان لەو دیوەوە وتی:

– بیکەوە منم.

هاتە حەوشە و بەپەلە خۆی گەیاندە یەکێک لە ژوورەکان و وتی:

– دەمانچەکەم لە یاد چووبوو.

سەبری هەروا لە ناوەڕاستی حەوشیدا ڕاوەستابوو:

– چاک بوو گەڕایتـیەوە.. بزانە دایکت ناهێنی مـاوەیەک بەلامانەوە بێت.. کورە خۆمە لە تەنهاییدا دیقم کرد..

ڕەحمان بێ ئەوەی لا بەلایەوە کا وتی:

– با بزانم چۆن دەبێ. لە دوای کوشتنی ئەوکە، ڕەحمان سـمێڵی لێ

بەردایەوە و شکڵ و شەمایلی گۆڕابوو. جاران ڕانەک و چۆخەی لەبەردەکرد، کردبوویە ڕانەک و چاکەت و مشکیشی دەبەستەوە تۆزەکێک قەڵەوتر و بازوڵە ئەستوورتر بووبوو. ڕەگی گەردنی وەک لوولەیەکی شین بەدوولای ملیدا دەبینرا. بایەکی زۆر ڕۆیشتبووە کەپوویەوە و هەستی بەدەسەڵات و پشت قایمی دەکرد. تەڵەکەبازی وەک سەروان جەباری لە پاسگای پاتاق وەدەرنێ و بیگوێزێتەوە بەرەو ئوستانی شیراز، ئەو گوازتنەوەیە لە نێو دام و دەستگای ژاندارمەری ناوچەی قەسری شرین و کرند و هەتاوەکو سەرتاسەری ناوچەی کرماشانا دەنگی دابووەوە. بۆخۆیشی جارجار هەڕەشەو گوڕەشەی دەکرد و خۆی هەڵ دەنا و خەڵکی دەتۆقاند و ناوباوی ڕەحمان ملکی ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر و زۆرتر دەبوو. جارەوباریش ڕەحمانەکەیشیان نەدەوت و تەنها ملکی هات و ڕۆیشت و ملکی وتی و ملکی کردی ملکی بردی. خۆ لە ڕاستیدا ڕووداوی ئەوکە کوشتن هەموو جێگیربوو شورەتی کردار و گرتی و بردی "ئەوکە شامار" بوو بووە ئرسی بکوژەکەی و ئەو دەنگ و باوە سەرنجی هەر گوێگرێک و هەر بینەرێکی بەرەو لای "ملکی" ڕادەکێشا و ناخۆ ئاگا دەکۆشا ڕەحمان ملکی بەچاو بدیایە و لە نزیکەوە هەڵیسەنگاندایە و لەگەڵ خۆیدا بەپێی بیروڕای خۆی بیدایە لە تەرازوو.. "ملکی"یش لەم دوادواییەدا پەی بەوە بردبوو زار و چاو بەدوایەوەیە. ناخۆ ئاگا هەڵسان و دانیشتن و ئەندازەکانی بەگوێرەی با و نیاز نەدەنا و پای هەڵدەکەوت و بەرزە دەماخانە دەمی لە زۆر شت دەکوتا و هەمیشە مشتی دەمانچەکەی وەدەر دەخست و قفەی لەخۆ دەهێنا تا ئاوڕی لێدەنەوە و سەری دەلەرزانەوە. سەرلەرزینەکەی بووبووە حاڵەتێکی هەمیشەگی. ڕەحمان بەچاوساقی پاسگای پاتاق دەژمێردرا.. چەند چریکێک و لێخوڕێک و

ماشینێکی جێبی ژاندارمری خرابووە ژێر فەرمانیەوە. هەفتەی یەک دوو ڕۆژ لە ناوچەی قەسر و زەهاودا خاوە و تەڵەکەیان بەخەڵکدا دەکرد و سەروانی پاسگا و یەک دوو کار دروسکەری تریان دەم چەور دەکرد و بەشەراکەتێکی چەند قۆڵی و ڕۆژانە، قۆڵی چەندین کەسیان دەبڕی. سمێڵیشیان دەسڕی و کەس ورتەی لە دەم وەدەرنەدەهات.

ڕەحمان دای لە دەرگای ژوورەکەی سەروانی تازەی پاسگا و وتی:

– جەناب سەروان! دەمانەوێ سەرێکی دێی کانی توو بدەین، ئێوارە دەگەڕێینەوە.

– جا دەگەڕێنەوە؟

– ڕاستی چیت عەرزکەم؟ بۆرە زانیارییەکم پێ گەیشتووە قەتارێکی زۆری قاچاخی چایی و کۆتاڵ قەرارە بگاتە ئەو ناوە. ئەگەر بتوانین بیانخەینە ناو داوەوە خێرێکی زۆری تیادایە.

– جا هەواڵەکە باوەڕپێکراوە؟

– تا ئەندازەیەک. بەزەحمەتی دەژی بۆی داکشێین.

– ژاندارمت ناویە هاوڕیەتان کا؟

– نەخێر، ئەگەر بەم پێنج شەش کەسە شتێک بەشتێک نەکەین، هەنگێک ژانداریش بێن هیچ بەهیچ ناکەین.

– مەیلی خۆتە چۆن بەچاک دەزانی، بیکە.

چریکەکان لە مێژا ئامادە بووبوون، هەر ڕەحمان وەدەرهات ئازا سواربوون و بەڕێکەوتن. لە دوای کوشتنی ئەوکە شامار، ڕەحمان پارێزی لە دیداری دێی کانی توو دەکرد. لە پێشەوە دانیشتبوو ڕابووردووی نزیکی هێنایەوە بیر، ویرد خوێندنی باوکی و مەزاری باوەیادگار و عەینەدین و سەروان عەزیزی و تەواوی کووچە و کۆڵانی

دێی کانی توو، یارەڕیقوی مامی و ئەمیر ئینتزام و دەوڵەت خانم و فەلامەرزخانیش.. ئەو دەیزانی ئەمیر دونیای بەجێ هێڵاوە سەری زۆرتر هاتە لەرزین و لە دڵا وتی:

– خوا عەفووی کا! ئینجا ئاوڕێکی لە یەکێک لە لوتکە بەرزەکانی داڵەهوو دایەوە و: بەڵێ.. خوا بەقسەی ڕووڕەشێکی وەک من دەکا؟

– ئا.. ئا دەیکا. نە چیای داڵەهوو نە باوەیادگاریش من نابەخشێ. ئەوە باوەیادگار هیچ، زەمانێکە ڕووڕەشی لای دەرگاو گومەتیم. مەگەر لەبەر دڵی کچێک لە دینی باوو باپیرانم هەڵنەگەڕامەوە و خۆم کردە سوونی مەزهەو، ئەویشم نەبردووەتە سەر. سەری بەتوندی هاتبووە حەشوکە. لێخوڕەکە پرسی:

– چییە کاک ڕەحمان لە بیردای؟

– هەمـوو کـەس دەزانێ من ترسنۆک و زارەتەرەک نیم؛ بەڵام خۆمانین کە بەرەو دێی کانی توو دەڕۆین خراو ترسم لێ نیشتووە.

– کاک ڕەحمان و ترس؟

– سێ چوار ساڵە دایکم نەدیوە، ئەو خزم و خۆیشانە بڕێکیانم دی، سەد خۆزگە نەمدیتابا و نەیان دەدیم. ئەو نامەردە خراوی بەسەر هێنابووم، هەرچی بوو بوو منیش چاک تۆڵەی خۆمم لێکردەوە؛ وەک بیستوومە لەناو بەختیارییەکانا ژیانێکی زاری هەیە. هیچی بەدەست ناکەوێ و نیوەی مانگ بەدوای قەرز و قۆڵە دایە. دەستی دونیای ماچ کردووە تا لەو ناوچەیە بیگوێزنەوە، کەس گوێی بۆ هەڵناخا، بڕیارە چەند ساڵێک ئازارچێژ بێت. مەگەر ساواک گاڵتەیە؟

– لەیرا سەروان جەباری ملهوڕێک بوو بۆ خۆی. گونی گونداری دەردەهێنا، لالاموی دەکرد.

– بەهەرحاڵ ڕێ و ڕەواڵەتی ژیان وایە هەر زۆردارێک زۆردارتری بۆ پەیدادەبێت.

پۆپەی گومەتەکەی باوەیادگار چوو بوو بەئاسمانا. زەوار و زیارەتکەر جووت جووت و تاک تاک دەبینران. دێی کانی توو وەک هەمیشە کەساس و غەمگین و شپرزە لەناو دۆڵ دەربەندی داڵەهوودا لورەی نەدەگەیشتە هیچ کوێ و لەشی ڕاخستبوو بۆ سوارەی زۆر و زەوت. ماشینی جیب لە ناوەڕاستی دێدا ڕاوەستا. چوار پێنج چریکی چەکداری لێ دابەزی. ڕەحمان وەک فەرماندەرێکی دوودڵی پەشۆکاو لە پێشیانەوە چەند هەنگاوێکی نا و لە دوکانە داخراوەکەی باوکی نزیک بوویەوە. چەند منداڵێک گلێر بووبوونەوە. ڕەحمان خوڕییە یەکێکیان تا بڕواتە دوای کوێخادا. منداڵ وەڵامی دایەوە:

– کوێخا سەخت ناساقە، هاوە ناو جیگە. ڕەحمان لا ملی خوراند و ڕوو بەچریکەکان وتی:

– بکەونە دوام. ئەمانەتێکم هەیە لە جێگەیەکدایە تا بیهێنم. بەناو دێدا وەڕێکەوت. ژن و منداڵ و خەڵک و خوای ناو دێ کەوتبوونە سەرەتاتکێ. ڕەحمان خوارەوە بوو بۆ کونەکۆتر. چریکە چەکدارەکانیش ڕیز بەدوای یەکدا بەدوای کەوتن. خەڵکی دێ هاتبوونە دەرەوە. ڕەحمان گەیشتبووە کونەکۆتر. یەکراست ڕۆیشتە سەر گا بەردەکە و لایدایە لاوە و بەخنجەرەکەی کەوتە چاڵ کەندن و بەستەیەک نایلۆنی وەدەرهێنا و وتی:

– خاک و خۆڵ جێگەی متمانەیە و هەرگیز فێڵ لە خاوەنی ناکا. خۆزگە هەموو بەشەریش وا بایە. چوار ساڵ لەمەوبەر ئەمەم پێ سپاردبوو ئەوسا وەک خۆی دایمەوە. گویلێ خۆڵی هەڵگرت و ماچی

کرد؛ سمێڵی بوو بەخۆڵەوە بەنیشانەی شوکرانە هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و چریکەکان سەرسامانە دەیانڕوانی یەکتردا. ڕەحمان گرێی نایلۆنی کردەوە و چەند بەستە ئەسکەناس سەد تومانی وەدەرهێنا و بەرانبەر چریکەکان ڕایوەشاند و وتی:

– پێنج هەزار تومانە. حەلاڵ و زەلاڵی خۆمە. دووبارە کەوتەوە ڕێ بەرەو دێ، چریکەکانیش بەدوایدا. خەڵکی دێ لە ناوەڕاستی دێدا کۆبوونەوە. کوێخا ڕەمەزانیش بەلارە لار لە نێو جێگەی نەخۆشیی وەدەرهاتبوو. ڕەحمان ڕوو بەکوێخا وتی:

– یادتە وەتم پدەر سەروان جەباری دەرتێرم. ئێرنگە کوا جەباری نامەرد.

ڕەحمان پشتی کردبووە خەڵکەکە. پیرەژنێک لە ناو خەڵکەکەوە وەدەرهات و لە پشتەوە ژەندییە ڕەحمانەوە و وتی:

– مەرد مەرد چیتە؟ توف وەمەردانەگیت. ڕەحمان لای کردەوە، دایکی دی شپرزە بوو، دایکی یەک دوو هەنگاو دوا بەدوا ڕۆیشتە دواوە و هەردوو مەمکی گرت و ڕوو بەڕەحمان ڕایانیوەشاند و بەدەنگی بەرز وتی: شیرم حەرامت وت بیشەرەف نامەرد! بچوو.. بچوو دەوروەر مەزار گلاو مەکە. بێ غیرەت! دوست کوژ! بچوو.

ڕەحمان سەری داخست و بەرەو ماشینی جیب وەڕێکەوت. ژاندارمی لێخوڕ وتی:

– مەگەر ئەگەڕێینەوە؟

– نا.. دەڕۆینەوە.

– ئەی بۆ هاتین؟

– ڕەحمان ئاوڕێکی تاڵی لێ دایەوە.

# ٥١

وەک دەست بەسەر سەروگەردن و پشتی پشیلەیەکی دەسەمۆدا بهێنێت دووبارە و چەند بارەی کردەوە. وردە وردە سەرگۆی پەنجەکانی نەرم نەرم دەخشاندە لاگەردن و سنگ و بەرۆکیدا. یاسەمین گریانی بڕیبوویەوە، بێ ئەوەی لابەلایەوە کا دەستی فەلامەرزی توورِ دایە لاوە. دەستی فەلامەرز دەستبەردار نەبوو. سنگ و مل و بەروکی ئارام و لەسەرخۆ دەوەشارد و ماساژ دەدا. سەرئەنجام نازدارانە هەڵپلایە سەر پشتیدا. فەلامەرز چاوی بڕییە نێو چاوانی. چاوی یاسی نەرمی گریان بوو. دەمی خستە نێو دەمی. یاسی شل و شێواو دەنگێکی پەنگ خوراوی ناسک لە لووتیەوە وەدەر هات دەستی لە گەردنی فەلامەرز ئاڵاند. تاوێک و دوو هەروا مانەوە. فەلامەرز پەلە پەل کەوتە دوگمەی کراس کردنەوە. یاسەمین لە کراس داماڵاندا زۆری پێنەچوو، بەشۆرتەوە مایەوە. ئەو کارەی دەسپاردە فەلامەرز، زۆر لەو ڕووەوە دوابوون. یاسی لای وابوو ئافرەت بەوەوە جوانترە شۆرتەکەی بهێڵێتەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی پیاوانە.. فەلامەرزیش لە وەڵامدا دەیوت:

– ئەی ئەو ئافرەتانەی هوکارەی ڕووت و قووت خەوتن چی؟

بە ڕای من ئەگەر هەوەسی ڕابواردنیان هەبێت دەبێ لە مێژدا دەرپا لە پێ کەن. ژن خوا خەڵقی کردووە بۆ ناز و ئەدا دەرهێنان بەتایبەت لە نێو پێخەفدا.

فەلامەرز خۆی ڕووت کردبوویەوە. بەدوو پەنجە تیلماسکەکەی سەر ناوگەڵی داماڵاند. لە دەمی گەڕاو کەوتە نەرمە ماچی سنگ و مەمک و لەشی و ئەندامی یاسی هاتبووە سەر هەوەس؛ هەوەسێکی بێ دەنگ و بێ پرسیار. ناوی لی لی نەدەبرد. چاوە تەڕەکانی خوماری هەوەسێکی پەنگ خوراوەو شل و شێواو تیکەڵاو بووبوون. بەدزییەوە ئای حەزاوی دەبیسرا وردە وردە لە جووڵە و تەقالا کەوتن هەروا تێکەڵاو چاویان چووە خەو. یاسی نەدەچووە ژێر لە خەودا دەپرخێنێت. دەیوت:

– ئەگەر بشپرخێنم، کە ناپرخێنم هی ئەوەیە بەمنداڵی نەشتەرکاری لەوزەتێنیان کردووم. فەلامەرزیش نەدەچووە ژێری پرخە دەیوت: مەگەر لەسەر پشت بنووم. بەڵام هەردووکیان جارەوبار دەیان پرخاند.

زەنگی کاتژمێری لە کاتژمێرەکە دایەوە:

– خومە سەعاتێکە نووستووین.

یاسەمین خۆی لە باوشی فەلامەرز دوور خستەوە و متیلەکەی کێشایە سەر خۆدا و لای بەولاوە کرد. فەلامەرز باویشکێکی داو هەردوو دەستی بەرز کردەوە و لەشی خۆی ڕاکێشا. فەلامەرز لە پشتەوە خۆی پێوە نووساند یاسی نووزەیەکی لێوە هات وەک بڵێت: لێم گەڕێ با بنووم. باشە دەڕۆم قاوەیەک دروست دەکەم؛ ئەگەر حەزت لێیە لە جێگە وەدەر بێ، ئەگینا دووبارە دێمەوە گیانت. دەخۆی؟

– نا ناخۆم.

– درۆزن دوژمنی خوایە، نا دەخۆیت.

فەلامەرز ڕۆبێکی لەبەر کرد و لە ژووری نووستن وەدەر هات. لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەوت..

شرین شـرینە شرین گشت کەسم

عـشق تـو دایە تویشـــە وە دەسـتم

زەنگی دەرگـا لێـدرا . فـەلامـەرز گـۆرانی بڕییـەوەو بەرەو لای دەرگـا ڕۆیشت کاغەزێکیان لە ژێر دەرگاوە خستبووە ناوە؛ هەڵی گرت. یاسی بەپای پەتی خـۆی گـەیاندە ئاشـپـەزخـانە و لە پشـتـەوە باوشی بەفـەلامـەرزدا کـرد و پەنجـەکـانی بەسـەر سکیـیـەوە گـرێ دا و ڕوومەتیشی چەسپاندە پشتییەوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

– سـەد خـۆزگـەم بەو شـرینە وا گـۆرانی پیـا دەڵێی. بەو چەشنە تۆزەکـێک هەروا ڕاوەسـتـا و لەپڕ بەتوندی وەری چەرخـاندە لای خۆیەوە:

– ئەتۆ پێم ناڵێی ئەم شرین خانمە کێیە؟

فەلامەرز هەردوو لەپی خستە سەر شانی و لەسەرخۆ وتی:

– ئەو کچەی وا من خـۆشم دەوێ لە هەنگوین شیـرینتـرە، شیـرین ڕوخسارە، شیرین ڕەفتارە، شیرین و بەتامە. ئای خوایە چەند شیرین کەلامە، زیرەک و دووربینە، زوڵف چین چینە.. ناوی.. ناوی.. ناااوی.. پەنجەی شایەتمانی خستە سەر لێوە گۆشتنەکانی. یاسەمین قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– ناوی یاسەمینە.

– باشـە ئازیزم شـیـرین و فـەرهـادی تا ئەیرا بەسـە. با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێش شەڕەکەمان.

– کام شەڕ؟ مەگەر شەڕمان کردووە؟

– ئەی شەڕ چۆنە؟ خۆ یەکتر هەڵنادڕین، دەیدڕین؟

– ئەو جۆرە شەڕانە تام و چێژی زیندەگییە. خۆ ئاکامەکەشت دی.

– لەو قسانە گەڕێ. دەڵێم برادەران بەرنامەی وەلیعەهد فڕاندنیان بەدەستــەوەیە. ڕۆڵی تۆیان زۆر لا گرنگە، یانی دەمــەوێ بڵـێم بێ یارمەتیدانی تۆ. سەرناگرێت.

– بێ من؟

– ئا، بێ تۆ.

– من چیم پێ دەکرێت؟ دەیانەوێ من وەلیــعەهد بفڕێنم؟ مــەگەر هەنارە؟

– من وام نەوت.

– نا نەتوت؛ بەڵام دەتەوێ چی بڵێی؟

– نامهێڵیت تا پێت بڵێم.

– دەی فەرموو.

– وەک دەزانی سەرەتای پایزە؛ یانی تا دوو مانگی دی ئەنجوومەنی پەروەردەی منداڵان فستیڤاڵی سینەمای منداڵان لە پلە و پایەیەکی جیهانیدا لە تارانا پێک دێنێت. لە تەوای وڵاتانەوە بەشداری دەکەن سەرپەرشتی تەواوی ئەو فیستڤاڵە لەژێر سەرپەرشتی لی لی گیانتایە. تێگەیشتی؟

– تا ئەیرا ئا.

– ئافەرین کوڕی زیرەک و گوێگر! وردبەرەوە چی دەڵێم، برادەران لایان وایە بۆ پڕوپاگندە بووە وەلیعەهدی تیا بەشدار دەکەن.

– دەمەوێ ئەوەی بزانم مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو فڕاندنە چییە. کوشتنە، سرنج ڕاکێشانە یا باج وەرگرتنە؟

– منیش وەک تۆ نازانم؛ بەڵام ئەوەی دەزانم ئەو ســیــانەی وا وتت هیچ کامیان نییە.

یاسی و فەلامەرز هەردوویان بێ دەنگ تێرامان. فەلامەرز فنجانی قاوەکەی بەسەر ژێر فنجانەکەوە هەردوو بەرز کردەوە و مژێکی لێدا. یاسەمینیش هەروای کرد لەپڕ فەلامەرز وتی:

– وا دیارە پایانی هێڵە.

– ڕوونی کەوە.

– دەترسم بیڵێم.

– ترسی ناوێ.

– با دەیەوێ. لەوەی دەترسم دیسانەوە بەتۆمەتی ئاغایەتی و ترسنۆکییەوە بەپاگەزم دانێی و دووبارە بەشەڕ بێین.

– نا شەڕ ناکەین.

– بەڵێنە.

– بەڵێنە.

– ئێمە لەم فڕاندنەدا یا سەر دەکەوین یا تیا دەچین. ئەوی من تێی دەفکریەم هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی تیا وەدی ناکەم. زەرەر و زیانیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراو و تەواوی برادەران و بەرنامە تێکڕایەکان. پێم سەیرە برادەران لە ڕووی چ لەیەکدانەوە و هەڵسەنگانێکەوە کەوتوونەتە ئەم بیرەوە. منداڵ فڕاندن با وەلیعەهدی حەمە ڕەزا شایش بێت، لە تەواوی دونیادا کارێکی بێزیاوە. لەوەشی دڵنیام برادەران زەرەر و زیانی کارێکیان بەرئاورد کردووە؛ بەڵام هەرچی دەکەم بیسەلمێنم و خوا خوامە من هەڵە بم ناڕواتە عەقڵمەوە. دەیانەوێ چی ڕاگەیەنن؟

– ڕەنگە بیانەوێ لەگەڵ برادەرانی زندانیدا بیگۆڕنەوە..

– هەتاوەکو واش بێ، تای تەرازووەکەم لەنگ دێتە بەرچاو. با دوور لە هەست و هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە، وردەکارانە لەیەکی دەینەوە. وا وەلیعەهەدمان فڕاند.. فڕاندمان وا نا؟

– با

– ڕەحمەت لە هەرچی ئازیزت هەیە. لیستەیەکی دوورو درێژی ناوی زیندانییان دەدەینە دەوڵەت. دەی دەوڵەتە فەنێ. ئەو برادەرانەمان بۆ بەڕەڵاکەن. شان بەشانی ئەو داوایانە. چەندین ڕێکخراوی مرۆڤایەتی بیانی دەکەونە نێوانەوە و داوا دەکەین تەواوی ئەو برادەرانە بنێرنە دەرەوە، وا چوون. کەواتە وڵاتیان بێ دەردە سەر بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر تەڕ و وشک پێکەوە نەسووتێت.

– ئەمانەی وا وتت. هەمووی ڕاستە؛ بەڵام کام کاری سیاسی و ململان بێ زیان و قوربانی چووەتە سەر؟

ـ من لە سەرەتاوە وتم با لە هەست و هەوای شۆڕشگێڕانەوە دووربین، جا من و تۆ و ئەوی وەک من و تۆ بیر دەکەنەوەو خۆیان بەشۆڕشگێڕ و ململانکەر دادەنێت.. پێش هەموو شتێک دەبێت لە زەرەرو زیانی خەڵکە زۆرەکە بدوێین و بیخەینە پێش چاو نەک دەردە سەری تێکڕایی بۆ خەڵک دروست کەین.. ئەگەر کردمان چی؟

– دەتەوێ ئەم بیرو ڕایانەت بگەیەنمە برادەران؟

– لام خۆشە؛ بەڵام دەترسم بەنافەرمانی بیدەن لە قەڵەم. ئەوی ئەوان بۆم دانەن دەیکەم؛ بەڵام لام خۆشە ڕای خۆمیان پێ ڕاگەیەنم. ڕەنگە بەدەست خەتیش بۆیان بنووسم.

– بینووسی باشترە.

– وا دەکەم.

## ٥٢

پەپڵــە ســڵــەیمانــە مــاڵم ڕمــانـی
چاو ئەبرو مشکی جەرگم سووزانی
ئــای جــــــەرگـم ســــــووزانــی
وەی جــــــەرگـم ســــــووزانــی

دەنـگی تـار و زەرب تـا دوور دەچـوو. لەولاتـریشـــەوە چـەندیـن تاقـم و کـۆمــەڵ هـەروا ســـەریان نـابووە یەکـــەوە و دەیانخــواردەوە. برێـک لە کۆمەڵەکـان تاک و تەراک ئافرەتیشی تیا وەدی دەکرا. درەختـەکان پەل و پۆیان تێـکەڵ بووبوو، سێـوەرێکی چڕوپڕ لـەیراو لەوێ، تیـرئـاوێژێکی تیشکی هـەتاو وەک کۆڵەکەیەکی نور سێوەرەکەی بەش بەش دەکرد.

عـەباس زەربی دەسـتی بۆ لیـوانی عـەرەقی بـەردەسـتی درێژکـرد و مـژێکی لێـدا و خـەیارشـورێکی کـردە سـەرا و دووبـارە کـەوتەوە لێـدان. عـەبـاس زەربی، عـەباس خـانیشـیـان پـێ دەوت. چەند خـانمێکی لەژێر دەستابوو. جارەوبار بۆ برێک لە پیاوان دەکەوتە نێوان و تەقالاوە. نەک شـەرم و حـەیا لەو کارەی بکا بەڵکو شانازیشـی پێوە دەکرد و دەیوت:

جـیــاوازی نێــوان من و ئەو خــەڵکە درۆزنە هـەوەســبــازە ئـەوەیە من کـابرایەکی ئاشـتـیخـوازم و حـەزم لە خـزمـەتی خـەڵکە؛ چی بکەم ئەو خەڵکە نامەرد و سپڵەیە و ناو و ناتۆری ناجـۆریشـم لێدەنەن؛ جـێکێش دزە، جێکێش تەشـقەڵە بازو فـڕو فێڵ کـەرە، نەک منێکی هیوا و ئاواتی ئەوەیە لە زۆرو دڕندەیی دوورخـاتەوە و ترس و تۆقیان بەکاربهێنریەت

بو ئارەزوو شکاندن. ئەمە نێو دەنرێ جێکێشی یا لایەنگیری ئازادی و نوێخوازی؟ من ئەگەر دوو نیازمەندی ئارەزوو شکاندن سەر بنەمە یەک سا، لە ڕووی نیازێکەوە بێت تا نەمرم قەدرم نازانن. شتێکە کورد قەدری لێهاتووانی خۆی نازانێت، چی بکەین ئیتر ئێمەش ڕێکەوت و دەستی پەروەردگار وای لێ کردین بەکورد بخولٚقیەین و هونەر نمایەکەشمان بەکوردی بێت. با کورد نەباما، بزانە چنگم لە ئەستێرە نەدەکوتا. ئینجا خۆی بەخۆی دەوت:

– گوێی مەدەرێ عەباس خان! زندەگی هەر سەد ساڵی ئەوەلی دژوارە. عەباس خان وا لە گەوادی دەدواو گەوادی دەکردە پیشەیەکی ڕەواو ڕێزدار و پێویست بۆ مرۆڤ، دەیوت:

– لەوتەی مرۆڤ لە سەر ئەم زەوییە ژیاوە، گەوادیشی لەگەلاٚ خولٚقاوە ناوی نابوو دەرزی و دورمان. پەیوەستە دەیوت. ئەوە مەچیر ئەوە دورمان. کوا خاوەن دەرزی؟

ڕەحمان چوارمشقی دانیشتبوو بەسەر لاکێشیەکەوە. پشت بەدرەختێکی چناری تەنە ئەستوور. سوور هەڵگەڕابوویەوە، چاوە زەردەکانی جن جن دەنواو دەدرەوشانەوە. شادەماری گەردنی هەڵئاوساو خوێن تێزاو. سەی مەجیدی مامی کوژابوویەوە. لەو هەراو بگرەو بەردەیەدا هەرچی ڕەحمان هەواڵی حیشمەتی کوڕی لێی دەپرسی، تەنها دەیوت خەریکی تەمورەیە و خەوە نووچکە دەیبردەوە. عەباس زەربی دووبارە دەمی تەڕکرد و ئاماژەیەکی بۆ فەریدونی هاوڕێیەی کرد. فەریدون کەمانی چەسپاندە چەناگەیەوە نەختەکێک نێو قەدی ڕاست کردەوەو چاوە نەرمەکانی بەزۆر برژانگی پێوە دەبینرا، پلکی چاوی لەسەر یەک داناو ژێی کەمانی هێنایە لەرزین. عەباس

لەسـەر چۆک هـەڵسـابوو. ڕەحـمـان هاتبـووە سـەر زەوق و سـەریشـی کـەوتبـووە لەرزین. سـەی مـەجـیـدیش پرخـەی خـەوی دەهات. حەجارباشیش مەست بووبوو. ڕەحمان جارەوبار ڕوو بەحەجارباش هاوڕێیەی دەیوت چۆنم بۆت؟ پێنج شـەممە شـەوی تاقـوسـان هەنگامەیەک بوو بۆخۆی. هەرچی بەزم گیر و بەزم سازانی نێو شاری کرماشان و دەوروبەریشی هەیە لەوێدا کۆ دەبوونەوە. چەند شەڕگێڕ و خاوەسێنی ناو شاریش لەوێڕا فەرمانڕەواییـان دەکرد و وەک گای مارو دیاری و ناسراو بوون. خەڵکەکە خۆیانیان لێ لادەدا.

هەر یەکە لەوانە دام و دەستگا و دەسـەڵاتی خـۆی هەبوو، چ لەناو شـاری کـرمـاشـانا یا لە ڕێگاوبانی هاتوچۆی قـاچاخ و بڕێکیـان موخەدەراتیشیان ئاڵ و وێل دەکرد و گەڕەکی سوزانییەکانیان دابەش کـردبوو؛ هەر کـووچەیەک لەژێر چاودێری و دەسـەڵاتی یەکـێکیـانا هەڵدەسـووڕا و کـەسـێکی دی زات و توانـای ئازار و ئەزیەتی دانیشتوانی ئەو گەڕەکانەی تیا نەبوو. هەر شەڕوشـۆڕ و ڕوداوێکیش بەهـۆی مـەسـتی و بەرانبـەرکـێـیـەتی ناوچەکـانیـانەوە ڕوویدابا نەدەگەیشتە کەلانتەری و یا پۆلیس و شکایەت و دادگا. ئەحمەد لالو لە هەموویان بەدەسـەڵاتتر و قسە بڕتربوو. زۆربەی زۆریان ئامۆژگاری و هەڕەشـەکـانیـان دەگـرتە گـوێ و دەکـۆشـان کـارێکی وایان لێ نەوەشـێتـەوە بێتـە مایەی ناڕەزایی ئەو. ئەحمەد لالۆ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کومەڵگای ملهوڕانی نێو شـاری تاران و سـەرتاسـەری شـارە گەورەکانی ئێرانا پەیداکـردبوو، ڕێچکەی هاتوچۆی قـاچاخی بەنگ و تریاک و هیرۆئین و تەواوی مادە بێهۆشکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئێـرانەوە دەگـەیشـتـە تاران و لەوێڕا دوشـاخـەی لێ پەیدا دەبوو، یەکـێکیـان بەڕێگەی تەورێز و ئەوی تریان بەڕێگەی کـرمـاشـانا

دەیانگەیاندە تورکیا و لەوێڕا بەرەو ئەوروپا و سەرتاسەری جیهان. ئەو مامەڵە و بیدە و بسێنە بێ ئەوەی کەس بزانێت کێ و لە کوێنەوە دەپارێزرێت ،بەبەرچاوی کار ئاگاو چاوساقانی ئەنتەرپول دەگوزەرا و سەرگەرم بوون. جارەوبار لە ڕۆژهەڵاتەوە بەتایبەت لە ئوستانی بەلووچستان و کرمانەوە تەق و تۆق لە نێوان ژاندارمری و قاچاخچییە چەکدارەکانا ڕووی دەدا و لە دوولا دەکوژران. لە بنەچکەدا ئەو بەگژاچوونە لەلایەن سوودجویانەوە کارگەردانی دەکرا تا ئەنتەرپۆل سەر لە تاو و تۆی مامەڵەکە وەدەر نەهێنێت و بێ هیچ بەڵگەنامەیەک یەخەی کەس نەگرێ و بسەلمێنرێت قاچاخچی بۆ خۆی قاچاخچییە، چ لە تارانا بێت یا پاریس و لوندەرە و نیویۆرک.

عەباس دەیزانی ڕەحمان دەمڕاسی سفرە و دانیشتنەکەیە و ئەو چوار پێنج کەسەکەی تری شرۆشکلێکی وایان پێوە نابینرێت تادەست لە چمکی کراسیان گیرکا و نان و نەوایەکی وەدەست بهێنێ. بەدەم گۆرانی و تەپڵ لێدانەوە، ڕۆیشتە بندەستی ڕەحمانەوە. ڕەحمان خومار بووبوو. بەدەستێکی نەرم نەرم دەستی ڕەحمانی وشارد و چرپانیە بن گوێیدا خانمێکم لەژێر دەستایە ئاو دەخواتەوە لە گەردنیا دیارە. باڵا چی؟

دەستیشی هێواش هێواش دەوشارد. باوەڕبکە سەروێکی خەرامانە بۆ خۆی.

ڕەحمان زانی عەباس زەربی دەیەوێ شتێکی پێ بڵێت سەری لار کردەوە لای عەباسا:

– چیت وت؟

دەڵێم حەزدەکەی خانم بازی بکەی؟

ڕەحــمــان ســەرەلـەرزەی دەست پێـدا. بینی نا بەلێـوانی عـەرەقی بەردەستییەوە و کەوچکێک دۆغرمەی کردە سەرا.

- جا ئەوە دێنێت؟

- وەرە و تەماشاکە.

لەولاوە بوو بەهـەراو نیخـە نیخ و بەرمدە نامـەرد نامـەرد. کـۆمـەڵەی لای ڕەحــمــان هەســتــانە ســەرپا. کـابرای خــاوەن کـافــە و یەک دوو کـارگەری کـەوتنە پەلەپەل نەکا دانیـشـتـوان بێ پـوول و پارەدان بۆی دەرچن. بەگــوێرەی تاقــیکردنەوە لەو جــۆرە شــەڕانەیان زۆر دیبــوو، زۆریشیـان بەساختە بەشـەڕ هاتبوون تا لە هەرادا بۆی دەرچن و پوول و پارەی خــواردنەوە و خــواردنەکــەیان نەدەن. لە دوورترەوە دەنگی گـۆرانی دەهاتە گوێ. کافەچی لە ڕەحمان نزیکتر بوویەوە. ڕەحمان پێی وت:

- حساوەکەت چەندە تا بیدەم؟

- مــەگــەر دەڕۆن؟ تازە ســەرەتای شـــەوە. ئەوە لـەولاوە کــوردیەل عێراقی گەرمـیان کردووە. دوێ شـەو بڕێکی تریان لـەیرابوون. وتیـان ئەمشەویش دێنەوە، لام وایە لە تەرفدارانی مەلا مستەفای بارزانی بن. ڕەحمان وەڵامی دایەوە:

- بڕۆین باشترە. بەرنامەی ترمان لە پێشە. لەوەش گوزەشتە خۆر بەئاسمانەوە بوو هاتین.

کــابرای قــاوەخــانەچی یەک دووجــار دای بەســەر شــانی عــەباس زەربیدا و وتی:

- ئەی بتــرەژم، بچن بەســەلامــەت. فــەرەیدوونی کــەمــانچــە ژەن نەختەکێک هەنگاوی تێک چووبوو. ڕوو بەعەباس خان:

- نالّێی تەکسی چۆن گیر بهێنین؟ شەش کەسین. حەجار باشی وتی:

- بەیارمەتی ڕەحمان خان دەڕۆینەوە بۆ ماڵ! فرە سوپاس لە پەزیراییت و میوان دوستیت.

- ئەی باوە! ئەوەندە بەنزکوردی لەم شارەدا هەیە لە زەمان هیتلەریشدا لە ئەلمانیادا نەبووە. هاکا سەروپوزەی یەکێکیان پەیدا بوو. چەند هەنگاوێک چوون و عەباس خان ئاماژەی بۆ دوور کرد و وتی:

- نەموت؟ ئەوەسا هات. ئاوا بێ تاقوسان مەگەر لە دونیادا چەند تاقوسان هەیە؟ کەس ناتوانێت دەستبەرداری بێ، شەو بێداران تازە دەگەنە بەرەوە. ماشائەڵڵا تاقوسان!

فەرەیدوون: ڕوحیان شاد! کرماشانە، کرماشان. مەگەر شۆخییە؟ ئەوەسا جێی قوڵنگەکەی فەرهاد بەبیستوونەوە.

- ئاهای تاکسی!

تەکسییەکە وەستا. ڕەحمان و عەباس و فەرەیدوون سواربوون ئەوانی دی چاوەڕوانی تەکسییەکی تریان کرد تا بیان باتەوە ماڵ.

- بۆ کوێ تەشریف دەبەن ئاغاگەل؟

عەباس و فەرەیدون دووکەسی وەڵامیان دایەوە:

- چیاسورخ.

لێخوڕ ئاوڕێکی دوای دایەوە.

عەباس درنگەیەکی لە تەپڵەکەیەوە هێنا و وتی:

- چییە مەگەر نێوی چیاسورخت نەبیستووە وا تێمان دەنواڕی؟

– مەگەر نوارین یاساغە یا قەدەغەیە. چاوم نابەسم. بیبەسم؟ ڕەحمان لە پێشەوە دانیشتبوو یەک دوو تەڵ لە سێوڵی دەکرمان لەژێر لێوە بۆڵاندی:

– مەرافەی ناوی.

گەیشتبوونە شەقامە سەرەکییەکەی لای کووچە و کۆڵانەکانی چیاسورخ و لەوێرا دابەزین و پیادە وەڕێ کەوتن. عەباس خان وەک سەرکردەیەکی سەرکەوتوو لە پێشەوە، فەرەیدوون هاتبووە سەرخۆی. ڕەحمان سەری کەوتبوویەوە لەرزین. تاک و تەراک و دووان سیان مەردوم لە کووچە و کۆڵانەکانا دەبینرا. عەباس خان دای لە دەرگایەک. لەودیوی دەرگاوە دەنگێک هاتە جواو:

– کێیە؟

– بیکەوە خۆمانین.

– خۆتان کێن؟

– دەبیکەوە، خۆمانین و زەهری مار.

لنگەیەک لە دەرگاکە کرایەوە؛ پیرەژنێکی ژاکاوی قرچوڵ لە نێو دەرگادا ڕاوەستاو، ئاوڕێکی دایەوە و خۆی لادا ڕۆیشتنە ژوورەوە. ئافرەتێکی گۆشتنی پان و پۆر لە سەر کورسییەکی دار دانیشتبوو، سێ چوار ڕیز غەبغەبەی بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبوویەوە. ئاونمایەکی بچکۆلانە لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بەبوڵەندی یەک مەتر ئاوی هەڵدەدا. خوڕەیەکی کەمی لێ دەبیسرا، چەند ماسییەکی ڕەنگاوڕەنگ بێ تاقەت لە نێو حەوزەکەدا لە هاتوچۆدا بوون. دەم و چاوی ژنە کەتەکە هەڵژەناوی بۆیاخ و ئارایش بوو. عەباس خان لێوە نزیک بوویەوە و بەدەنگی بەرز چاک و چۆنی لێکرد و ڕوو بەڕەحمان:

– ئەوە دایەخانمە. خەرمانێکە لە شەکەر ئەگەر خودی شەکەر نەبێت.

چەند ئافرەتی شان و مل ڕووت پا لەسەر پا دانیشتبوون تا بن ڕانیان وەدەر خستبوو. پێکەنینێکی درۆینە نەخشی سەر زاریان بوو. ڕەحمانیش دانیشتبوو. ژنان کەوتنە نازوئەدا و کریشمەوە، عەباس زەربی دەمی خستە بنا گوێی ڕەحمان:

– کامیانت بەدڵە؟

ڕەحمان سەری هاتبووە لەرزین: هیچ کامیان. تۆ ئەو هەموو پیاهەڵدانەت بەمانەدا دەکرد؟

– یانی دەتەوێ بڵێی ئەمانەت لا پەسەند نییە، وانا؟

– نەخەیر! بەدڵم نین. ئەگەر ئەمانە بن، درۆت لەگەڵ کردووم.

– من درۆم لەگەڵ نەکردووی. ئەم خانم گەلە بۆ خۆیان نرخێکیان هەیە و ئەوەی وا وتوومە نرخێکی تر. فکری لێکەرەوە.

ـ تێناگەم، ڕوونی کەرەوە. من باسی نرخم نەکردووە.

– ئەوی وا بەڵێنم پێدای خانمی ماڵە و زۆرتر بۆ هەوەس هاتوچۆی ئەیرا دەکا. تەک پەرانە تەک پەران. مێردەکەی ئەفسەری هێزی دەریایە و خۆشی ناوێ. ئەگەر کابرا پەسەند نەکا لەگەڵیا ناخەوێ. بتەوێ دەرۆم بەدوایا، بڕۆم؟

– یانی لەیرا نییە؟

– ناڵێم خانمی ماڵە و بۆ هەوەس و تەوح ڕادەبوێرێ، نەک بۆ پوول و پارە. فرە عشقییە، یەک پارچە ناز و ئەدایە.

– باشە بڕۆ بەدوایدا. ڕەحمان بیری کردەوە دەرپای ژنانەی کوردی

پێ نییە. ترسا هەوەسی هەڵ نەسێ و ئابڕووی بڕوا.

– وەک وتم نرخی گرانە. سێی بەرانبەری خانمەکانی ئەیرات لێ وەردەگرم.

– مەگەر ناڵێی بۆ پارە نایکا؟

– با، ئەی ئێمە چی؟ ئەی ئەو هەموو خەرج و بیدەوبسێنەی دایەخانمە خۆ لە ئاسمانەوە داناباریتە سەریا، دەبارێت؟

– نا، نابارێت. ڕەحمان هاتبووە سەر هەوەس. وردە وردە بەرەو گڕگرتن دەچوو ناوگەڵی خوێنی تێزابوو؟ دەشترسا لە دەست بەکاربوونا یارەوەکەی دامرێتەوە. لە دڵا وتی: سەد لەعنەت لە دەرپای ژنانەی کوردی وا بووە بەتەوق و چووەتە ملم ئینجا وتی:

– چەندم لێ دەسێنێت؟

– دووسەد تمەن؟

– زۆر نییە؟

– لەبەر خاتری ئاغاییەکەت قەینا با سەدوپەنجا بێت.. مەسەلە پووڵ و پارە نییە، لام خۆشە ئەمشەو ڕابوێری.. ڕا.. بچم؟

– باشە بڕۆ. خۆ زۆرت پێ ناچێت؟

– هەمووی نیو سەعات دەخایەنێت و بەس.

– ئەتۆ وەرە پێشترەوە.

عەباس خان سەری بردە لای ڕەحمانەوە.

– خۆ دەکرێ تا دێیتەوە ڕێگەیەک لەگەڵ یەکێک لەم خانمانەدا بڕۆم؟ ئەی بێ قەزا بی! ئەمانە خۆ بۆ قاڵی چنین لەیرا نین، دەتوانی لەگەڵ هەرچواریانا ڕابوێری ئەگەر ئەتەوێ بۆ ڕاوەستاوی؟ عەباس زەربی

لای کردە لای خانمەکانەوە و وتی: کامیانت دەوێ؟

ڕەحمان بەوردی سەیریانی دەکرد: قەڵەوەکەیان، ئەوی کراسەکەی سەوزە.

عەباس بەدەنگی بەرز بەگۆرانییەوە:

– کراس سەوز و کراس سەوز! پەریێ خانم! هەڵسە لەگەڵ ئاغادا برۆ. ئاگات لێ بێت کوڕی باشە ها، یەکپارچە نوقوڵە، پەری سەرفەرازانە هەستایە سەر پا. کەنیزێکی سەرکەوتووانە نەخشی سەرلێوی بوو. برێک لۆکەی لە دایە گەورە وەرگرت و بەچوار پەنجە ئاماژەی بۆ ڕەحمان کرد و وتی:

– فەرمۆ دوام کەوە. کە لە پێشەوە دەڕۆیی بەئەنقەست دوو گۆپکەی گۆشتنی دوای دەلەرزاندەوە، لەرزینێکی هەوەس ئەنگێز.

ڕەحمان کاوڕ ئاسا بەدوای کەو، بەپلکانەیەکی تەنگ و باریکدا سەرکەوتن. ژنە دەرگایەکی تەختەینی کردەوە. چوارپایەیەکی ڕووتەلی ئاسنین دۆشەک و متیلێکی پەڵە پەڵەی شەهوەتاوی بەسەرەوە بوو. ژنە لۆکەکەی خستە ژێر سەرینەکەوە و کراسەکەی داماڵاند. تەنها بەشۆرتێکەوە مایەوە. قەد قەد لە پاری گۆشت بەسەریەکدا ڕیزیان بەستبوو. گۆشت ناوگەڵی شاردبوویەوە. ئەگەر تۆزێ باڵای بەرز نەبوایە، لە تۆپێکی گۆشتین دەچوو. ڕەحمانیش خۆی ڕووت کردبوویەوە. ژنە سەیری کۆنە زامەکانی لەشی ڕەحمانی کرد:

– چییە لەشت پڕە لە پینەوپەڕۆ؟ ڕەحمان ئاوڕێکی مەغرووڕانەی لێدایەوە. گۆڤاری "جوانان" بەلای سەرینەکەوە بوو. ژنە شۆرتەکەشی داکەندبوو لەسەر گازەرەی پشت لێی کەوت و لنگ بڵاو لە کاتێکدا گۆڤارەکەی دەخوێندەوە: نەتوت ناوت چییە؟

- ناوی منت بۆ چییە؟ دەمبەی بۆ سەربازی؟

- پێم خۆشە بزانم.

- ڕەحمان هەروا ڕووت و قووت یەرەق کردو ڕاوەستابوو.

ژنە ئاوڕی لێدایەوە:

- بۆ وەستاوی؟

- با ڕۆژنامەکەت تەواوکەی.

دەست بەکار بەگوێرەکەی کوڕی گوێرەکە. لنگی بڵاوتر کردەوە و یەک دووجار دای بەسەر تۆپزی ناوگەڵیا ئەوەنییە لەبەر دەستدایە دەیکەی بەئەیرادا یا ڕۆژنامەکەی دەستی من؟ وەرە پێشەوە هەی توخمی زۆڵ سەیر چی لەندەهورێکە. دەی پیاکە هەی قەحپە دایک.

بە ناوی میللەتەوە داواتان لێ دەکەین هەرچی پووڵ و پارەی نێو چەکمەچەکانتان هەیە هەمووی بخەنە بەردەستان. لە هیچ کەسێکیش کارێکی نائاسایی نەوەشێتەوە، بێ یەک و دوو دەکوژرێت. ئێمەش ئەوەمان ناوێت، چا وریا بن.

چەند ژنێک قیژەی تێکەڵ بەگریانیان دەکرد. یەکێک لە نقابدارەکان قیڕاندی:

– بێ دەنگ بن! ورتەتان لە دەمەوە وەدەرنەیەت. خەڵکی نێو هۆڵەکەیان لەسەر دەم ڕاکشاندبوو.

دوو لە چەکدارە ڕووهەڵپێکراوەکان ڕۆیشتنە پشتی پێشخوانەکەوە بۆ دیوی کارمەندان. بەڕێوەبەری بانک لە ژوورەکەیدا یەشتا ئاگاداری ئەم بیگرە و بەردەیە نەبووبوو یەکێک لەچەکدارەکان دەرگای لێ کردەوە و یەکڕاست لە پشتی ملییەوە چاکەتەکەی گرت و وتی:

– قارەمان بازی دەرمەهێنە و ژیرانە لەگەڵمانا بجووڵێرەوە، ئەوی دەیڵێم بێ ئەملاولا ئەنجامی بدە، وەئیلا بێ یەک و دوو دەتکوژم. بەڕێوەبەر هاتبووە لەرزین:

– بەسەرچاو! ئەمر دەکەی، چی ئەفەرموویت ئامادەم. تۆ هەر مەمکوژە.

– ئەگەر ژیر بیت نە تۆ دەکوژریەیت و نە کەس. دەرگای

خەزنەکەمان بۆ بکەوە بێ خۆ درەنگ کردن. یەکێک لە چەکدارەکان لە پشتی دەرگا سەرەکییەکەوە خۆی مەلاس دابوو هەر کەسێک دەهاتە ژوورەوە لەسەر دەم لەوێدا ڕای دەکشاند. کارمەندان بێدەنگ بووبوونەوە. ژنانی کارمەند زاورەتەرەک لە ترسا بەزۆر هەناسەیان پێ دەدرا. چەکدارەکان زۆر بەپەلە بوون. ئەوی کە لە سالۆنەکەدا خەڵکی واداری لەسەر دەم ڕاکشان دەکر،د باوەک زۆر کۆشاو بۆ ئەوەی سنگ و مەمکی وەدەرنەکەوێ و چەند وشەیەکی کورت و کەم نەبێت کەسێک هیچی لێ نەبیسێت، بەسەر ئەوەشدا جوولانەوەی ژنانە و ساغ و گۆشتنی سمت و کەفەڵی شایەتی ژن بوونی بۆ دەدا.

دوو چەکداری نێو کارمەندانی بەڕێوەبەریان ناچاری کردنەوەی خەزینەکە کردبوو، پارە و پوڵی بەردەستی پێش خوانیشیان کۆ کردبوویەوە و لە دووسێ کیسەیان کردبوو بانک لەلایەن دوو پۆلیسەوە دەپارێزرا. لە مێژ هاتنە ژوورەوەی چەکدارانەوە بۆ ناو بانک. لەولاترەو دوو ماشین لەیەکیان دابوو. خاوەنەکانیان لەگەڵ یەکدا بەشەرهاتبوون. یەکێک پۆلیسە پارێزەرەکانی لەو بەیەکداچوونە ئاگادار کردبوو ڕۆیشتبوونە دەمی ئەو هەراوە.

هەرا ئازا نەبڕابوویەوەو دوو پۆلیس گەڕانەوە سەر خاڵی چاودێریی خۆیان. یەکێکیان چەند هەنگاوێک پێش ئەوی تریان خۆی کرد بەبانکدا. کابرای چەکداری پشت دەرگا ئازا چەکی کرد و ئەوی دی لەسەر دەم ڕاخستنی هاوڕێیەکەی دی دەستی دایە دەمانچە و پەلاماری ژوورەوەی دا چەکداری پشتی دەرگا پۆلیسی پەلاماریدەری دی نەدی. ژنە هیچ ماوە و مەودایەکی پێ نەدا و نەیهێلا بێتە دەست، هەر لە نێو دەرگادا ڕیزێکی پیاکرد و پۆلیس تەختی زەوی بوو. هۆڵەکە

پڕ بوو لە قیژەو هەرا و گریان و دوکەڵ. دوو چەکداری پشتی پێش خوان لە کاری خۆیان بووبوونەوە. گورج و گۆڵانە کلاشنکۆفەکەیان خستە نێو کیفی ڕەکتی یاری تەنسەوەو دەمانچە بەدەست دوو کیسە پوڵیان دا بەشانا و بەدوو ماتۆرسایکل وەک پسکی بانان بۆی دەرچوون. بەدەرچوونی چەکدارانی نەقابدار، خەڵکەکەی نێو بانک وا ژڵیژان وەک مار پێوەیدابن. برێک بەپەلە لە بانک وەدەرچوون برێک لە ژنان بوورانەوە، برێکی تریش سەرسام و گێژووێژ بێ ورتە دەیان نواڕی. هەر خەڵک بوو کۆدەبوویەوە: پۆلیس، ساواک، کومەڵەی هێرشبەرانی تایبەت، ڕۆژنامەنووسان و ئومبولانس و دوکتۆر و دەوا.

یەکێک لەناو هۆڵی بانکدا پڕبەدەم قیڕاندی:

– بەچاوی خۆم دیم ژنە پۆلیسەکەی کوشت. یەکێکیان ژن بوو، ژن.

دووکەس چوونە لای کابرای قیڕەزلەوە، یەکێکیان وتی:

– دەکرێت سەعاتێک لەگەڵمانا بیەیت تا چۆنیەتەکەمان بۆ بگێڕیتەوە؟

– دەتوانم بپرسم ئێوە کێن؟

– ئێمە نوێنەری ساواکین.

چەند کەسێک دەوری بەڕێوەبەری بەنکیان دابوو. یەکێک پرسی:

– چەندیان بردووە؟

– سەرجەم نازانم؛ بەڵام لە چوار ملیۆن تومەن کەمتریان نەبردووە. سەیر لەوەدایە بەناوی میللەتەوە دەدوان.

یەکێکی تر پرسی:

– ژنیان لەگەڵ بوو؟

– من ژنم نەدیوە. ئەو دووانەی منیـــان لە ژوورەکـــەم وەدەرهێنا هەردووکیان پیاو بوون.

– بیان بینی، دەیان ناسی؟

– دەم و چاویان هەڵپێکابوو. زۆریش بەپەلەبوون.

– بەڕای تۆ دەترسان؟

– من خۆم ئەوەندە تۆقیاو بووم، بیرم لە ترسی ئەوان نەدەکردەوە. بترسانا ئەمەیان نەدەکرد، ترسی چی؟

دوو کابرای ساواکی چپەیەکیان بۆ بەڕێوەبەرەکە کرد و کەوتە پێشیان.

شـــەقـــام ژڵیـــژابوو. باس دەکـــرا بـڕێک بـەچپـــە و بڕێک ئاشکەرا: هەشتاوسێ ملیۆنیان بردووە. حەوت پۆلیس کوژراوە. هەر هەموویان ئافرەت بوون. پارەی خەڵکیان نەبردووە، زانیویانە حیسابی ئەشرەف پەهلەوی بووە. ئەو پارانەی بردوویانە هی ئەشرەف بووە نەک خەڵکی. دەڵێن لەنێو بانکدا چاوساقیان هەبووە. ساواک تەواوی مووچەخۆرانی نێـو بەنکیـان قـۆڵ پێچ کـردووە. ئـیتـر بەســەد جـۆر تام و خـویەی پێوەدەکرا و دەیانگێڕایەوە. ڕۆژنامـەکانی ئێوارە مانشێتـەکانی هەر باسی بانک و ڕووداوی بانک بوو:

"لەلایەن چوار تیرۆریستەوە هۆبەی بانکی مللی جەمشید ئاباد تاڵان کرا. پۆلیسێک شەهیدکرا. چەند کەسێک بریندار بووە. سەرجەم چوار ملیـۆن و دووسـەد و چل و حـەوت هەزار و پێنج سـەدو سـێی تمەنیـان دزیوە. یەکێک لە تیرۆریستـەکان ژن بووە و پۆلیسـی کوژراو لەلایەن ئەوەوە ترۆر کراوە. پۆلیسی کوژراو مانگێک بووە ژنی هێناوە..."

فەلامەرز تازە لەخەو هەستابوو. ڕۆبێکی دوشامبری ساتانی لەبەر

کردبوو، ڕۆمانی برادەرانی کارامازوفی دەخوێندەوە. دیوانی حافز بەسەر مێزی نێو هۆڵەکەدا دانرابوو. لی لی دیوانی بەدەستەوە گرت و وتی:

– لە دایستۆفسکی گەڕێ بابزانین پیری پیران، شەیداکەی شیراز چی دەفەرمووێت. لی لی لەژێر لێوە فاتیحای بۆ ڕوحیانەتی خوێند و دیوانی کردەوە و بەدەنگی بەرز:

ای بیخبر بگوش که صاحب خبر شوی
تا راهرو نباشی کی راهبر شوی
در مکتب حقایق پیش ادیب عشق
هان ای پسر بکوش که روزی پدر شوی
دست از مس وجود چو مردان ره بشوی
تا کیمای عشق بیابی و زر شوی
خواب و خورت زمرتبەی خویش دور کرد
آنگه رسی بەخویش که بی خواب و خور شوی

هاژەی شەپۆلی دەریای قەزوین، تێکەڵ دەیدا بەیەکدا. ڤیلاکەی لی لی چەند هەنگاوێک لە لێواری دەریاوە دوور بوو. لی لی هاتە بندەستی فەلامەرزەوە. بۆ ئەمشەو مێزێکم داگیرکردووە لە کابارەی شکوفەی نەودا وا بزانم مەهەستی و عەبدولکەریم ئەسفەهانی بەرنامەیان هەیە. ژنەی خزمەتگوزار ڕۆژنامەکانی دەمە و ئێوارەی تارانی خستە سەر مێزەکە.

فەلامەرز نیو نیگا ئاوڕی لە مانشێتی کەیهان دایەوە؛ دڵی کەوتە ترپە ترپ و هەستی کرد قوڕگی وشک بووە. کە زانی یەکێک لە نقابداران ئافرەت بووە و تازە ئەویش بەبکوژی پۆلیسەکە ناسراوە،

هەرچی دەمارەمووی نێو کەللەی هەبوو هاتنە لەرزین. با هەڵی کردبوو ئەوەندەی تر دەریای خرۆشانتر کرد و هاژە و لرفەی بوڵەندترو بوڵەندتر. سەرپەڕەی ڕۆژنامەکە بەدەستی فەلامەرزەوە دەلەرزی. لی لی وەک پشیلەیەکی دەسەمۆ خۆی ترنجاندبووە بندەستی فەلامەرزەوە هەستی کرد گەرمی لەشی لە ئەندازە بەدەرە و بەوردی خەریکی ڕۆژنامەکانە. نەختێک خۆی دوورخستەوە و وتی:

– چییە وا بەدڵ و داو خەریکی ڕۆژنامەی... حەیف نییە ئەم کاتە شرینەمان بەتوڕەهاتی ڕۆژنامەنگارانەوە بەینە سەر؟ مەگەر چی تیا نووسراوە؟

– شتێکی وا نییە؛ تیرۆریستەکان دووبارە دەست بەکار بوون. بانکێکیان دزیوە و پۆلیسێکیش کوژراوە.

– ئەمە نە یەکەمین جارە و نە دواهەمینیشە. لەوە دەڕوا لێمان ناگەڕێن؟

– کێیە؟

– خراوەکاران.

– ئا، خراوکارانی دەرەوە، نەک ناوخۆ. دەیانەوێ وڵاتەکەمان بشێوێنن. شێوانێکی وا داری بەسەر بەردەوە نەهێڵن.

– جێی ترسی تیا نییە، عەلاحەزرەت دەزانێ چی دەکاو چۆنی هەنگاو دەنێت و پیلانەکانیان لەبار دەبا.

– زۆرمان لێ تووڕەن، بتوانن خراومان بەسەر دێنن.

– کێ؟

– ڕۆژئاواییەکان؛ بەتایبەت دوای ئەوەی شاهەنشا فەرمووی ئیتر

دەورانی چاوشینەکان تەواو بووە، نازناوی "هەڵۆی ئۆپیکیان" بە شا وتووە.

– من لە سیاسەتەوە دوورم و هیچیشی لێ نازانم؛ بەڵام هەڵۆی ئۆپیکیان کردووەتە نازناوی شاهەنشا و ڕۆژ بەڕۆژ نرخی نەوت لە جیهاندا بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. بەهەوڵ و تەقالای ئەوی دەزانن و ئەوەش لە ڕیشە وەدەرهێنانیانە، ڕێچەڵەک وەدەرهێنانیانە. نەوت بەڵایە، وا نا؟

– با، فرە پێی نارەحەتن. شابانو دەیوت: "هەراو بەزمی کۆنفدراسیۆن و مافی مرۆڤ و چوزانم سەندیکای ڕۆشنبیرانی ئەورووپا و ڕۆژنامەنگارانی جیهان و چەندین گرووپ و کۆمەڵەی جۆراوجۆری تر، تەواوی ئەوانە لەلایەن دام و دەزگای ڕۆژئاواوە هان دەدرێن و دەم شرین دەکرێن و سەرچاوەکانیش دەزانین، بۆیە بووە بەجێی مەترسیمان".

– جلّەو بەدەست تاقیکراوەیەکی وەک شاهەنشاوەیە هیچ جۆرە ترس و ختورەیەک بەبیرما نایەت. تەواوی ئەوانە بەتوفانی نێو فنجان دەزانم..

لی لی سەیری کاتژمێری کرد و وتی:

– خۆمە درەنگە. با خۆمان کۆکەینەوە؛ ئەم قسانە تەواوبوونی بۆ نییە و هەڵسا بەرەو ژووری نووستن. بەڕۆیشتنی لی لی بێتاقەتانە پاڵی دایەوە و کەوتە خەیاڵەوە:

– سەرئەنجام کەتنی خۆی دا و هەم خۆی تیا برد و هەم منیشی تووش کرد. ئا، تووشی کردم.

تووشی چی؟ ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا تا بگەنە یاسەمین، لە ساڵ

زۆرتری پێــدەچێ. تـازە کێ دەڵێت هـەر پێی بگـەن. برادەران گــەلێک سـەرسەختن؛ لام وانییە بـەئاسانی نێـوی یاسـەمین بەدەما بهێنن. ئەوە بەڕاستـە کێ تاوتامـوڵی ئەشکەنجـە و گـاز و تاوەی سـاواک دەگرێت؟ لەش و ڕوح وا زەلیل دەکــەن، ئاسـن بەرگــە نـاگــرێت.. بنـوارە چۆن دەکەونە بولبول زمانی بڵێ کچەتیو بۆ لەمن بوویتە ژاندارک و تانیا؟

– نایەی خۆت پۆشتە بکەیتەوە دەی شەوە؟

– وا هـاتم.

تەلەفزیۆنی مللی ڕایگەیاند تا دەقیقەی کە لێپرسراوێکی سـازمانی ئەمنیـەت دەربارەی هـێرشی تیـرۆریسـتــەکان بۆ ســەر بانکی مللی هۆبەی جەمشیدئاباد، دەدوێ.

– دەوەرە درەنگە.

– گوێت لێ بوو تەلەفزیۆن چی وت؟

– چی وت؟

– ساواک دەربارەی تیرۆریستەکان دەدوێ.

– خـۆتی پێوە خەریک مەکە.. ئێستـا ئاغای ڕاتبی سەگبـاب دەمی هەوانەکەی دەکاتەوە و هـەزار درۆ هـەڵدەڕێژێ.

لی لی لە ئارایش کـــردن بووبـوویەوە. دەســـتێ جلـی دووپارچـەی سـەرتاسـەر ڕەشـی لەبەر کردبوو، لابەلا لە ئاوێنەدا خـۆی دەنواند. لەپڕ وتی: بەدڵم نییـە و سیبی لا قـەبرغەی هـێنایە خوارەوە، دامێنی کـەوتە ســەر زەوی، سـمت و کـەفـەڵی پڕ لە دەرپێی کـەوتـە دەرەوە. بەرانبـەر ئاوێنـەی تەوالێـتــەکـە دەق بەدەق وەســتـابوو. فــەلامــەرز لە پشــتــەوە باوەشی پیـا کرد و بەژێر سکییـەوە پەنجەکانی هەڵەفە کرد، سەریشی

خەستە سەر شانی و وردە وردە پەنجەی دەستی خەستە نێو شۆڕتەکەیەوە و لی لی هەروا بێ جووڵە ڕاوەستابوو فەلامەرز چرپانیە گوێیدا:

– چی دەڵێی ڕۆیشتنمان بەدوا خەین. دەست و پەنجەش لەکاردا بوو. لی لی هاتبووە جووڵە، چاوانی لەسەر یەک دانابوو. سمت و کەفەڵی چەپ و ڕاست دەهاورد و دەبرد و دەی هەسووە بەرۆکی فەلامەرزدا. شۆرتەکەی داماڵاند و ڕووی وەرچەرخاندە لای خۆیەوە دەمیان لە نێو دەمی یەکترنا. لی لی نەیتوانی نە بەرەزوانەی کەوشەکانی بکاتەوە و نەدوگمەی کراسەکەی. هەروا ڕمانە سەر سیسەمەکەدا.

لەش و ئەندام و سیسەم هاتە حەشۆکە و لەرزین. دەنگی گۆرانی لە تەلەفزیۆنەکەوە دەبیسرا.

کیە کیە در می زنە من دلم می لرزە
درو با لگد می زنە من دلم می لرزە

ئاغای ڕاتبی باسی چۆنیەتی ڕووداوی بانکی دەکرد و بەڵێنی دەدا کە زۆر ناخایەنێت تاوانباران دەستگیر دەکریەن و بەسزای خۆیان دەگەن. ئەمە بەڵێنە و دەیدەن بەگەل. پای لەسەر ئەوە دادەکوتا کە تەواوی گرووپی خراوکاران دەناسن و دانە بەدانەیان لە ژێر چاودێریان.

لی لی دووبارە کەوتەوە دەم و لێو سوورکردن و پودرە و سووراو سپیاو، ڕیملیی چاو و بۆن پەرژاندن.

کابارەی شکووفەی نەوی سەر دەریا هێندە لە ڤیلاکەی "لی لی"ەوە دوور نەبوو دە دەقیقە ڕێگایان بڕی و لە ماشین دابەزین.

پێنج شەمە شەوی سەر دەریا لە زستانیشدا لایەنگیرانی تایبەت بەخۆی هەیە. شکوفەنەو جمەی دەهات لە خەڵکدا. یەشتا بەرنامەی مەهەستی دەستی پێ نەکردبوو. گرووپێکی پاسکێل سواری ئکروپاتیک بەرنامەیان دەگێڕا. بەپێچەوانەی هەمیشەوە هەم لی لی و هەم فەلامەرز بڕیاریان دا دوو کەسی وێسکی بخۆنەوە؛ پێکی یەکەم خورایەوە.. لی لی هاتبووە سەرحاڵ پێکی دووهەمیشی تەواو کرد و فەلامەرز سێهەمینی بۆ ئامادەکرد و نۆرە هاتبووە سەر عەبدولکەریمی ئەسفەهانی. گاڵتەبازاڕی دەستی پێکردبوو جۆک و جەفەنگی بەڕەشتی و بەلوچی و ئازەری و کورد و عەرەب و عەجەم دەکرد.

لی لی تەنکە مژێکی دا لە پێکەکەی و خاو و خلیجکانە وتی:

– ئەم گاڵتەبازاڕیانەیم هەموو بیستووە.

– لە کابارەکانی تاران؟

– نا، کابارەی چی؟ لە دەربارا. جارەوبار دەنێرن بەدوایدا و بەزم دەگێڕێ و لاسایی ناسراوانی وڵات دەکاتەوە، لە هوەیداوە بیگرە تا سەر سەوزەفرۆش. شاهەنشا بەئەداو ئەتوارەکانی زۆر پێدەکەنێت. سەتاری گۆرانیبێژیش هەفتەی جارێک بەشداری دەکا.

– ئەی هایدە و مەهەستی و گوگوش چی؟

– جار جارێک هایدە بەشدار دەکرێت.

– ئەی گوڵپایگانی؟

– نەمدیوە بەشداربێت.

– لەوە دەڕوا شاهەنشا زۆر حەزی لە گۆرانی و بەزم و ڕەزمی هونەری نەبێت؟

– شاهەنشا ئەوەندە پابەندی میوانی و شەوبیداری پڕ لە

هەراوهوریا و دەنگە دەنگ نییە. جارەوبار گوێ لە موسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوایی و سیمفونییە بەناوبانگەکان دەگرێت، بەتایبەت سیمفونییەکانی بتهۆڤن. حەزیشی لە فیلمی سینەمایە. لە فارسیدا تەواوی فیلمەکانی "وەحدەت"ی بەلاوە خۆشەو دووبارە و چەند بارە دەیان بینێتەوە.

لی لی پێکی سێهەمیشی تەواو کرد و چوارەمیشی بەدەستەوە بوو.

- دیارە ئەو بەرنامانە خەڵکێکی زۆری تیا بەشدار دەبێت و ئەو شەرەفیابییە کەم نییە و مایەی شانازی بەشداربووەکانە. کەریمی ئەسفەهانی لە گاڵتەبازاڕیەکەیدا بەردەوام بوو؛ گەیشتبووە سەر ڕەشت و تێکڕا سەرەوەی ئێران. دەیوت گەیشتوومەتە ئەم ناوە، نازانم بیڵێم؟

دانیشتوان وەڵامیان دایەوە؛ ئا بیڵێ. خەڵکەکە بۆیان کردە چەپڵەڕێزان. لی لی و فەلامەرزیش چەپڵەیان بۆ لێدا.

فەلامەرز بەتاسەوە گوێی لە قسەکانی لی لی دەگرت و دەریشی نەدەخست کە بۆی گرنگە.

- تۆ بۆ خۆت لەو دانیشتنانەدا بەشدار دەبی.

هەرکاتێک شابانو بفەرمێت، ئا. بەڵام شاهەنشا بڕێک هاوڕێی تایبەتی پای قوماری خۆی هەیە جارەوبار یارییان لەگەڵدا دەکا. سەیر لەوەدایە ئەو کەسانە هیچ کامیان کاربەدەستی دەوڵەت نین و لە کابینەشدا نین. هەتاوەکو هوەیداش کە وا چەندین ساڵە سەرەک وەزیرانە مافی ئامادەبوونی ئەو دانیشتنانەی پێ نەدراوە، نە لەگەڵ شادا و نە لە بەزمی دەرباریشدا مەگەر. جەژنە مللییەکان نەبێ.

نۆرە هاتبووە سەر مەهەستی.

لی لی ئاوڕێکی لێدایەوە و لێوێکی لێ هەڵقورچاند:

– حەزم نە لە چۆنیەتی ئارایشەکەیەتی نە جل لەبەرکردنی. سەیرکە چۆن خۆی کردووەتە بووکەشووشە.

– ئەی دەنگی؟

– نا دەنگیم لاخۆشە. لام خۆشە لە ڕادیۆدا بیبیسم.

– نەتوت سبەی تاقی بەیانی دەڕۆینەوە یا ئێوارە؟

– ئێوارەکەیم لا باشترە. بتەوێ بەیانییەکەی دەگەڕێینەوە.

– نا بۆ من وەک یەکن. هەر لەگەڵ تۆدا بم بۆ من ئاسمان یەک ڕەنگە.

– کەواتە دەتوانین بەیانییەکەی درەنگ لە خەو هەڵسین، ئەوە دێنێ بڵێم بەسەلامەتی؛ خۆ وەلا دەیهێنێت. هەڵیدە بەسەلامەتی!

## ٥٤

سەبری گەڵاوگەڵ بەڕێگەدا دەڕۆیشت؛ لە مانگی خوێدا بوو. دەستی بەشتێکەوە نەگرتبا نەیدەتوانی لەسەر پا ڕاوەستابا. لە دەست هاروهاجی فەرهادی کوڕی دەیناڵاند:

– ئەم سک زلی و باردارییەم بەلایە، ئازار و ئەزیەت و چەموشی فەرهادیش بەلایە. خۆتۆ دەڵێی پەیکەری. بۆ جارێک تێی ناخوڕی؟ هەر نەبێت شەپێکی پیاماڵە خۆ دەڵێی توخمی شەیتانە.

– لە شەیتان گەڕێ خۆت بۆ پیا ناماڵی؟

– دیارە یەشتا ترس و توقیانی شەیتانت هەر لە دڵایە و تاسۆی دەکەی، ها؟

– ئوهو هەم بەزمەکەیە. هێلکە لە مریشک بووە یا مریشک لە هێلکە؟ لێی گەڕێ، کوڕی من نابێت چەپۆکە سەرەو بەش خوراو وەبار بێت.

– ئا تۆ ئاوا بیدە دەمیەوە بزانە چی جانەوەرێکی لێ وەدەر دەچێت.

– وا نییە و سەیری کە. وتراوە هەمیشە دوامانگی پایز جووجەڵەکان دەژمێردرێن. ئەوە کوڕی منە، من.

– یاخوا وابێت. لەبیرم نەبوو ئەم بەیانییە کابرایەک هاتە دەمی دەر هەواڵی دەپرسیت. ناوێکی سەیری هەبوو. باشێکی پێوەبوو، وابزانم جەبار باش بوو، شتێکی وا.

– ئەوە حەجار باشییە؛ ئێ چی وت؟

– وتی گەڕایەوە با سەرێکم لێدا. ئەوەی ویستوویەتی بۆیم پەیدا کردووە.

– کەواتە من دەبێ بڕۆم هیچی تری نەوت؟

– نا هەر ئەوەندەی وت و ڕۆیشت. چی بۆ پەیدا کردووی؟

– ئەی باسم نەکرد دەمەوێ دوکانی بەردتاشین بکەمەوە. بەندیخانە ئەم سوودەی پێگەیاندووم فێری پیشەیەکی کردووم. وەک دەشزانی ئیتر هاتوچۆی سەر سنوور ناکەم و لەیرا بڕێک کاری تریان پێ سپاردووم. هەم کاری ئەوان دەکەم و هەم کاری خۆمیش.

– چاک بوو لەو هاتوچۆیە کەوتی.. ئاخری هەر دەیانکوشتی. سەبری دەستی کێشایە سەر سکیا و وتی:

– باوەڕت هەبێت هەست بەباریکە ژانێک دەکەم. ڕاستە مانگی خۆمە بەڵام سەرەتاکەیەتی. بیرمان لەوەی نەکردووەتەوە تۆ لە ماڵ نەبی ژان گرتمی چی بکەم و هاوار بۆ کوێ بووەم؟

– خۆ ناڕۆم بۆ پشتی کێوی قاف، ئەوە بازاڕە بەرد هاوێژێکە؛ نیوەڕۆ دێمەوە، تەنگەتاو بوویت دەتبەم بۆ بیمارستان. تا ئەو حەلەش منداڵەکان لە قوتابخانە دێنەوە و چەپ و ڕاستی خۆمان لەیەک دەدەینەوە، تازە کێ دەڵێت ژانی منداڵ بوون بێت.

ڕەحمان لە ماڵ وەدەرکەوت بەفر تەواوی کووچە و کۆڵانی داپۆشی بوو. کۆڵان بەدژوار هاتوچۆی تیا دەکرا. بەفری سەربانیان فڕێ دابوو بەنێو کووچەکانەوە بووبوون بەتەپۆڵکەی سەهۆڵ و شوێن پای هاتوچۆکەران ڕێچکەیەکی تەنگ و باریکی پێک هێنابوو. ڕێبواران سنگ بەسنگ دەبوونەوە و بەناچار ڕادەوەستان تا ڕووبەڕووەکەی

تێپەڕبایە. ئاسمان هەور دایپۆشی بوو. کزەبایەکی سارد موچڕکەی دەخستە لەشەوە. ڕەحمان بەپەلە هەنگاوی دەنا تا خۆی گەیەنێتە سەر شەقامی بیست مەتری. جارەوبار ناچاری وەستان دەکرا. یەک دووجار بەسەر تەپۆڵکە سەهۆڵەکانا گوزەرا. جاری سێهەم پای خلیسکاو لەسەر گازەرەی پشت لێی کەوت و هەستایەوە و لە دەستیدا هەستی بەژانێکی تیژ کرد و لە ئامێزی گرت و لە ژێر لێوەوە دەیبۆڵاند و جنێوی بەخاوەن ماڵەکانی چەپ و ڕاستی کووچەکە دەدا؛ سەریشی هاتبووە لەرزین. لاشانی چاکەت و ڕانکەکەی قوڕاوی بووبوو نەیدەتوانی بیتەکێنێت دەستەسڕی لە گیرفانی دەرهێناو مەچەکی پڕ لە ژانی پێ پێچا و خۆی گەیاندە سەر شەقام و سواری تەکسی بوو بەرەو بازاڕ. بزێسکەی ژان پروزەی عەرەقی خستبووە ناو چاوانیەوە. لە ڕوخساریدا ژان و گومان شەپۆڵی دەدا. داخوا حەجار باشی چەندی خستووەتە سەر و لە بنەڕەتدا بەچەن لەگەڵ ئەو کابرادا ڕێک کەوتبێ. ئەم حەجار باشییە مەگەر مێشکی کەری خواردووە هەروا بێ حیساب یارمەتی من دەدا؟ من نابێ ئەوەندە گێل و سادە بم. خەڵکی شار هەمیشە وا بوون. پێیان وایە ئێمەی لادێیی بەئاسانی تەفرە دەدریەین و ڕاو دەکرێین. هەی تڕڕ ئەیەڵم. ڕەحمان مەگەر لە گوێی گادا نوستووە، سەد تەڵەی بەکلک تەقاندووە. لە پڕ بەکابرای لێخوڕەکەی وت:

- ڕاوەستە دادەبەزم.

چەند هەنگاوێکی مابوو بۆ تاریکە بازاڕ، بەلای ڕاستدا ملی نا.

دوکانەکەی حەجار باشی کەوتبووە دەرەوەی تاریکە بازاڕ و لە دووسێ چاوکەی گەورە و بچووک پێک هاتبوو، لە باوکییەوە بۆی

مـابوويـەوە. باوكـيـشـى هەر بەبەردتاشـينـەوە خـەريک بوو، كـاتێک ناچاركـرا ناوی فـامـيليـای هەڵبـژێرێ حـەجـارباشی كـردە نازناوی فـاميليـايی. زۆربەی كـاروباری مـەڕمـەڕی سـاخـتـمـانەكـانی شـار و دەوروبەر لەلايەن ئەوەوە دەبڕاو دەفـرۆشـرا. بەسـەر ئەوەدا گـوێت لە دەردە دڵی گـرتبـا لە دەست بێ بـازاڕی و بێ زەوقی و كـەمـتـەرخـەمی شار دەربارەی مەڕمەڕ و بەردتاشـين.

ڕەحمان لەگەڵ حەجارباشيدا كەوتە چاک و چۆنی:

– كوڕە لە كوێـی؟ بەدواتا دەگەڕێم دەسـتی بۆ ئەوبەری شـەقـام درێژ كـرد و وتـی: دووچاو دوكـانم بۆ دۆزيـويەتـەوە، بەڕای من گـران نين. خاوەنەكەی لە پێشدا دەمی لە زۆر دەكوتا سەرئەنجام ڕازيم كرد.

– بە چەند؟

– لە پێشدا بيبينە. پێم وايە بۆ كارەكەت بە باشـی دەست بدا.

– جا گران نييە؟

هەسـتـە بابڕۆين. دەسـتـی ڕەحـمـانی گـرت و بەرەو ئەو بەری شـەقـام وەڕێ كەوتن.

دووچاو دوكـان بەسـەر شـەقـامـەوە كـەوتبـوونە دەمی چـاتمەی تـاريكە بازاڕەوە.

– هـا چۆنە؟

– ڕاسـتـت بووێت هيـچی لێ نـازانم من دەبێ ئـەم پرسـيـارە لـە تۆ بكەم؟

– دوايی بۆت دەردەكەوێ چی خزمەتێكتم كردووە.

– كە وابێ تەواو.

– تەنها یەک گرفتاریمان لە پێش ماوە. زۆری لەگەڵ دوام ڕازی نەبوو، کابرا داوای دوو ساڵ پێشەکی دەکا.

– دوو ساڵ زۆرە.. هەرنەبێت بیکاتە ساڵێک هەر باشە.

کابرایەک لەوبەرەوە بەسەر دوکانێکەوە دانیشتبوو. حەجارباشی دەستی بۆ ڕاوەشاند و بەرەو لایان هات.

ڕوو بەڕەحمان:

– ئەوە خاوەن دوکانەکەیە بۆ خۆت قسەی لەگەڵ بکە؛ بەڵام با ئەوە بزانیت یەک دوو کەسی تری بەسەرەوەیە. لات وانەبێت بەسەر دەستیەوە مابێتەوە. کابرا هاتە بەرەوە، حەجار باشی ئاماژەی بۆ ڕەحمان کرد: ئاغای حەسەنی، تەواوی مەرجەکانتی سەلماندووە یەکێکیان نەبێت ئەویش دوو ساڵ پێشەکییەکەیە. بەلایەوە زۆرە ئەگەر بتوانی کەمی کەوە.

– جا بۆ زۆرە؟ ئەم ساختمانی لای منە شوێنەکەی ئەوەندە باشە بۆ هەموو کار و کاسبییەک دەست دەدا. ئەمڕۆ بەردتاشینە، سبەینێ دارتاشین بێت یا وردەواڵە فرۆشتن بێت چوزانم سەد کاری تر. ئەم ساختمانە "موخلس الدولە"ی قاجاری دروستی کردووە، دوای ئەوەندە ساڵ سەیرکە چۆن ماوەتەوە؟

– کاکە ئاغای حەسەنی خۆ بۆ موزەخانەی نییە؛ دەیەوێ نانێک بۆ منداڵەکانی دەربێنێ. منیش دەڵێم دوو ساڵ پێشەکی زۆرە.

– باشە لەبەر ئێوە با ساڵێک بێت. دڵتان ڕەحەت بوو؟

حەجارباشی بەدەنگی بەرز وتی:

– ئەلاهومە سەلی ئەلا سیدنا مەحەمەد و ئەلا ئالی سەیدنا محەمەد. یەڵا ناوی خوای لێ بێرن.

کابرای خاوەن دوکان کلیلەکانی دا بەدەستی ڕەحمانەوە:

– خێری لێ ببینی ئینشائەڵڵا.

حەجارباشی وتی:

– بۆ پیرۆزی، یەکتر ماچ کەن، یومنی هەیە. یەکتریان ماچ کرد و ڕەحمان لێیان جویێ بوویەوە و کەوتە بیرەوە. حەجارباشی ئەگەر کڵاوت وەسەر ناوم دەست بەئاسمانەوە گریت میرازت دەگرم.

– دەی گوێی مەدەرێ ئەوە بووی بەخاوەنی دوکانیش.

– لێگەڕێ با سەرێکی لای دایەخانم بدەم. ئەی سەبری چی؟

ئەی باوا ژنی ئاوس لەو ژانانەی زۆرە. سێ سەعاتیش بەلای پەری بوڵەندەیشەوە بم یەشتا هەر بەرەژانە.

ئاسمانی شاری کرماشان تاریکی کردبوو بەفر دایدابوو ماشینەکان لە شەقامدا کەوتبوونە دژواری؛ بڕێکیان لە کەناری خیابانا خەریکی زنجیر بەستن بوون.

بڕێک لە خەڵکی کەوتبوونە جموجۆڵی گەڕانەوەی ماڵ. ڕەحمان خۆی گەیاندە ماڵەکەی دایەخانم. پەری بوڵەندە کەوتبووە خەستەخانەوە. ژنێکی دی هەڵبژارد و بەپەلە خۆی گەیاندەوە ماڵ. سەبری بەدەم ژانەوە دەپلکایەوە. بەهەر فەلاکەتیک بوو سەبری گەیاندە خەستەخانە و منداڵەکەی لێی بوویەوە. کوڕێکی بوو. کوڕە هەردوو دەستی لە بندا بڕابوو. ڕەحمان لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیوت: سەیرە منداڵی بێ دەست چی لێ کەم. مەیموون جوان بوو، ئاوڵەش دەرکا.

باوەڕ دەکەی کاتێک هەواڵی بانکی جەمشیدئابادم لە ڕۆژنامەدا دەخوێندەوە. ڕۆژنامەکە بەدەستمەوە وا دەلەرزی خشەخشی پەڕەکانی سرنجی لی لی ڕاکێشا؛ مەگەر خوا بزانێ چیم بەسەر هاتووبێت. بەتایبەت کاتێک گەیشتمە سەر ئەو بەشەی یەکێکیان ژن بووە و ئەویش بوکژی پۆلیسەکە بووە.

– ئاخر هەی حەرامزادە! مەگەر تۆ نەتوت سەفەری سەر دەریاتان خستە دواوە.

– نەتوت؟

– با وتم؛ بەڵام شەوێ تەلیفۆنی کرد و ناچاری ڕۆیشتنی کردم. تەلیفۆنم بۆ نەکردی تا نارەحەت نەبیت و بەچاکم زانی بۆخۆم بۆت بگێڕمەوە.

– دەی بۆم بگێڕەوە.

– چیت بۆ بگێڕمەوە؟ دەریا تۆفانی بوو. شەپۆلەکانی بەبوڵەندی دوومەتر دەبوون، لرفەو هاژەی خەوی لە چاو دەتاراند.

– نامەرد! چیمە لە دەریا. باسی خەوم بۆ بکە، باسی پێخەف و جێگە و ڕابواردنتان، لەو سەفەرەدا چەند جار تێهەڵچوون؟ ئەمانەم بۆ بگێڕەوە. بێ پەڕاندن، بەچڕی و پڕی.

– کچی باش ئەم قەوانە کۆن بووە؛ دوو ساڵە لێدەدرێت؛ پێت وا نییە نیازمان بەقەوانێکی تر کەوتبێت؟

- بەنەزەری ئەمیر زادە. ئاغای ئینتیزامی، چ قەوانێکی تازە بخەینە سەر لەمە لەزەت بەخشتر بێ؟ سەڵیتە خانمی دۆستت خۆ مە تێر خواردنی بۆ نییە. تەواوی کات هەردوو لنگی بەئاسمانەوەیە. دەی.. دەی بڵێ چەند جار تۆی لە خۆی نا؟ بەچی شێوەیەک؟ لە زەویدا یا سەرشۆرگە یا ناو پێخەف بەسەر مۆبلیاوە؟ فەلامەرز دەیزانی هەرکارێک پۆ و پەیوەندی بەلی لی وە بێ، یاسەمین سوورە لەسەری و کۆتا نایەت و لەسەر ماڵی دەڕوا و ئامادەی ئاژاوە و شەڕەقۆچە. لە ڕووی تاقیکردنەوەیەکی دوو ساڵەوە وەستکارانە دەکەوتە لاواندنەوە و ئارامکردنەوەی.

- هەر دەبێ بیڵێم چەند جار پێکەوە خەوتین؟

یاسەمین لەو سەری کانابەکەوە خۆی خزاندە بندەستی فەلامەرزەوە، چاوی خۆمار بووبوو. دوو دوگمەی سەرەوەی کراسەکەی تەرازاندبوو دەمی خستە نێو دەمی فەلامەرز و پچر پچر وتی:

دەی بڵێ چەند جار؟

- ئەگەر لە بیرم بیت یانزە جار.

- بەدەم مڵچەی ماچکردنەوە: دەی بۆم بگێڕەوە.. دەی دەدەی.. تەنها شۆرتەکەی لە پێدا مابوویەوە. فەلامەرز هەروا پشتی دابووە کانابەکەوە.. هەردوو پای درێژ کردبوویەوە. بەرەزوانەی پشتوێنەکەی تەرازابوو زنجیری پانتۆڵەکەشی کێشابووە خوارێ.

- حەرامزادە! نەیکەیتە یانزە بەیانزە خشتەکت دەردێنم و دەیپیەچمە دەوری گەردنتا.

- بگاتە یانزە جار خشتەکێک بەدی ناکەی تا وەدەری بهێنیت و پێچی دەی بەدەوری ملما.

لەم دوا دوایەدا یاسەمین فێری جگەرەکێشان بووبوو، دانە دانە دەیکێشا. جگەرەیەکی نابووە لادەمیەوە. پرۆزەی عەرەق لا گەردنی تەڕکردبوو. پشتی دابووە کەمەی سەریرەکەوە چاوی بڕیبووە بنمیچی ژوورەکە. فەلامەرز لەسەر پشت خومار ڕاکشابوو.. زەنگی تەلیفۆنی بندەستی سیسەمەکە لێی دا. یاسەمین هەڵی گرت: هەڵاو! تۆزێک ڕاوەستاو ئینجا وتی: جا فیملەکەی خۆشە؟ دیسان ڕاوەستا و دووبارە هاتە قسە و وتی:

– ئا دێم؛ تەلیفۆنی داخست و وتی: برادەران بوون.

– چییان وت؟

– دەیانەوێ بیان بینم. دەزانی بۆ لە بەرنامەی بانکدا نەیانهێڵا بەشدار بم؟

– مەگەر ئەوان نەیانهێڵا؟

– ئەی چی؟ من کە ئامادەی ئامادە بووم. لەبەر بێ مەشقی و نەزانینی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی.

– تکایە لەوانە گەڕێ؛ ئەوی بەئێمە کرابێ بۆ گەل و وڵاتەکەمان درێغیمان نەکردووە و ئەنجاممان داوە. با خەڵکی تر بەئەندازەی ئێمەی لە دەست بێت..

– من پێم وایە درێغییەکی زۆرم کردووە و لاشم وایە زۆر شت هەیە دەتوانم بیکەم و خۆم خەڵەفاندووە و خستوومەتە پشتی گوێ. جا بۆ لەمەولا ئەوی لە تواناما بێت دەیکەم.

– هەرچی بکەی خۆ بەکوشت دانە. تازە کەسێکی بێ تەجروبە و تازەکاری وەک تۆ چی لەدەست دێت بەئاسانی خۆت تیا دەبەی.

– بۆچی تۆ ئەوەندە بەخام و بێ دەسەڵاتم دادەنێی؟ منیش ئەوەندە

گێل نیم بیەڵم وەک مریشک دەستم وەسەر خەن. بەهەرچی باوەڕ هەیە لە مێژا دەیان لێ دەکوژم.

– تۆ دەڵێی بەڕاستتە؟

– کەس نەزانێ تۆ چاک دەزانی من ئەهلی گاڵتە و جەفەنگ نیم. بڕیارم داوە بڕۆم.

– بڕۆیت؟

– ئا، بڕۆم. تازە بەم زووانەش.

فەلامەرز بەسەر سیسەمەکەوە چوارمشقی لێی دانیشت و تاوێک بێ دەنگ بوو:

– تەشریف بۆ کوێ دەبەی؟

– بۆ ئەوروپا.

فەلامەرز بزەیەکی شاراوە کەوتە سەر دوو لێوی و نەختێکی دی لە یاسەمین نزیکتر بوویەوە و هەردوو شانی گرت و بەخۆشحاڵییەوە وتی:

– سەرئەنجام هاتیتە سەر عەقڵ و هەم خۆتت ڕزگار کرد و هەم من. لە بەیانییەوە بەزوو بۆی دەردەچین.

– فەلامەرز تۆ باشم لێوە تێنەگەیشتی. ڕاستە دەڕۆم بۆ ئەوروپا، بەڵام لەوێ نامێنمەوە وەک ئیستگایەک دوو هەفتە سێ هەفتە چوزانم دەمێنمەوە و لەوێڕا دەڕۆم بۆ عێراق.

– عێراق؟ مەگەر شێت بوویت؟

– نا بیرم لە هەموو شت کردۆتەوە؟

– لە منیش؟

– ئا، لە تۆیش. ئەگەر تۆ منت خۆش بوێ و ئەگەر عشقی وڵاتت لە دڵایە و ئەگەر ڕوحی فیداکاری لە دەروونتا زاڵ بێ بەسەر خۆپەرستی و ئارەزووەکانتا، ئەوا چاوەڕوانم دەبی.

– ئاخر عێراقی چی؟

– مەسەلە عێراق نییە. برادەران پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی "الفتح"ی فەلەستینیدا هەیە و ئەو ڕێکخراوە لەوێڕا چەندین پایگای مەشقیان هەیە و لە ماوەی سێ چوار مانگێکا دەبمە چریکێکی کارامە و وەرزیدە و دەگەڕێمەوە وڵات.

– ئاوا، یانی چوار پێنج مانگ یاسەمین خانم بەم سمت و کلۆکەوە لە ئوردوگای جەنگاوەرانا دەباتە سەر بەخوا جوانە؟

– من زۆر بەئاسایی دەزانم و بیرم لە هەموو شتێک کردوەتەوە. ئەو لایەنەی نەبێت پێم سەیرە تۆ یەشتا بیروڕای ئیلاتی و خان خانی لە دەروونتا ئازار و ئەزیەتت دەدا و لات وایە شەرەف هەر لەناو گەڵایە و بەس.

– تۆ دەتەوێ چی بڵێی؟

– چی دەڵێم؟ دەڕۆمە یەکێک لە کامپەکانی ڕێکخراوی "الفتح"ەوە.

– تۆ ئەوەت لەیەک داوەتەوە لەو ئوردوگایەدا تووشی چی گرفتارییەک دێیت؟

– وەکو چی؟

– دوور نییە بەزۆر سوارت بن.

– نای گەیەنمە ئەوەی. بزانم سوودی بۆ وڵاتەکەش هەیە، بێ زۆر و کێشە دەیکەم. من ڕوحم بەوڵات بەخشیوە تا بگاتە لەش.

– هەروا؟ یانی بەئاسانی گانیشی بۆ دەدەی؟

– بۆ نا، ئەوە نییە بەبەرچاومەوە ڕۆژانە ئازیزترین کەس لە ژیانما لە باوشی ئافرەتێکی دیدایە. هەر دوێنێ یانزە جار لەگەڵ لی لیدا ڕاتبواردووە. بۆچی ئەو ئازارە بۆ من کەمە؟. هەر ساتێکی ئاگرێکە بۆم. چی بکەم لەبەر بەرژەوەندی وڵاتەکەم تامولّم کردووەتە پیشەو سەبورانە گوزەشت دەکەم و خۆم دەخۆم و چاوەڕوان.

– ئەم بەزم و کێشەیە خۆ لە ئاسمانەوە دانەباریوە، تۆ بۆ خۆت و بۆ منیشت سازاندووە. ئەگینا ئەم بیگرەو بەردەی پێ نەدەویست. دەیویست؟

– گرفتاری من و تۆ لەیرەدایە. تو نەگەیشتوویتەتە پلەو ئەندازەی خۆ بەختکردن و ململانت لا شتێکی ناوەندییە. ئەگەر ڕووکەشانەش نەبێت، منیش ئەم هەموو زولّم و زۆرە دەبینم. ساتێکم دەردە و تاوێک یاوەو دەمەوێ لە قوربانیدانا درێغی نەکەم. گان دانیشی بوێت، دەیدەم؟

– ئەوەندە من بەکەمتەرخەم دادەنێی؟

– نا بەو شێوە تێنافکریەم. بەڵام زۆرتر دەربارەی بیروڕاو وڵاتەکەم تێدەفکریەم تا خۆمی خۆم هەر لەبەر ئەوەشە لە ئاوا هەڵوێستێکام وەک دەبینی هێندە تۆم خۆش دەوێ بوومە ژن و نەمتوانی ببمە ژنی ماڵ.

– بەم شێوە ماڵ ئاوابییە و دابڕان.

– ئەها، خۆپەرەستی و درۆ لەیرەدا وەدەر دەکەوێ. ئەوەندە من تۆم خۆش ویستووە هەرگیز تۆ وانەبوویت. ئەوەسا ئەوەندە باوەڕت بەمن نییە دابڕان ناو دەنێی ماڵئاوایی. تۆ هەوەسی خۆتە چۆنی بۆ دەچی، من مەگەر مەرگ تۆم لە بیر باتەوە..

– من ئەم تئۆریانە ناسەلمێنم. بزانە چۆن ژیانمانت کردە تراژیدی.. بەزۆر منتان هاوێژتە باوەشی "لی لی"یەوە. ئەوەسا لە چاوی زۆر کەسدا وەک دەرباربیەکی ناحەز و کاسەلێس ناسراوم. وا جەنابتیش بەجێم دێڵی. ئەویش بۆ کوێ بۆ ناو برکە و کۆمەڵێکی دڕندە و هەوەسبازی نیمچە خوێندەوار، بەناو کۆماندۆ، بۆ ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتێکدا سەدان کەسی بو دەکوژن ماڵئاوایی زەردە یا سوورە؟

– فەلامەرز! من زەمانێکە بیرم لێی کردووەتەوە و بەرنامەڕێژی بۆ دەکەم. ئەگەر منت خۆش بووێت چاوەڕوانم دەبی. ئەگەریش نا بڕۆ ئازادی، هەرچیت پێخۆشە بڕۆ بیکە.

– یانی هەر ناکرێ نەڕۆیت؟

– نا، هەر دەبێ بڕۆم، بەم زووانەش.

– یانی کەی؟

– لەم یەک دوو هەفتەیەدا.

– سەرەتا بۆ کوێ؟

– لە پێشدا دەڕۆمە ئەڵمان و لە شاری فرانکفۆرت دێنە پیرمەوە. پێم وایە لە ڕێگەی ڕێکخراوی "بادر ماینهوف"ەوە هەموو داپێویستەکانیان ئامادە کردبێت و لەوێدا بەرەو بەغدا و برادەرانی خۆمان و "الفتح" پێشوازیم لێ دەکەن. ڕێکخراویش لەیرا برادەرێکی تەرخان کردووە بەناوی "ڕەمەزان" بۆ لەمەولا ئەو پەیوەندیت پێوە دەکا لەم یەک دوو ڕۆژەدا بەیەک ئاشناتان دەکەم. فەلامەرز سەری خستبووە ناو هەردوو لەپی. یاسەمین ڕووت و قووت لە جێگە دەرچوو، وتی: قاوە دەخۆی؟ فەلامەرز وەڵامی نەدایەوە.

ئیتر بۆ لەمەولا زووزوو سەرمان لێ دەدەی وا نا مامۆ؟ دەیدەی؟

– وەنەبێ نەهاتبم، هاتووم. دەڵێی ئیتر زووتر بێین خۆ دێین.

– هاتنەکەت لەبەر حیشمەتە، نە ئێمە.

– وای لێ مەکە، هەروام بۆ ڕەخساوە. تۆ کە دەزانی من سەرتاسەری هەفتە دەستم لە گەچ و چیمەنتودایە. وا نەکەم تیاچووم. تازە خۆ ئەو دەور و زەمانەش نەماوە دەم و گیرفانی سەید گەرم کەن. سەید بەخۆیدا ڕانەگا لەبرسا مردووە، ئەم سەیدە هەر بەناو سەیدە تازە منیش سەیدێکی عەرەق خۆرم و بەزمگێڕ.

– ئاخر مامۆ! پێنج شەممە شەوی تاقوستان بێ تۆ سەفای تیا نییە. کورە هەر دیار نیت.

– پیری سەری تێ کردوم. بەناچاری هەر لە ماڵدا دەخۆمەوە. ئەوسا تۆ لەو عارەقی بەغدایەت پێ دەگەیاندم.. ئەبو.. ئەبو چی؟

– ئەبو چەلەبچە.

– ئا، ئا! ئەبو چەلەبچە. باوەڕ بکە لە پیاڵەی سێهەمدا خۆم بەئەسفەندیار دەزانی.

– تۆ وەرە من بۆت پەیدا دەکەم.

– وە ڤودگاکەوە ڕاهاتمە. تۆ دەست بدە بنباڵی حیشمەت. ئەوەسا هێناومە تا بەلاتەوە بمێنیتەوە و لەکارگاکەتدا فێرەکاری کەی. سەنگ تاشین ئایندەی هەیە.

– خالۆ! دەست و پەنجەی تەمورەژەنی و سەنگ تاشینیان نەوتووە، عەینەهو قەزوان تەقاندن و مانگا دۆشینە.

– بۆچی؟ من زۆر لە تەمورەژەنەکان دەناسم تاشەوانن، دارکەرن، چوزانم ئاسنگەرن. حیشمەتیش دەتوانێ بێ بەسەنگ تاش و تەمورەش لێدا، ئا دەتوانێ.

حیشمەت تا ئەو دەمە بێدەنگ کز و مات چوارمشقی لەلای زۆپەکەدا دانیشتبوو. لە سەرخۆ لە ژێر لێوەوە وتی:

– دوای کار بتوانم تەمورە لێدەم بەهەمووشیدا ڕادەگەم. تەمورەو، سەنگ تاشین و هەتاوەکو خوێندنیش. سەی مەجید وەڵامی نەدایەوە.. ڕەحمان وتی:

– ئا دەتوانێ.

– ڕەحمان دەزانێ حیشمەت دەنگیشی زۆر خۆشە؟

– باشە ئەمە گورز و ئەویشە مەیدان. دەی حیشمەتە شتێکمان بۆ پچڕە.

– وەتەمورەوە یا بەدەستی خاڵی؟

هەرچیت لاخۆشە.

حیشمەت دەمی کیسەی خامی کردەوە و تەمورەی لە ئامێزگرت. یەک دووجار کۆکی. بەدەنگێکی نەرم و گەرم دەستی پێ کرد:

وەهەرکەس وەتم یا ئەلی مەدەد
موهەبەتمان کردەی شەدەد
وەتیشە دایە ڕیشەمان
بەدبەختی کردە پیشەمان

لەولاترەوە شەهبازی بێ دەست، چوارمشقی دانیشتبوو. لەسەر

ڕیتمی ئاوازەکە سەرو لەشی دەلەرانەوە. سەرو گوێلاکی هەمووی بریندار بوو.

سەی مەجید ڕوو بەڕەحمان:

– ئەو منداڵە بەستەزمانە بۆ وا سەرو ڕوخساری هەمووی ڕووکاوە؟

– وەک دەیبینی دەستی نییە، پای گرتووە. کاتێک دەڕوا بەڕێگەوە. دەکەوێ. دەستی نییە خۆی پێ بگرێتەوە. زوورتر سەرو ڕوخساری لە دەرو دیوار دەکەوێ. یەکێکە لە بۆنەهاتەکانم.

– دڵم کەبابە بۆی. با دایکی زۆرتر ئاگاداری بێت، گوناحە. سەبری لەولاوە هەڵیدایە:

– بەخوا بەخوا تەواوی ماڵ و منداڵم بەلایەک شەهباز بەلایەک، هەرهاومە دەمیەوە.

– خاڵۆ لە شەهباز گەڕێ. تۆ دەزانی ئەم حیشمەتە پاشەڕۆژ دەبێتە خاوەن ئایندەیەکی درەخشان. دیارە دەنگ خۆشی ئێرسی بنەماڵەکەمانە؛ ئەوە باوکم بوو ئەوە من، وەڵا خۆ تۆیش خراو نیت؛ بەڵام حیشمەت شتێکی ترە لە هەموومان دەنگ خۆشترە.

– تۆ جارێک با بە لاتەوە بێ، تەمورەی لە کیس ناچێ، بەڵام کار و ئیش قۆناغێکە فێری بێ؛ دەبێ ئەگینا شەمەندەفەرەکە بەجێی دێڵێ و دەڕوا و ئەویش بێ دەست و پا.

– مامۆ درێغی لێ ناکەم، ئەوی پێویست بێ بۆی دەکەم خۆ ئەلحەمیلا منداڵیش نییە، وا بۆ شانزە دەڕوا. ئەوی نیگەرانی کردووم دەنگەکەیەتی و تەمورەکە. سەوادو مەوادی دەرقەد نیم. لەو ڕووەوە دەتوانێ خۆی پێ بگەیەنێت. سەنگ تەراشییە، فێری دەکەم. ئەوە ماڵ و ئەویشە ئەحواڵ سەبری درێغی لێی ناکا. شاباز قوونی دەلەرزانەوە

داوای گۆرانی دەکرد. فەرهاد و شیرین خەو خوماری کردبوون. سەرەتای ڕۆژ زوو هەستابوون، گەمەو کۆلان و هاتوچۆ ماندووی کردبوون بێ حاڵ و پەکەر ڕاکشابوون.

– مامۆ ئاخرین جار. کە ڕۆیشتووی بۆ کانی توو کەی بووە؟

– دوو مانگ لەمەو بەر.

– مەردوم چی دەڵێن؟

– چی دەڵێن؟ خوێنی ئەوکەیان خستووەتە ئەستۆت و پێشمەرگە وەک ئەوسا نەماوە، فرە زۆر بوون، ئێران بەماڵی خۆیان دەزانن. بڕۆیتە ناو سەرپێڵ لات وایە بنکەیە. هەڕەشەت لێ دەکەن، هات و چۆی ئەوێت بکردبا ئێستا کوژرابوویت.

– نەیان دەتوانی. ئەوان میوان و من خاوەن ماڵ و ساواک ئاغای هەردووکمانە.

– ئەوان هەر جێگە و شوێنێک کوردی تیا بێت بە وڵاتی خۆیانی دەزانن. هەتاوەکو کرماشان و سەحنەی لای ئێمەش و تا بگاتە زنجیرە چیای ئەسەدئاباد. دڵنیابە بکوژریەیت دەوڵەت لەسەرت نایەتە جواو. دونیا دونیای ئەوە نەماوە زندەگی سازشکارییە.

– خوا لە سوڵتان مەحموو گەورەترە. با ئەوان بگەنە ئەسەدئاباد قەینا با من بکوژرێم.

– گەورە ترە، ئا گەورە ترە؛ بەڵام حەق هەرچەنێک کۆنیش بێت نافەوتێ. تۆ ئەمرۆکە دوژمنداری، دەبێ فرە هوشیار بیت. لە با پارێز بکەی، دەیکەی؟ ڕەحمان سەرێکی لەرزاندەوە و ڕادیۆی کرماشانی کردەوە. حەسەن زیرەک گۆرانی دەچمە سەر ناڵە شکێنی دەوت. شەهباز دووبارە کەوتەوە قونە لەقە. سەبری غەم دایگرتبوو، سەی

مەجید خوماری خەو بووبوو. حیشمەت بەوردی گوێی لە گۆرانییەکە دەگرت. فەرهاد و شیرین لە چەپ و ڕاستی دایکیانا نوستبوون. کەڵەشێرێکی ناوەخت قووڵانی. ڕەحمان ڕوو بەسەبری:

– خۆ جێگەت ڕاخستووە، مامەم خەوی دێ؟

– هەر بەئێوارەوە ڕام خستووە.

٥٧

عەزیزم!

دووچاوم! بۆ وا لێم ساردی؟ چەندین جارە نامەی کەنیزیم بۆ ناردی، بەوەڵاهی! لەناو ساتا لەناو ڕۆژا لەناو مانگا، لەناو ساڵا.. لە ڕۆژگاری تفت و تاڵا وەکو ئاڵا لەبەر چاوما توفانی تاسۆت وجودم دەشەکێنێتەوەو.. کە kdز ئاسا لە دەوری باڵا و ئاڵات دەگەڕێم.

سوێن بێت بەجادووی تێفکرێن بەسومەعەی تەمەنا بەئاوینەی بێدەنگی و ئارامی، سوێن بێ بەپێکەری سەرسامی.

فەلامەرز! لەم عەرەبسانە پەرێشانم.. سوێن بێ بەتابوی زیندەگانی بەحورمەتی غەریبی تاوێک نییە لەبیرم چی. لە چیای بەرز و بوڵەندی وجودما هەسونە زیرێنەی خەیاڵت کەوانەی کێشاوەو لە ئامێزی گرتووم.

توخوا ئەگەر بڵێی ئەو خانمە غەم بزوێنە، ئاوی زەم زەم ڕژێنە، ساقی شووشە شکێنە، شەڕفرۆشە، مەیدوێنە. نا تۆ خوا ئەگەر وام پێ بڵێی! کاتێک دێمە سەرخۆما، دەنوارم بەسەر لاکێشی بیرتا بەتەواوی وجود و هەستەوە قامەتی نوێژم بەستووە.

ئازیزەکەم! وا بڕوا لە خانەقای تێفکرینا وا بوومە سوختەو خەرقەم پۆشا لە بازنەی هیچ و بۆشا دەخولێمەوە.

وەکو زامێک هەموو ڕۆژێک دەکولێمەوە، واق وڕماوم.

خۆ نازانم دەردی دڵم بەکێ بڵێم.

فەلامەرز گیان! لەم غەریبستانە نە هۆگرێ نە گوێگرێ.

قەینا تۆم بەجێ هێڵا.

لە تەجروبەی چەندین ساڵا.

لە مەنزڵگای تفت و تاڵا.

زۆر زانیاریم وەدەست هێنا. زۆر نەمامی ڕۆشنبیریم لە کێڵگەی سووری خوێنا چێنا هەر ڕووداوەو دێتە سەرما.

لە تەرازوو کێشانەدا سەرم سوڕما. ئازیزی دڵ! ئەگەر بێتو ڕۆژگاری من هەروا بڕوا...

لەش و زاتم. دەبێتە بڵێسە و دەبێ بڵێم تا بەئێستا وەک لیوانێ خوراماوە.

بێ تۆ تەنها لێی مامەوە. ساڵێکی ڕەبەقە لەم سەرزەمینە ڕووت و تەق و ڕەقە. چاوم هەر لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتە. بۆنی بەهەشتی لێ دێ ئەو وڵاتە. بۆنی تۆ، هەر بەربەیانێک ڕوو دەکەمە ئاسۆ ئاسمان هەڵدەمژم.

لێم مەگرە، قەینا لەش و ئەندام و پەل و پۆمان لەیەکەوە دوورن. باوەڕ بکە وەک دوو ڕووباری سەرشێت و کەف چەڕێن ڕوح و ڕەوانمان تێکەڵە. بەو خوایە! هەر نەبێت من پێم وایە. کاتێک پاوپل و دەست و ڕووم بەئاوی دیجلە دەشۆرم، دەکەومەوە یادی "هارون الرشید"ی ئەم شارە و دام و دەستگا و دەسەڵاتی. ئەی هارون ڕەشیدی دەرباری عشقی من! قەینا با سەدان کەنیزت لە دەور بێ و من سەورو تامولم کردوەتە پیشە. هەمیشە ڕوو بەئاسمان دەم بەدوعا دەست بەدامان قەزاوەگێڕی بالاتم، وەک با لە دەوری ئالاتم.

خۆ شەوگار بێ تۆ دەست بەئەژنۆ، ئەستێرە ژمێر یەک و دوو دە و هەزار تا بەیان گلاراومە، خەو تاراوی گلێنەی چاومە.

ئازیزم دووچاوم فەلامەرز! قەینا وەڵامی ئەم نامەشم نادەیتەوە. ئەمیش وەک ئەوانی دی با بێ خێو و خاوەن لەیراو لەوێ خۆڵاوی لێ کەون. ئامان نەیانسووتێنی با بۆکروزی کێو بەکێو هەوار بەهەوار پێم دەگەیەنێ و شکاتی بێ ڕێزی و بیحورمەتیانم پێ دەگەیەنن.

ئەویش دەزانم زۆر پابەندی زانینی بەسەرهات و چۆنیەتی ژیانم نیت و بەتەواوی خۆتت لێ کەڕ کردووم. من لە ڕێگەی برادەرانەوە ئاگاداری تەندروستی و هەڵس و کەوتی ژیانت هەم. ئەوە تۆیت لە من بێ ئاگایت و کەمتەرخەم. ڕەنگە بەپێی کێشانەیەکی ڕووکەشانەش بێت حەق بەلای تۆدا چەرخێت. بچەرخێت یا نا بۆ خۆم حەق بەتۆ دەدەم و سەرەڕای ئەوە، بەپێویستی دەزانم تۆزەکێک لە بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە.

ئازیزی دوور و نزیکم!

ئەوی بەسەر مندا هاتووە، وەنەبێت لە ئاسمانەوە کەوتووبێتە خوارەوە. نا من بەرەو ڕووی ڕووداو ڕۆیشتووم و خۆمم هاوێژتوەتە ناو کوورەکەیەوە. ڕاستە ئازار و ئەزیەتێکی زۆرم چێژتووە، ئا چێژتوومەو لێیشی پەشیمان نیم. ئەوی منی هاڕاندوەتە سەر یەکدا تەنها دووری تۆیە و بەس. ئەوە بۆ دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی میهرئاباد لەیەک جوێ بووینەوە، وەک ئازیز مردوویەک تا شاری فرانکفۆرت کوڵم دانەدەمردەوە. ڕاست دەکەی دەمتوانی نەڕۆم و پێکەوە باینا؛ بەڵام گڕی نێو دەروونم لە ئاگری دڵم بلێسەدارتر بوو خۆم و دڵم کردە قوربانی بیروڕاو داهاتووی وڵاتەکەم. لەم ڕوەیشەوە زۆر دواوین.

گەیشتمە فرانکفۆرت، لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت دوو برادەر چاوەڕوانیان دەکردم. لە ئەورووپاش زۆربەی برادەران ژیانێکی دەستەجەمعییان هەیە. ژوورێکیان بۆ تەرخان کردم. لەوێڕا برادەران ڕابواردن و سیاسەتیان تێکەڵ کردووە. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ویستیان باسم لەگەڵا بکەنەوە، یەکێک و دووان و سیان دەعوەتیان لێی کردم بۆ دیسکۆ و ڕستوران و چوزانم شتی تر ئەو چوار پێنج مانگەی لەوێ بووم یەک دوو جارێک لەگەڵ چەند کەسێکی ئەڵمانیدا کۆبووینەوەو دوایی بۆم دەرکەوت ئەوانە ڕێکخراوی "بادر ماینهوف" بوون. لە ئەڵمانیا و ئەملاولادا دام و دەستگاو دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و خۆیان بەپشت و پەنای ڕێکخراوی خۆمان دادەنێن. ئەو چوار مانگەی لە ئەوروپا مامەوە، فێری زۆر شتی کردم. زۆر کەیل و کێشانەم دووبارەو چەند بارە پێوا و دام لە تەرازوو. وەک هەمیشە تای تەرازووی پڕ نارەوایی وڵاتەکەم بارمتە بوو بۆ بەردەوامیم و تاوسەندنی دەروونم و گوڕ تازەکردنەوە. سەرئەنجام دوای ڕەزامەندی ڕێکخراوی "الفتح"ی فەلەستینی، ڕێگای بەغدام گرتە بەرو لە فرۆکەخانەی "المثنی"ی بەغدا دابەزیم. دوو لە برادەران و کابرایەکی عەرەبی دەستگای "مخابرات"ی عێراق، چاوەڕوانیان دەکردم. کەسیانم نەدەناسی؛ بەڵام ڕاستەوخۆ منیان دەستنیشان کرد.

چاوەکەم فەلامەرز!

زۆر سەرت نایەشێنم، بەڵام ناچارم ڕاستەقینەی ژیانم بخەمە بەر دەستت. دوای حەفتەیەک لەگەڵ دوو برادەری دیدا ڕاسپاری دەوروبەری شاری عیمارەیان کردین. لە کەمپێکی مەشقا جێگیر بووین دوومانگی ڕەبەق بەمەشقی جۆراوجۆرەوە خەریک بووم. لە

دەمانچەوە بیگرە تا کلاشینکۆف و نارنجۆک و دروستکردنی بۆمبا و تەقینەوەی جۆراوجۆرەوە خەریک کرام و ئێستا شارەزاییەکی باشم لەوانەدا پەیداکردووە.

داوام کرد بگەڕێمەوە بۆ وڵات. ڕێکخراو نەیهێڵاو بڕیاری دا جارێک لە ڕادیۆ فارسییەکەی بەغداد بمێنمەوە تا دوایی. ئەوە حەوت هەشت مانگە لەو ڕادیۆیەدا بەنووسینەوە خەریکم.

فەلامەرز خان!

من ناخ و دڵم برژاوە، ئا برژاوە. ڕەنگە بەدژوار جارێکی دی من و تۆ وەک جاران سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە. نازانم ڕێکەوت، سەرنویشت و هێزی هەڵکەوت. تاوان لەهەرکوێ بێ و من بەدوایدا ناگەڕێم؛ بەڵام لام خۆشە ئەوە بزانی تا بەئەمڕۆ سالم و دەست لێ نەدراوم، باوەک دەوروبەرم پڕە لە لاشخۆر و چاوباشقاڵ و بۆش و بەتاڵ. یەشتا لنگم لە لنگی کەس نەکەوتووەو لەگەڵ خۆما لەگەڵ نیازی لەش و حەزەکانما توانیومە بەربەرەکانی بکەم و ژانی تەنهاییم بەدەواو دەرمانی تامولّ و سەور تیمار بکەم. دەکۆشم بگەڕێمەوە بۆ وڵات. ڕێکخراو نایەڵێت، پێی وایە مانەوەم لە ڕادیۆدا سوودبەخشترە. وا دەبینی ماومەتەوە. من نازانم برادەران دەنگ و باسی منت پێ دەگەیەنن یا نە؟ ئایا بەدوای دەنگ و باسما دەگەڕێیت و هەواڵەکانی منت پێ دەگا. یا بەلاتەوە بەشێکم لە ڕابوردوو؟ وەک لە مێژدا لەم ڕووەوە زۆر دواوین من باوەڕم بەسەرنویشت و بەخت و نووسراوی ئەزەلی و ئەم جۆرە شتانە نییە. ئەوی لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدا ئاکامی ڕەفتار و کردار و گفتاری کەسایەتی خۆیەتی. من تاوان ناخەمە سەرکەس. هەرچیم بەسەردا هاتووە زەڕەیەک دەستی

ڕێکەوتی تیادا نییە. لە ڕووی لەیەکدانەوەوە کردوومە. سا هەنگاوەکانم ئاڵتی هێنابێ، شتێکی ترەو ڕۆژگار کەمی ڕۆیشتووەو زۆری ماوە. نازانم لەگەڵ لی لی خانمدا گەیشتنە کوێ؟ ئایا ئاش هەمان ئاشە؟ یا گوڕو گڕی لی لی خانم دامرکاوەتەوە؟ ڕەنگە بڵێی ئەم کابرایە یەشتا هەر دەستبەردار نییە و لەسەر ماڵی دەڕواو لەسەر چی کەیل و کێشانەیەک هەڵی دەسەنگێنێ و دەینرخێنێت. هەرچیم پێ بڵێی ڕەوایەو حەقە؛ بەهەرحاڵ بەو بایە دەژیم لە ئێرانەوە دێ و بۆنی تۆی پێوەیە. توخوا بۆ جارێکێش بووە وەڵامم بدەیەوە.

شاری بەغدا

یاسی

ئەوی ڕاسـتی بێت لام وا نەبوو کـاتی ئەوەت هەبێت خـۆت بەکـتـاو خوێندنەوە خەریک، کردبێت.

– ڕاستەوخۆ بیڵێ لام خۆشترە؛ شەرم مەکە.

– شـۆخی ناکـەم. وام نـەدەزانی ئەهلـی خـوێندنەوە بیت. ڕەنگە زۆر کەسی تریش هەر وەک من تێفکریەت.

– دونیـا هـەروا بووە؛ زۆربـەی زۆری خـەڵکی گا بـەگونا دەناسن. وا بڵێ خـەڵکی دەڵێت ئافـرەتێکی وەک لی لی چیـیـەتی بەسـەر کـتـاو و خـوێندنـەوە و بیـروڕای ڕۆشنبیـری. خـوا پێداویکی وەک مـن لە کوێڕا دەگاتە ئەوەدا، تا ئارایش و جلوبەرگ و ڕابواردن وەستـابێت، لی لی و چینی لـی لی، توخنی کـاروبـاری ڕۆشنبـیـری نـاکـەون. ئەم جـۆرە تێـفکرینـەم لە کـەسانی تـریش بیـسـتووە. بێ شـک ئەمـە زوڵمێکە لە زوڵمـەکـان، نـازانم بڕێک کـەس بۆچ لای وایە سـەودا و ڕۆشـنبـیـری و زانین و خـولقـاندن هـەر هی چینێکە و ئەوانی تر فـڕیان بەسـەر کاروباری ڕۆشنبیری و سازندەکیەوە نییە و نیشە. زۆرتر لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا تێ دەفکریەن. ئەم جۆرە تێفکرینە تفەنگ بەتاریکییەوە نانە و تۆمەتیشە، تۆمەت.

– تۆ لە پرسـیـارەکـەی من زوێر مـەبە. مـن بۆ خـۆمـیش تووشی ئاوا تۆمـەتێک هاتووم. ئەوانەی زانیـویانـە بەندە لـە بنەمـاڵەیەکی کـۆن و گـەورە و دەوڵەمـەندم، لایان سـەیر بووە لە کـاروباری هونـەریدا لەوان

چاکـتـر و حـسـاوی تر تێـفکراوم؛ وەک وابێت هونـەر و خـوڵقـاندن تەرخـانی چینێکی تایبـەتـە و لە ئەزەڵەوە قـەواڵەی بەناوی ئـەوانەوە نووسـرابێت. بەدبەخـتی لەوەدایە ئـەوانەی وا خـۆیان بەڕۆشنبـیـر و چاوسـاق دادەنێن، ئەوانە پەرچەمـداری ئاوا تێـفکرینێکن، کەم و زۆر بۆیان چووەتە سەر.

– بەڕای من ئاوا بۆچوونێک لە خـۆڕا نەبوەو زۆر لەوانە بێ ئەوەی بەخـۆیان بزانن دەروونی نـووسـتـوویان دەست خـەڕەی فـرەشـتی شاراوەیە؛ وەک فـەرهەنگ و ئایین و گیـروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئاداب و نەرێتی هـەزاران ساڵەی جۆراوجـۆر. کورە ئەوسـا ئەوروپاییـەکانیش هەروا تێ دەفکران تا بەئەمـڕۆیش لەو وڵاتـانەدا پەیڕەوانـی ئاداب و نەرێتی و هەروەها مەسیحیەتی توند و تیژڕەو یەشـتا زۆرن. ئەگەرچی لە مێژەوە کەسان و کۆمەڵگا ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان دژ بەسفتی و سەختی کلیسـاو پیاوە تیژڕەوە ئایینیـیەکان ململانێکی سـەختیان ئەنجـام داوە دژ بەدەقـە ناسـراوەکـان و هەتاوەکـو پێـیـان وابووە فەلسفەی مێژوو بۆ خۆی بەکۆمەڵێک تاوان دەدەن لە قەڵەم و دەڵێن:

" ناگونجێت لەگەڵ تێڕامانێکی تێربووی ڕۆشنبیریدا... لاشیان وابوو مـرۆڤ بۆخـۆی گـیـانداریکی لەناوچووە و یاسـا زۆرشـتی بەسـەردا چەسپاندووە... یاوەکو دەیانوت داخوازی و نیازە.

بیـروڕا پێک دێ نێ، نەک بیـروڕا، نیـاز. لەو وڵاتانەدا لێـهاتووان زۆر شـتیان شی کردوەتەوە لە تئـوریە ئابوورییەکانی مارکسـەوە بیگرە تا مـامـەڵەکـانی فـرۆید و سـەودا سـەرییـەکـانی داریۆن و سـەرئەنجـام بۆچوونەکانی دورکهایم دەربارەی زانیاری کۆمەڵایەتی و هەروەها زۆر بابەتی تر. ئەوان لە پێش ئێمـەدا زۆر لە گرێ کوێرەکانیـان کردوەتەوە،

بەئاسانی ناچنەوە ژێر قسەی پێشینان و بیکەنەوە ئەلگوی ژیانیان.

– لی لی خانم! با ڕاستگۆ بم. قەت وام نەدەزانی بەم وردەکارییەوە لەو باسە قووڵانە بدویت.

– دەی، دەتەوێ بڵێی لی لی تەنها پابەندی خۆ ڕازاندنەوە و نێو پێخەفە و بەس، نا؟

– نا وای لێمەکە. سەرەتا بەجۆرێکی تر تێدەفکرام؛ بەڵام چەند جارێک بڕێک کتاوی مێژوویی و کۆمەڵایەتیم لە ژوورەکەتا وەدی کرد بیرم گۆڕاو وردە وردەش لەم دوو ساڵەدا زۆر شتم بۆ دەرکەوتووە.. ئەوەندەش بەبێ وژدانم دامەنێ.

– ئەی زاڵم!

– تۆیش لە جیای مندا بایتا هەروا تێ دەفکرایت. ئاخر ئافرەتێکی وەک تۆ جوان و شۆخ و شەنگ و دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووی هاودەمی شابانوو، کەی کات و ساتی ئەوەی هەیە بڕواتە دونیای مارکس و ڤولتێر و فرۆید و چوزانم نیتشەوە؟

– خۆ حەق بەتۆیە؛ منیش لە جیای تۆ باما هەروا تێدەفکرام. زۆربەی خەڵک بەچاوێ تێدەفکرێت. کەسێکی وەک من ڕەنگە شانس و ڕێکەوت بڕێک شتی بەئاسانی خستووبێتە بەردەستی؛ بەڵام من لەگەڵ خۆما لە فەرتەنەیەکی زۆردا بووم. حەڤدە هەژدە ساڵان بووم لە شارێکی گەورەی وەک پاریسدا ژیاوم. ژیانی نامۆیی نێو وڵاتان گەنجان تووشی گیروگرفتی زۆر دەکا و دەخاتە هەڵە و تەڵەوە. ناڵێم خاوێن و بێگەرد بووم، نا؛ وەک هەر کچێکی ئازادی ئەم سەردەمانە هات و چۆم کردووە و کۆلێژم تەواوکردووە و هات و چۆی گالیرییەکان و پابەندی هونەرە جوانەکان و شانۆیەو موسیقاو ئۆپیرا بووم و ئەوی

پێم وابووە دەست وە بندەســـتم دەناو بەر پێم ڕۆشن دەكـــاتەوە، كـردوومـە و هەر نەبێت كـۆشاوم بیكەم. دۆست و دوژمن زۆریان لێ خوێندووم و ویستوویانە سەر شاخم بگرن و بەن و باوی زۆریشیان وەدوا خســتووم. بەڵام بێ دەربەست، یەک هەناسـە چون تێ فكراوم واش هەنگاوم ناوە. ئەم میللەتی ئێمەیە جارەوبار ناحەقانە زۆرشت دەكاتە بنێشـتـە تاڵەی دەمی خۆی و زۆریش ناخایەنێت دەیبـڕێ و دەشی دووڕێ و دەیخاتە سەر ڕەفەشەوە. لەم قسانە گەڕێ دوا دەنگ و باسی یاسەمینم بۆ بگێڕەوە. زۆرم بیر لێی كردوەتەوە ئەو كچە لە ڕووی چ لە یەكدانەیەكەوە وای كرد و تۆی بەجێ هێڵا؟

– منیش بەوردی نازانم بۆ وای كرد؟

– بێگومان پای پیاوێكی تر لە مەیاندایە؛ ئەگینا ئەوی تۆزەكێک هۆش و هەڵسەنگاندنی هەبێت و نەختەكێک زەوق، فەلامەرزی من بەجێ ناهێڵێ، دەهێڵێ؟

– بیروڕا جۆراوجۆرە، هەواو هەناسە جیاوازە، هەموو شت شیاوە ئەو لای وابوو درێژە بەخوێندن بدا باشترە تا منداڵ و ماڵداری. با ڕاستگۆ بم لەگەڵتا زۆریشم هەوڵ دا تا وا نەكا، نەیكرد كە نەیكرد.

– لاچۆ لە یاســـەمــــینیش گـــەڕێ. لەوە دەڕوا لە دەرباردا گۆڕانكارییەكی بەربڵاو بكرێ.. لات خۆشە هەر لە دەربارا بمێنێیتەوە یا لە دەرەوەی دەربارا كـــارێكی گـــەورەتری نان و ئاودارترت پێ بسپێرن. هەركامیانت بەدڵ بێت بۆت دەكرێ.

فەلامەرز تۆزێ سلوكایەوەو ماتی دایگرت و بێ دەربەستانە وتی:

– چ جۆرە گۆڕانكارییەک؟

– وەک دەزانی ئاغای عەلەم نەخۆشەو زەمانێكە كاروباری دەربار

تەق و لەق بووە و شابانو لێی ڕازی نییە. باوەک شاهەنشا بۆ خۆی دەستبەرداری ئاغای عەلەم نییە و نابێ، بەڵام خۆ بەزۆر نابێت؛ حەز شتێکە و نەخۆشی شتێکی ترە، مەرگ لە مەیدانایە.

ئاغای عەلەم لە ئەمڕۆ سبەینێدایە. دوکتۆرەکان جوابیان کردووە. شێرپەنجە جەرگی داڕزاندووە. مەحاڵە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دەرباردا نەکرێت.

– ڕاستت بوێت بەلای منەوە نزیک لە تۆ بوون بۆ من هەموو شتە، نایگۆڕمەوە بەگەنجی دونیا. من هیچم نەکردووە، چەندین دوژمنم بۆ دروست بووە. وەی لەو ڕۆژەی ئیشێکی نان و ئاوداریشم پێ بسپێرن.

– وتراوە پیاو لە گەوادی بترسێت ژن ناهێنێ. ئەوەندە لە یەکی مەدەرەوە. من ژنێکم بەحەق و ناحەق سەدان دۆست و دوژمنم بۆ پەیدا بووە. حەز و چێژی ژیانیش لەو هەڵسوکەوتەدایە.

– وەنەبێ منیش حەزم لەو ململانە نەبێت؛ بەڵام دووری تۆم پێ ناکرێت، لە خۆت توورم دەخەیتەوە؟ دەتەوێ بۆ کوێم بنێری؟

– بۆ کوێت بنێرم؟ گەوجە لام خۆشە وەکو بۆن لە نێو ژانتا دەستییەکەمدا بیت، وەک با لە هەناسەمدا و وەک مەمکدانیش بەسەرسنگمەوە بیت. هەم بڵێم؟

فەلامەرز بێ ئەوەی لا بەلای لی لی وە کا وتی:

– ئەمەیانم زۆر لا خۆشە. بەڵام نەتوت چ جۆرە کارێکی تازەم پێ بسپێرن؟

– وەک بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای خاویار و ماسی دەریای قەزوین. یا سەرپەرشتی نمایشگای بازرگانی، چوزانم مودیر گشتییەکی وەزارەتی بازرگانی، کارێکی وا.

– ئەمانەی وا وتت هیچیانم بەدڵ نییە.

– کورە تۆ لە کوێی کاری؟ ئەو پۆستانە سەرقوفڵیان هەیە. خەڵکی سەرو دەست دەشکێنی بگەنە ئەو جۆرە کارە نان و ئاودارانە، هەزار گەوادیشی بۆ دەکەن.

– خـــۆ ئەوەی دەزانم. زۆر شت بەدەست دێنم، بەلاّم ترسی لە دەستدانی تۆیشی تیا دایە، بۆیە پارێزی لێ دەکەم. ڕەنگە تووشیشم کەن. ئاخر گەوادی بەهەموو کەس ناکرێت، دەکرێت؟

لی لی لە پشتی مێزەکەیەوە دوو پەنجەی شایەتمان و تەنیشتی خستە سەر دوو لێوی لە دوورەوە ماچێکی هەوایی بۆ نارد و تەلیفۆنە سوورەکەی نێو تەلیفۆنەکان زرنگایەوە؛ لی لی زانی لە لایەن شابانوووەیە، وتی:

– وا هاتم ئێستا دەگەمە خزمەتی... هەستاو بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– ئێوارە چاوەڕوانتم.

بێستوون غەم نیشتبووە کۆڵی؛ کەمەربەندێکی تەم، ناوقەدی داپۆشیبوو. هەرچی خۆی ڕادەوەشاند، باشتر چنگی لە پشتوێنی گیرتر دەکرد. سەرپۆپەکانی مەغروورانە چاوی نوارِینیان بڕیبووە شار و سەرتاسەری ڕابوردوو لە گلێنەیدا ملقی دەدا. کرماشان لە دامێنیدا وەک ئافرەتێکی سەلار ڕاکشابوو. هاژەیەکی کوتوپڕی با و گەردەلوولی بەفر هاتە گوێ و چاو؛ وەک وابێت بێستوون هەناسە هەڵکێشێت و داخ و ئاخ بۆ نازداران و دەسەڵاتدارانی دەور و بەری بخوا و بڵێ: ئای بۆ ئەوسا! پیری زەمان بێستوون بۆ خۆی خودی گەردوون بوو. ئەو دەیزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان پرشە و تیشکی هەتاو بەڕاسەریەوە ڕادەوەستاو زیندەگی ڕایەڵی چوارتەنیشتی دەکردو تەندروستی و دەم ڕاستی دەکردە خوو و خسڵەتی دەوروبەری. ئەو دەیزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان دۆڵ و دەربەندو دامێنی هەوارگەی پەری و پەریزادەکان و قارەمانە ئەفسانەیییەکان و گیان لەبەرە ئاسمانییەکان بووە. ئەو دەیزانی کاتێک ئاهورامزدا ماندوو دەبێ لە چرِستانی ئەودا هەنوز و ئۆقرەی دەگرت و دەحەسایەوە و دووبارە چرای ئەبەدییەتی هەڵدەگرت و سواری گالیسکەی ئاگرین دەبوو، ئاسمان پێوانی دەست پێدەکردەوە. ئەو دەیزانی ڕۆژگارێک دەسەڵاتدارانی خەڵکی دەوروبەری میر و چاوساقی گەلانی دوور و نزیک بوون و ڕم و سەرەنێزەی "ماد" ئەوەندە چوارتەنیشتی گرتبووە خۆ خۆری لێ ئاوا نەدەبوو.

ئەوە بۆ وا کرماشان زەبوونانە ڕاکشاوە؟ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەس نەبوو؟ لەعنەت و نەگبەتی کۆرشی باپیرە کوژ یەشتا دامێن گیری پاشماوەکانی "ماد"ە. دەستی ڕێکەوت ماوە و مەودای نەداوەتە کاردۆ و کاردۆخ و سەرئەنجام کورد. ئەوە نییە لادێ و دەوروبەری کرماشان و خودی شاری کرماشان لە بێ دەرەتانیدا گێژ و وێژن. ئەوی گەردە لێیان نیشتووە، ئەوی دەردە دیویانە و سەبوورانە زووخاو چێژن.

– حیشمەتە! حیشمەت! لەو سەربانە وەرە خوارەوە. هەرچی دەر و دراوسێمان هەیە ئێژن بەدەم درەنگە درەنگی حیشمەتەوە ژیانمان نەماوە، ئاسایشمان لێ بڕاوە. ئەم تار لێدانە بەس نەبوو؟ ئەم لۆتی بازاڕییە تا کەی؟

حیشمەت زۆرتر لەبەر ئازار و ئەزیەتی شەهباز خۆی دەگەیاندە سەربان. ئەو لەبەر بێ دەستی نەیدەتوانی بەسەر پلەکانەکەدا سەرکەوێ، بەدەوریا بچەرخێت. دەنگی تاری بوو بووە زەنگ و هەر بیبیستایە لەسەر یەک پا سەمای دەکرد، جارەوبار تەرازووی تێک دەچوو، زرمەی لێ هەڵدەستا و بەلادا دەکەوت و دایکی بەڕۆڵە ڕۆ خۆی پێ دەگەیاند. شەهباز سەروگوێلاکی پڕ لە زام و زامەکانی برێکیان توێژیان گرتبوو، برێکی دییان زیچکاوی لێ دەهاتە خوارێ. هەر بکەوتابا زۆرتر سەری لە دار و بەرد و دیوار و زەوی دەکەوت یا زامێکی تازەی لێی دەڕوا یا زامێکی دەکولایەوە. سەبریش دڵ و دەروونی دەکەوتە کوڵان و جۆش و خرۆش.

– ئابجی! دەرو دراوسێ بۆ لە من ناڕەحەتن؟ دەبێ برۆن شوکری خوا بکەن هونەرمەندێکی وەک من بەخۆڕایی و موفت و بێ بەرانبەر

موسیقایان بۆ لێ دەدا. ئەگەر بێ زەوقی نەبێت، بۆ پێی نیگەرانن؟

– تۆ تەواوی کار و کاسبیت خستووەتە سەر ئەم لۆتی بازاڕییە. پەیوەستە ئەم تارەت لە ئامێزە. بەزەیییەکت بەشەهبازی بێ چارەدا بێتەوە.

– ئابچی! ئەمڕۆ هەینییە، خۆرەتاوە و بێستوونیش هەور دایگرتووە. نازانی کە بێستوون دەبینم چ عشق و سەودایە دەکەوێتە ناخ و دەروونمەوە.

– ڕیامە عشقا. ئەم قسە قۆڕانە قسەی ناو کتاو و قرائەتن.

– وەڵا خۆ هەرکەسێک وا بڵێت تۆ نابێت بیڵێیت. بەلای خۆتەوە بەعشقەوە شووت کردووە و تەواوی پیاو ماقووڵانی لای ئێوە زمانیان مووی دەرهانی تا تۆ و کا ڕەحمان بەیەک گەیشتن. سەبری هاتبووە سەر کوانوی کوژاوە و ژیلەمۆی عشقی سەرو ژێر دەکرد و بێدەنگ دەینواڕییە پەیوەند و تێ هەڵچوونی دزی و ئاشکەرای ڕەحمانا و لەیراو لەوێ باسی ئەڵواتی ڕەحمانی بەگوێ دەکەوت و خۆی لێ کەڕ دەکرد و بێدەنگ و دوور لە کێشە، سەبوورانە قووتی دەدایەوە. باوەک چەند جارێک درکاندبووی و یەک دوو هەفتەیەک جێگەی لە ڕەحمان جوێ کردبوویەوە، تووشی خوریان و ئاڵوشێکی ژنانە هاتبوو دوکتور پێی ڕاگەیاندبوو کە لە پیاوەوە تووشی هاتووە. کاتێک باسەکەی لای ڕەحمان درکاند سوێنی بۆ خواردبوو کە پاک و خاوێنە و هەمان قەوانی بۆ لێدەدا کە لەبەر ئەو لە دین و ئایینی باو باپیرانی هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بەموسڵمان و تازە چوار ژن هێنانیش لە نێو موسڵمانانا ڕەوایە و ئایین دەیسەلمێنێت؛ ئەگەرچی ئەوەیانی دەکردە گاڵتە. سەبری دەیزانی ڕەحمان پەیڕەوی هیچ دین و ئایینێک نەبووە و

نیشە. بەلای ئەو دوور نییە لە مەرجەکانی ئایینی ئیسلامدا تەنها ڕەوابوونی چوار ژن هێنانەکە ئەنجام بدا و بەس.

فەرهاد خۆی کرد بەمالا. دایکی بەتووڕەبوونەوە ڕۆیشتە پیریەوە:

– مەگەر بڕیار نەبوو بەلای مامۆستاوە بیت.

– با ڕۆیشتم، وتیان مامۆستا ئەمڕۆ ناساغە و شرینی خوشکی هاتە جواو:

– ئەو هەفتەکەش ناساخ بوو؛ ئەمە چ جۆرە مامۆستایەکە هەر وەختی تۆ دەڕۆی بۆ لای ناساغە؟ فەرهاد بەئالۆزییەوە ڕوو بەڕووی شرینی خوشکی چوو، پەنجەی شایەتمانی ڕوو بەڕووی کرد وتی:

– تۆ بۆت نییە خۆت بقورتێنیتە نێو کاروباری مندا. جارێکی دی دەمت دەدڕم. تێگەیشتی؟ سەبری کەوتە نێوانیانەوە. ئێ چی وتووە؟ ڕاست دەکا ئەو هەفتەکەش وات وت، مەگەر نەتوت؟

– چی بکەم؟ خەتای من چییە نەخۆشە؟ خوا بکا هەڵنەسێتەوە شیرین لە پشتی دایکیەوە سەری وەدەر هێناو وتی:

– جا نەخۆشە؟

– دەبا بڕۆین بۆماڵیان.

– ئەگەر نەخۆش نەبوو چی؟

– ئەو کاتە، هیچ.

– نا، فەقەت ئەوەیە درۆزن دوژمنی خوایە..

فەرهاد ئالۆزانە قیڕاندی:

گوێت لێیە چی دەڵێت. پەلاماری شرینی دا. شەهباز ناوچاوی دابوو بەیەکدا. ترس و تۆقیان و نیگەرانی بەڕوخساریدا دەبینرا. حیشمەت

کەوتە ناوبژی کردن و دەست و بازووی فەرهادی گرتبوو. دایکی سنگی دابووە بەر فەرهاد.. دوو مەمکی کەتەی شۆڕەوە بوو. هەمان سنگ و مەمک ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕفرۆشانە لەژێر کراسەوە خۆی دەردەخست و شەپۆلی هەوەس ئەنگێزانەی دەخستە ڕوانگەوە. سەبری دوو دەستیشی بڵاو کردبوویەوە:

– با باوکت بگەڕێتەوە، ئەو کاتە تۆ و. من...

– کوڕە دەلاچۆ، باوکت.. باوکت. ئەوپەڕی ئەوەیە دوو زللەم لێ دەدا و تەواو. بەخوا لە هیچ کەس ناترسم، هەتا وەکو ئەویش.

– ئاخر زەمانە! بزانە ئەم بنگوسە بالایە چی دەڵێت؟

درا لە دەرگا، لە بیرت نەچێت چیت وت. ئەوسا هاتەوە.

فەرهاد لە گۆشەیەکەوە دانیشت، حیشمەت ڕۆیشت دەرگا بکاتەوە. سەبری و شیرین هەروا ڕاوەستا بوون. شەهبازیش بەرەو لای دەرگا ڕۆیشت.

ڕەحمان هاتە مالا. شەهبازیش بەغەڵپە غەڵپ ڕۆیشتە پیرییەوە. ڕەحمانی تیگەیاند شتێک ڕووی داوە.

– ها، هەم چی بووە؟

کەس وەلامی نەدایەوە. سەبری هەردوو دەستی بەسەر سکییەوە گرێ دابوو، مەلوولانە دەینواڕی. ڕەحمان نەڕاندی: دە بڵێن چی بووە؟

سەبری لەژێر لێو وەلامی دایەوە:

– شتێکی وانییە فەرهاد و شیرین دەنگیان دەرهات.

شیرین تێی هەڵقونێ:

– خەریک بوو لێم دا هەر لەبەر ئەوەی وتم ئەمڕۆیش نەچووەتە لای

مامۆستاوە. فەرهاد بەقیرەوە:

– خۆ هەر من نەبووم. ئەگەر درۆ بکەم خوا کوێرم کا، باوەڕ ناکەن با بڕۆین بۆ لای مامۆستا.

– ئاخر ئەگەر درۆ بکەی هەرچی گیانت هەیە دەیشکێنم. هەستە بابڕۆین.

فەرهاد بەمنە منەوە وتی:

– لە ڕێگا "بابەک"م دی دەگەڕایەوە. ئەو وتی مامۆستا نەخۆشە.

ڕەحمان بەتەواوی تواناوە "شەپەلاخ"ێکی ئالآندە بناگوێیدا. توولە سەگی حەرامزادە! "بابەک"ت دی گوو بەگۆڕی باوکی خۆت و بابەک تیش. ناخوێنی بەقیرو سیا مەخوێنە. لە سبەینێوە دەتبەمە دوکان بۆ بەردتاشین. قوتابخانە و خوێندنت لێ دەکەمە خەو. زۆر نییە هەر ئەوەندەت لە باردایە، تۆیش وەک من، مەخوێنە. نەمخوێند لەبرسا مردم؟ شەرت بێ بەئەندازەی هێسترێکی هەورامی کارت لێ بکێشم.

سەبری خۆی پێ ڕانەگیرا: جا ئەگەر مامۆستاکەی نەخۆش کەوتووە خەتای فەرهاد چییە؟

– هەم گووت تێکردەو. ئەم کوڕە بێ ڕەشم و لەقاوە ئەبێت لەقاو لە دەمی خەم. دەشی خەم، ئا دەیخەم.

– زۆرمان لە ڕەشمۆو لەقاو بردووەسەوە. یەشتا وازی لێ نەهیەنین؟

– هەرچیم هەیە هی سەردەمی ڕەشمۆو لەقاوە؛ ئەگینا ڕووتەیەکی وەک من دەگەیشتە کوێ، ئا دەگەیشتم؟

– ڕاست دەکەی. ئەوە عومرێکە لە کەس و کارو خویش و دیارم دابڕاوم. ئایەو مایەم هاتووەتە سەر ئەم سێ منداڵە. شەهبازیشیان

بەو کولەوارییەیە وا دەیبینی. خوا تۆڵەم لێ دەکاتەوە، تۆڵە، تووڵەی خوایە.

– ئوهو هەم بەزمەکەیە. بەپێچەوانەوە دەبوا ڕێزت لای پەروەردگار ئەوەندە بوایە دوعات لە هەرکەس بکردبا بتکردایەتە سەگ. غەیرە دینێکت کردووەتە موسڵمان ئەمە کەمە؟

– جا تۆ دەزانی دین و ئایین چییە؟

– سەبری خانم! لێم گەڕێ. ماندوو و مردووم ئەوەندە سەنگم تاشیوە، لێم نەگەڕێی بۆی دەردەچم.

– جارێک شەو نەهاتووە با تاریک دابێ. ئەو حەلە یەشتا زۆری ماوە تا بگەیتە خزمەت فەرنگیز خانم.

– وتم دەڕۆم، ها؟

– جا کەی نەڕۆیشتووی؟ جندەکان چاوەڕوانن. فەرمووبڕۆ دڵیان مەشکێنە. ئەوەسا ژانتاکەت دەرپاکەی منی تیادایە، بۆ وەستاوی؟

– جا بۆ شوکری خوا ناکەی من ئەوەندە تۆم خۆش دەوێ لەگەڵ هەر ژنێکدا ڕابوێرم ئەگەر لە پێشدا دەرپێی ژنانەی کوردی لە پا نەکا زەوقم هەڵناسێت، دە بڵێ کوردی باش نیم؟

– ئەی بەزەقنەبووتت بێت. ئینشائەڵڵا دافەرەقیەیت، داڕزیەیت. نا پیاو!

– فڵتە فڵت.

٦٠

له شه‌وی تاریک و تارا
له سیمفونیای ده‌رد و ئازارا
له ناو شارا
پڕ پێچ و خه‌م
مار ئاسا لوولی ده‌خوا دیجله تێکه‌ڵ به‌غه‌م
ده‌ڕوا و ده‌ڕوا
که‌ساس و په‌ژموورده و بریندار
خه‌رامان خه‌رمان بێ زمان.. زه‌مان ده‌یه‌وێ چو ئافره‌تێکی سه‌لار
ئاغر.. ئاغر هه‌نگاوی ده‌ناو ده‌چوو سه‌ربه‌ره‌و خوار
به‌لایه لایه‌ی سه‌رده‌می خۆڵه‌مێشه‌وه
ئامێخته‌ی ژان به‌ده‌رد و ئێشه‌وه
خۆی ده‌لاوانده‌وه.. دیجله‌یش وه‌ک من ده‌گریا
دیجله له ده‌ردی ده‌روون و مۆخی نێو ئێسکا
له ئاوێنه‌ی فرمێسکا
سووری ڕوخساری ده‌بینی
هی شالاَوی تاتار و مه‌غۆل تێکه‌ڵ به‌ئای.. ئای و ژان
کۆرپه‌ی تامووڵی ڕاده‌ژه‌نان

دەبینی دیجلە چۆن بووینە هاو زمان؟
من و تۆ لەگەڵ ئاخی ئەڤیندارانی بێ ژوانەوە
کۆڵەوار بەهیوای بەیانەوە
داستانی شەهرەزادمان دێتە گوێ
بێ دەربەست لەوەی هەرچیمان دێتە ڕێ
نەنوستوو
گوێ هەڵخستوو
بۆ هەر چپەیەکی ئومێد.. یا تەمایەکی ئەفسانەیی
ئا.. دیجلە جار جار دەیوت یاسەمین خانم دەزانی ئەوسا و ئێستایش لێواری من هەوارگەی عەیاران بووە؟
تاو.. تاویش جێگەی دڕانی تۆماری وژدان بووە
خەڵکەکەی کارامەی شیوەنی ئارامە
دەستەمۆی هەزاران خەنجەری پشت و سەدان زامە
دارخورماکان بەسەر بتخانەی مەنگی ڕووبارا
شێتانە قژیان دەڕنی و قژدەڕنن لەناو شارا
نائومێدانە بەتەمای بەهاری ساڵن
خوماری خەون و خەیاڵن
دیجلە دەیوت یاسەمین! منم.. پیرە ڕووباری چەرخی گەردوون
منم سەرچاوە و سەرەتای تاریک و ڕوون
منم مێژووی زیندووی نەژادی مرۆڤـ
منم باوشی بوون و نەبوون

منم سەرچاوەی هەست و بوونی ئینسان
ئیتر من بووم و تەنهایی و دەربەدەری و دیجلە
جار جار ڕووم تێ دەکرد و دەموت:
برۆ بەسەلامەت! من و هۆز و خۆیشانم لەو سەرەوە خەڵکی لێوارتیم.
دەستبەسەری عیشقی کێڵگەی کۆڵەوارتیم
ئێمە پەروەردەی دووکەڵین، تەمین
ئێمە گڕکانێکین.. چاوگەی غەمین
لە لێواری غەماویتا.. ئامان نەڵێی ئاشوفتەم و کابرا بەپەرۆشە و نیوە نوستووە
بە هەرچی بیروڕا هەیە لە عاستدا قامەتی نوێژم بەستووە.
زەمانێکە دوور لە ئازیز دوور لە سازش
چۆکی غەمم گرتۆەتە باوش
کاتێک دەنوارمە ئارام بەرەو خوارتا
یەتەوە بیرم سات ساتی سەدەکانی ڕابوردوو
ڕووداو ڕووداوی ملهوڕانی قووڵایی مێژوو
برۆ بەسەلامەت!
بە بوون و نەبوون و توانامەوە
لە لێوارتا ئەوەسا... هەتتا.. مەستیش
نایەتە هانامەوە
دیارە لەگەڵ غەما.. تۆ و ئێمە و ئەوان
پێکەوە ناو براوین

لە دۆڵ و دەربەندێکا ژیاوین

بڕۆ بەسەلامەت!

یاسەمین کاتێک دەستی لە شیعر نووسین هەڵگرت، بەرۆکی تەڕی گریان بوو. لە پەنجەرەکەوە نواڕی ئارام ئارام بەرەو خوار ڕۆیشتنی دیجلەدا. لەسەرخۆ قەڵەمەکەی دەدا لە دندانەکانی پێشوویدا. ڕۆژی هەینی بۆ ئەوانەی لەو ساختمانەدا دەژیان جگە لە پرۆفیسۆر مینائی چەند ساڵێک پێش ئەوانی تر لەو ساختمانەدا نیشتەجێ و لە بەشی ئەندازیاری شارەوانی شاری بەغدا سەرگەرمی کاروبار بووبوو، دووکەسی دیش هەر لەو ساختمانەدا دەژیان. ساختمانەکە بەتاپۆ دەگەڕایەوە بۆ کابرایەکی جوولەکەی کۆچکردووی ئسرائیل. وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەوڵەتی عێراق دەستی بەسەردا گرتبوو کردبوویە هەوارگەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی سەر بەڕادیۆی فارسی لە بەغدادا.

درا لە دەرگا. یاسەمین وەڵامی دایەوە:

– کێیە؟

– منم خانم! مینایی.

– ئاغای دکتۆر تۆزێک تامۆڵ کە تا خۆم دەگۆڕم. بەپەلە کراسی خەوی داماڵاندو. کراسێکی دی لەبەرکرد و ڕۆبێکی شینی کردە سەردا و پشتوێنەکەی هەروا شۆڕ بووبوویەوە بێ ئەوەی گرێی دا دوو چمکی بەرەڵا و ئاواڵە. دەرگای کردەوە. وەک هەمیشە دکتۆر مینائی پاپیۆن لە مل چاکەت و پانتۆڵ دوو ڕەنگ، چاوێلکە لە چاو. بەلەهجەیەکی ئازەری خەس و خۆڵی ڕێزدارانەوە وتی:

– مەگەر نەتفەرموو ئەمڕۆ بڕۆین بۆ سەڵمان پاک و دیتنی ئەیوانی کیسرا؟

بەرنامە هەمانە؟

– دەڕۆین.

– سیرۆس و فەرزینیش ئامادەن.

– تەنها دە دەقیقە مۆڵەتم دەوێ تا ئامادەی.. ئامادە بم.

– بیست دەقیقەیش بۆ تۆ؛ بەڵام تا تاکسی دەگرین و بکەوینە ڕێ درەنگ دەکا، ڕێگەکەمان دوورە.

یاسەمین دەرگای داخست و ئاغای پرۆفیسۆر مینائییش لە ماڵ وەدەرهات و بەسەر دیواری کۆنکرێتی لێواری دیجلەوە دانیشت و جگەرەیەکی لێ داگیرساندو پای لەسەر پا دانا و کەوتە بیری ماڵ و منداڵ و ئاوارە بوونی و گیروگرفتی ژیانی سەرتاپا ئاشوفتەی خۆی. بەگوڕی ماشینێکدا شریتی بیری بڕا و سەری بەرزکردەوە کاک دڵشادی بەرانبەر خۆی دی و چاکی و چۆنییان کرد و دڵشاد خوو و خسلەتی دکتۆر مینائی دەناسی و زۆر جار پێکەوە دانیشتبوون و لە ڕووی هونەر و بارودۆخی سیاسییەوە دوا بوون. هەردووکیان کارمەندی شارەوانی شاری بەغدا بوون، ڕۆژانە یەکتریان دەدی. ئەوەشی دەزانی چەند کەسێکی دی هاوولاتی دکتۆر لە هەمان ساختماندا دەژین. کە دکتۆری بەپەپوولەی گەردن و چاکەت و پانتۆڵی دوو ڕەنگەوە دی، زانی بەرنامەیەکی بەدەستەوەیە پرسی:

– ها ئاغای دکتۆر! چی هەواڵە؟ دیسان وا بەم گەرمایە خۆت پێچاوەتەوە.

– وەڵاهی ئەوی ڕاستی بێت دەمێکە بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە دەمانەوێت ئەنجامی دەین، چەند جارێکە بۆمان ڕێک نەکەوتووە؛ بەڵام ئەورۆ هەرچۆنێک بێت سوورین لەسەر ئەنجامدانی.

- داخۆ دەبێ چی بێت وا داماوی بەدەستییەوە؟

- دەمانەوێ بڕۆین بۆ تەماشای ئەیوانی کیسرا.

- هەر ئەوەندە؟

- ئاخر وەک دەزانی بەتاکسی ڕۆیشتن و گەڕانەوەو گەرماش سەرباقی ئەوانە هەریەکەیان دونیایەک دژواری و گرفتارییە.

- جا بۆ بەمنت نەوتووە؟ خۆ تەلیفۆنێکت کردبا، دەتمبرد. دوای ئەوە بیری کردەوە سەر لە بەیانی "ئەبو عیرفان" تەلیفۆنی بۆ کردووە نەکا کارێکی گرنگی هەبێت و پێی ڕاگەیەنێت.

دکتۆر پاپیۆنەکەی بەگوێرەی دوگمەی کراسەی تەرازوو کرد و وەڵامی دایەوە:

- یەکەم نەمدەویست لەمە زۆرتر ببمە مایەی دەردەسەر و دووهەمی تەنها نیم و دووسێ کەسێکم لەگەڵدایە.

موهەندیس دڵشاد پاڵی دابووە ماشینەکەیەوە و تێفکرا: ئەگەر ئەبوعیرفان کاری گرنگی هەبێت بۆ خۆی دێت و بەتەلیفۆن ڕازی نابێت، ئەو یەکجار سلوکە.

لە وەڵامیدا وتی:

- ئەتۆ من چاک دەناسیت و دەزانی ئەوی بەمن بکرێت درێغی ناکەم.. خۆ ئەمەم پێ دەکرا.

دوێنێ بڕیارم دا ئەمڕۆ هەرچۆنێک بووە سەرێکت لێ دەم. وا هاتووم. ئەوڕۆیش هەینییە و کارم نییە و ئەوە بەندە و ئەوەش ماشین و ئەویشە ڕێگە و ئەیوانی کیسرا. بمگرەو هاتم، یەڵڵا دەی؟

- وەڵڵاهی فرە زەحمەتە.. تەکسیمان بەگیر دێ و بەتەکسی

دەڕۆین، ئەو زەحمەتەی پێناوێ.

– دکتۆر لەو قسانە گەڕێ وەک وتم، ئیش و کار و بارێکی وام نییە و بەدژواریشی نازانم و تازە بۆ خۆیشم دەپانزە ساڵێک دەبێ ئەو ئەیوانەم نەدیوە؛ لام خۆشە بیبینمەوە. لەم کاتەدا خانمێکی شیک پۆش سەروپرچ ڕازاوەی پڕوپۆشتە و دوو گەنجی شیکوپێکی بەدواوە بوو لە دەرگای ساختمان وەدەر و ڕوو بەدکتۆر مینائی و کاک دڵشاد هاتن.

دکتۆر مینائی ڕوو بەیاسەمین وتی:

– خانم موهەندس یاسەمین ئەمیش کاک دڵشاد.

دۆستی ئازیزم، ئەویش کاک سیروس و ئەویش فەرزین خان دڵشاد لەگەڵ یەک یەکیاندا تەوقەی کرد و ئینجا وتی:

– دیارە ئەوڕۆ بەختمان یارە و شانسی خەوتوومان هەستاوەتەوە هەرچی کۆشام ئەو زەحمەتە نەخەینە بەر کاک دڵشاد، نەچووە ژێر و سوورە لەسەر ئەوەی بمان گەیەنێتە ئەیوانی کیسرا.

یاسەمین هاتە جواو:

– جا ئێمە بۆ دڵشاد خان بخەینە ئەم گیروگرفتەوە و ئەم ڕێگە دوورەی بخەینە بەر. ماشین زۆرە و بەکرێی دەگرین؛ لێگەڕێ لە بەختمان، وا چاکە جارێ بانوستووبێ باشترە. تیشکی چاوی یاسەمین و دڵشاد لە چرکەیەکدا ڕووبەڕوو بوونەوە، لە وەڵامیدا ئارام و باوەڕ بەخۆیانە وتی:

– زەحمەت و ئەوانەی ناو مەنەن. هیچ منەتێکی تیادا نییە بۆ خۆمیش ساڵەهای ساڵە بەوێدا نەڕۆیشتووم؛ پانزە ساڵ لەمەوبەر قوتابی بووم لەگەڵ قوتابیانی کورددا ئاهەنگی نەورۆزمان لەوێ گێڕا.

لەو دەمەوە نەڕۆیشتوومەتەوە بۆ دیتنی.

– دەترسم لەبەر ئێمە بڵێی؟

دکتۆر مینائی هاتە نێوانی قسەی دڵشاد و یاسەمینەوە:

– تا ئەوێی من کــاک دڵشـــاد بناسم، ڕۆک و ڕاســـتی لە تەواوی بەشەکانی شارەوانی بەغدادا ناسراوە. بێگومان بەزەحمەتی نازانێت، ئەگەر لای دژوار باتا. نەیدەوت.

باشە فەرموون..

– تۆ لە پێشەوە سوار بە ئێمە هەرسێکمان لە دواوە.

– ئاخر بێ ئەدەبییە.

بەســـەر پردی "جـــمـــهـــوریە"وە پەڕینەوە و بەرەو خـــوار بەڕێگەی سەربازخانەی ڕەشیدا ڕوو بەشاری پردی دیالە. دامێنەکەی یاسەمین دووپەنجـــەی مـــابوو بۆ ســـەر چۆکی. هەردوو چۆکی نووســـاندبوو بەیەکەوە. تۆزەکی گۆشتی پاوپۆزی وەدەرخست. دڵشـاد جارەوبار دزانە ئاوڕێکی لە پاوپلی یاســەمین دەدایەوە بەجـۆرێکی وا ســرنجی یاسەمینی ڕانەکێشێ و نەبێتە مایەی هەرزەگی.

لەپڕ لە دواوە سیرۆس پرسی:

– کاک دڵشاد! دەزانم ماشینەکەت شۆفرلێتە و ئەمریکاییە؛ بەڵام مۆدێلەکەی نازانم.

شەست و چوارە. ساڵێکی بەسەردا چووە.

– ئەگەرچی حەزم لە چارەی ئەمریکا نەبووە و نیشە، ماشینەکانیانم لا باشە. باوەڕیش ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ڕۆژە ببینم بەڵام ئەگەر بێتو توانم و پارەم هەبێت ماشینی ئەمریکایی دەکڕم.

یاسەمین تا ئەو دەمە بێ دەنگ لە پەنجەرەی ماشینەکەوە ڕوو بەدەرەوە دەینوارِی، هاتە نێو باسەکەوە:

– وەک دەزانی کوێر بم و ئەمریکایی نەبینم؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دان بەپلەی پێشکەوتن و پێگەیشتنی تەکنۆلۆژیایاندا نەنەین. بیریان شتێکە و ڕاستەقینە شتێکی ترە. ماشینەکانیان جێدار و ئرستوگراتی مەئابە.

دڵشاد بەچاکی و وردی ڕابوردووی کۆمەنیستی دکتۆر مینائی دەزانی. ئەوەشی لا ڕوون بوو بووەوە کە لەو هەموو ساڵانەی لە ژێر سایە و سێوەری کۆمەنیستی و دونیای وڵاتانی سۆڤیەتدا گوزەراندووە و لە دڵ و ناخیدا پەشیمانە و هەر لە سەر ئەو بیرەشە لە هەلێکدا ئازەربایجانی سۆڤیەتی بەجێ هێڵاوە و خۆی گەیاندووەتە بەغدا تا بەحیساب لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا دژ بەدەوڵەتی شاهەنشاهی بکەوێتە تەقالاوە؛ بەڵام دەربارەی ئەم سێ کەسە ئێرانییە هیچی نەدەزانی لەوەی زیاتر کە دژی دەسەڵاتی شان و دەوڵەتی عێراق لەبەر بەرژەوەندی خۆی داڵدەی داون و دەکۆشی لە ڕووی سیاسی و هەواڵ و تێک و پێکدانەوە سوودیان لێ وەرگرێت. بۆیە بەپارێزەوە دەدواو دکتور مینائی هەستی بەوە کردبوو بۆیە وتی:

– ئاغای دڵشاد، یەکێکە لە پەیکەرسازە ناسراوەکانی ئەم وڵاتە و ئێستاش پێکەوە هاواکارین؛ نووسەری باشیشە. ڕەنگە ئەوەتان لا ڕوون بووبێتەوە کە ناوەکەی عارەبی نییە و لە ڕەگەزدا کوردە و خەڵکی شاری سولەیمانییە. یاسەمین لەژێر لێو چپەئاسا وتی:

– باشتر.

ئینجا ڕوو بەدڵشاد وتی:

– بۆ ئاگادریت یاسەمین خانم ئەندازیاری میعمارییە و ئەویش وەک تۆ سەروکاری لەگەڵ هونەر و ئەندازە و قەد و قەبارەدا هەیە؛ بەڵام بەداخەوە لە کاروباری هونەرییەوە دوورەو ئێستا بەنووسین و کاروکردەوەی سیاسییەوە خەریکە و یەکێکە لەو شێرەژنانەی دژ بەدەسەڵاتێ شا لە تەقالادایە و ئەمە بۆ دووساڵە لە بەغدادایە.

فەرزین هەڵیکوتایە نێو قسەکانی دکتۆرەوە، قەراغی لەپی ڕاستی دا لە ناوەڕاستی دەستی چەپی و وتی:

– تەنها ڕاستکردنەوەیەکی بچووک، دکتۆر دەبوا لە جێی شێرەژن شێرەکچت بەکاربردبا.

دکتۆر مینائی هەستی بەسەخڵەتی کرد و وەڵامی دایەوە:

– داوای لێبووردن دەکەم و بەهەڵەیەکی سەرزمانی کوتوپڕی بیدەن لە قەڵەم. ئینجا دای بەسەر ڕانی فەرزین دا و وتی:

– ئەم زاتەش یەکێکە لە خۆبەخت کەرانی میللەتی ئێران و دەربەدەر بەدوای حەق و حەقیقەتدا دەگەڕێ. دڵشاد لە ئاوێنەی ماشینەکەیەوە تاو تاو دەینواڕییە هۆبەی دوادا. دکتۆر لای کردە لای سیروسەوە و وتی:

– باسی ئەم پاڵەوانە بۆ خۆی شانامەیکە. هێندەی بەسەردا هاتووە.

دیسان فەرزین هاتەوە جواو وتی:

– ئاغای دکتۆر کێ دەڵێت دڵشاد خان ئاگاداری شانامەیە و ڕەنگە هەر ناویشی نەبیستبێت؟

– ڕەنگە بزانم لاشم وایە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی ئەودیوی لای ئێوە – ئەوە هیچ – لای ئێمەش ناوی شاهنامەیان

بیستووە و بەزۆری ئاگاداری کەسایەتی ڕۆسەم و زاڵ و سیمرخ و دێوە سپی و چوزانم ئەلهاکی دێویشن.

یاسەمین دای لە تریقەی پێکەنین و بەفارسی وتی:

– فەرزین خان ئەلهاکی دێو کێیە دەیناسی؟

هەمووان بەدەنگ پێکەنین، دڵشاد نەبێت.

بۆیە یاسەمین بەعەرەبییێکی شەق و شڕ ڕوو بەدڵشاد وتی:

– دیارە بەچاکی ئاگاداری ڕووداوەکانی شانامەی؟

– بەو شێوەی تێدەفکریەی، نا. بەڵام قارەمانە سەرەکییەکانی نێو شانامە و بڕێک لە ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی نەکولاو و نەبرژاو کەوتوونەتە بەر گوێمان. گەیشتبوونە نێو شاری سەلمان پاک. دڵشاد باسەکەی گۆڕی و وتی:

– ناتانەوێت زیارەتێکی مەزاری سەلمان بکەن؟ ئەمەیش لە خۆتانەو ناسراوە بە"سەڵمانی فارسی".

فەرزین هەڵی دایە و وتی:

– من باوەڕم بەم تورەهاتانە نییە و وەختی خۆمی پێوە بەهەدەر نادەم.

دکتۆر مینائییش وتی: بەلای منەوە ئەم بیروڕایانە عومرێکە لە بیرم چوونەتەوە. نا سەلامەتی کۆنە تودەیی بووین. سیروس هیچی نەوت. یاسەمین وتی:

– وەڵا خۆ دیتنی ساختمان و میحراب و چۆنیەتی شێوەکەی بەلای منەوە دیدەنییە. سوودی نەبێت دیدەنی زیانی نییە؛ بەڵام با لە پێشدا ئەیوانەکە ببینین ئەو دەم لە گەڕانەوەدا. چیتان وت؟

میناٸی وەڵامی دایەوە: لەبەر ساختمان دیتن بێت قەینا دەی.

– بیرورِای کۆمەنیستی یەشتا بنکرەکەی لە ناختا مەڵاسی داوە.

هەر لە دووری شارەوە ئەیوانێکی زل و زەبەلاح شانازی دەفرۆشتە زەمان. تا لە دیوار و ئەیوانەکەی نزیکتر دەبوونەوە قەد و قەبارە و بەرزی و بوڵەندی ئەیوان دیوارەکانی بوڵەندتر دەنواند.

لە ماشین دابەزی بوون، هەریەکە بەجۆرێک سەرسام بووبوون. ڕوویان بەرەو پۆپەی ئەیوانەکە بەرزکردبوویەوە، دەستیان کردبووە سایەبانی چاویان، ئارام ئارام وردە هەنگاویان دەنا.

یاسەمین چاویلکە ڕەشەکەی چاوی لابردو بەوردی دەینواڕییە پانی و بەرینی ئەیوانەکەدا و بیری لە چۆنیەتی سازاندنەکەی دەکردەوە.

دڵشاد بەقەستی بەدەم سەیرکردنەوە لە یاسەمینەوە نزیک بووبوویەوە. بێ ئەوەی لا بەلایەوە کا وتی:

– بەبیری جەنابت وەک ئەندازیارێکی میعماری ئەم ئەیوانە پان و پۆڕەیان چۆن چۆنین دروست کردووە؟

– ڕاستت بوێت ئەمنیش بیرم و تێفکرینم هەر لەو بارەوەیە؛ بەڵام وا بەرەو گێژی دەڕۆم و هەرچی بیری لێ دەکەمەوە گێژتر دەبم. لە مێژدا لە وێنەی جۆراوجۆردا ئەم ئەیوانەم دیوە، بەڵام دیتنی شتێکی دییە و داستانی دەسەڵات و توانای هونەری باوباپیرانمان دەگێڕێتەوە.

– باو باپیرانی ئێوە؟

– ئێمە و ئێوەیەک لە نێوانا نییە. ئێمە هەمووان ئێرانین و خەڵکی یەک خاک و یەک ڕەگ و یەک ڕەگەزین. دکتۆر میناٸی و سیروس و فەرزینیش نزیک بووبوونەوە:

- ڕاست دەکەی ئێمە هەموو ئێرانین و وەک دەڵێن ئارياييین؛ بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت من پێش ئەوەی ئێرانی بم، کوردم و خەڵکی تەبار و دیارێکم بەناوی کوردوستان و سەریشم لە ڕێگەیدا دادەنێم.

- منیش لوڕم و ئێرانیم.

دکتۆر مینائییش هەڵیدایە:

- منیش ئازربایجانیم و ئێرانیشم "فەرزین"یش وتی:

- منیش زەردەشتیم و ئێرانیم..

- جا باشە دکتۆر! ئەگەر وایە ئەی ئەو هەموو خەڵکەتان لەسەر پێکهێنانی جەمهوریەتی ئازربایجان بۆ دا بەکوشت و وا بۆ چل ساڵیشە دەربەدەری وڵاتانی؟ مەگەر ئەوسایش ئێرانی نەبوویت؟

- من لەگەڵتم هەستی نەتەوایەتی هەستێکی یەکجار بەهێز و بەتوانایە، بەڵام ڕەنگە ئێمەی گەلانی ئێرانی ئەگەر پێکەوە بین و پێکەوە بژین جوانترین.

- ئەمە لە کاتێکدایە جیاوازی نەخرێتە نێو ڕەگەزەکانەوە. دروشمی "پان ئێرانیزم" پڕ لە زەرەق و بەرەقەو لام وانییە هەرگیز بەشێوەیەکی ڕەوا نە ئەوساو نە ئێستا پیادە کرابێت. ئەوە ساتی هەرووژانی دەسەڵاتی مادەکان و داگیرکردنی "ئکپاتانا" لەو دەمەوە تا ئێستا برا فارسەکانمان برا گەورەن و ئێمەش کوردی برا بچووک هەژاری و نەخوێندەواری و بێ دەرەتانی لە نێومانا هێڵە دەکا، چ لە کوردوستانی ڕۆژهەڵاتاو چ لە کوردوستانی باشووردا کە بکاتە کوردوستانی لای ئێمە تا بگاتە کوردوستانی باکوورا کە هەر دانی پیانانەن.

- من لام وابوو دڵشاد خان تەنها ئاگاداری ڕووداوەکانی

شانامەیە.. کەچی گیروگرفتی ئەوسا و ئێستای وڵاتەکەمانی لەبەرەو تێکەڵاوی سیاسەتیشە.

– دەزانی بۆ؟

– بۆ؟

– تۆ بتەوێ برۆیتە شەڕێکەوە، دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە خۆتی بۆ ئامادە بکەی؛ ئەگینا کڵاوت با بردوویەتی. وەک دەبینی ئێمەی کورد ئەوە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە سەرمان بێ کڵاوە. لەمانەش گوزەشتە لەم وڵاتانەدا جۆری ژیان بۆ خۆی سیاسەتە، بتەوێ و نەتەوێ تیادای... یاسەمین نەیهێڵا دڵشاد قسەکانی تەواو کا وتی:

– ئەگەر ئێمەش سەرمان کڵاوی هەبوایە، ئاوا لە وڵاتانا دەربەدەر نەدەبووین، دەبووین؟

– دەربەدەری ئێوە دەربەدەرییەکی قۆناغییە. ئێمە هەزاران ساڵە لە نێو خاک و وڵاتی خۆمانا نامۆ و دەربەدەرین، دەستی بۆ ئەیوانی کیسرا ڕاکێشا و وتی:

– دوور نارۆم هەتاوەکو ئەم هەیوانە لەلایەن ڕەگەزی کوردەوە دروست کراوە، مێژوونووسە بەوژدانەکان نەبێت کەس دان بەکورد بوونی ساسانییەکانا نانات، دەینات؟

یاسەمین وتی:

– من ئەمە یەکەمین جارە دەیبیسم کە ساسانییەکان کورد بن؟

ـ دەفەرموو دەی! مشتێک نموونەی خەروارێکە. ئەوەسا تۆیش.

– چاوگەی جۆراوجۆر دانی بەوەدا ناوە، زوربەشیان ئێرانین. با لەوە گەڕێین؛ ساسانی کورد بێت یا نا. ئەمڕۆکە هیچ لە بەدبەختی و

کـــوێرەوەری مـــیللەتی من ناگـــۆڕێ. ئەتۆ وەڵامـی منت نەدایـەوە ئەم هەیوانە چۆن دروست کراوە؟

– وەک وتم نەک ئەوسا کە توانایەکی تەکنیکی سنووردارییان لەچاو ئێسـتـادا سـەرەتایی بوون بەلای منەوە ئەمـڕۆیش دروسـتکردنی ئاوا هەیوانێک بەم هەمـوو دەسـەڵاتی تەکنولۆژیاوە کارێکی ئـاسـان نییـە، ئاسانە؟

دکتۆر مینائی هاتە قسە و وتی:

– مـن لام وایە لـە دار قـــاڵبـــێکی تەواویـان بـۆ دروست کـــردبـێ و بەسـەریدا تاقەکەیان سازاندوبێت.

دلشاد وەڵامی دایەوە:

– من بیستوومـە کە گوایە ناو ئەم هەیوانەیان پڕ لە خۆڵ کردووە و بەگـوێرەی تـاقـەکـە، جـوان جـوان کـوتایانەتـەوەو سـواقـیـان داوەو تاقەکەیان بەسەردا سازاندووە؛ یانی قاڵبی خشت ڕێزی تاقەکە خۆڵ بووە.

یاسەمین ئاوڕێکی پڕ لە پرسیاری لە دڵشاد دایەوە وتی:

– دیارە دڵشـاد خـان بەناو پەیکەرسـازە، لـە هەمـوو زانیـارییـەکـدا ئاگادارە. دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟

دڵشـــاد تۆزێ تێـڕامـــا و لەوەی ترســـا پرسـیـــارەکـەی جـۆرێـک بێت نەتوانێ وەڵامی داتەوە ئینجا وتی:

– بێگومان.

– جەنابت زانکۆت لە کوێنە تەواو کردووە؟

– ئەوەت بۆ گرنگە؟

– ببوورە نەدەبوو ئەو پرسیارەم کردبا.

– جا بۆ چی تیدایە. شتێکی ئەوەندە تایبەتمەند نییە. من لە زانکۆی فلۆرەنسا لە وڵاتی ئیتالیا بەکالۆریۆسم وەرگرتووە؛ بەشی پەیکەرسازی.

دڵشاد سەیری کاتژمێری سەر مەچەکی کرد و وتی:

– بەسەر ڕووباری دیجلەوە لەم بندەستەدا دەڵێن ڕستۆرانێک هەیە، من بۆ خۆم نەمدیوە، بیستوومە ماسی "سەگف"ی باشیان هەیە. جا وا چێشت تەنگاشە، ئەگەر بەشانازییەوە لێم قبووڵ بکەن حەزدەکەم میوانداریتان لێ بکەم.

یاسەمین نەبێت، هەریەکە لەلای خۆیەوە کەوتە نەچوونە ژێری دەعوەتەکەی.

– باشە تا بگەڕێینەوە بەغدا درەنگ دەکاو لەیراش هەر دەبێ نان بخۆین. تازە ئێوە غەریب و من خاوەن ماڵ... یاسەمین هەڵی دایە:

– خۆ وەڵا من برسیمە.

دڵشاد ڕووی کردە لای برادەرانیەوە:

– چاوتان لێیە! هونەرمەندان ئەوی لە دڵیاندایە دەیڵێن. نازانم دکتۆر مینائی بۆ ئەمجارە پاشگەز بۆوە دەبوا لە پێش هەموانا دکتۆر بیوتابا ئەشهەدو بیرێکی چاکە. کەچی بێدەنگە وامان وت دکتۆر؟

گەرما گەیشتبووە پلەی چلوپێنجی سانتیگراد. هەمووان عەرەقیان دەردابوو. عەرەقی بندەست و ژێر مەمکی یاسەمین پشت و قەبرغەی گرتبوویەوە. دووبارە سوار بوونەوە و دڵشاد ئێرکوندیشنی ماشینەکەی کردبوویەوە. یاسەمین بێتاقەتانە وتی:

– ئەم گەرمایە مرۆڤ دەگەیەنێتە سەر بێهۆشی، خۆ خەریکم دەبووریمەوە.

دکتۆر مینائی وتی:

– دەمبینن چ پاڵەوانێکم؟ ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەڕوا لەم ئاگربارانەدا ژیاوم، پاڵەوان نیم؟

دڵشاد وەڵامی دایەوە:

– ئەشهەدو بە دە پەنجە بۆ دکتۆریی ئیمزا دەکەم پاڵەوانە. داستانیکی خۆشی دکتۆر هەیە بۆتان بگێڕمەوە. دووسێ ساڵێک لەمەو پێش لەبەر دەرگای ساختمانەکەی ئێوە و ئێستادا کە تیادان تۆپی "ئیفتاری" ڕەمەزانیان لەوێڕا دانابوو. تۆپەکە تۆپی دەنگ بوو، ڕوو بەدیجلە ئێواران تۆپێکیان دەتەقاند. دکتۆری ماندووی لە سەرکار گەڕاوە، دوای نان خواردن دەبوا هەنوزی کردبا. لەم وڵاتەشدا نووستنی نێوەڕوان ئەگەر تێکرایی نەبێت، زۆر جاگیرە و دکتۆر دەنووست و ئەو کە هەرگیز بیری لە ڕۆژ و ڕۆژوەوان و تۆپی ئیفتار نەدەکردەوە، هەموو ئێوارەیەک تەقینەوەی تۆپی ئیفتاری لەبیر دەچوویەوە. کە تۆپ دەتەقییەوە دکتۆر لەسەر قەرەوێڵەکەی دەکەوتە خوارەوە. ئەمە نەیەک ئێوارە و نە دوو بەڵکو سی ڕۆژەی ڕەمەزان خەڵکی بەدڵ و داو چاوەڕوانی تەقێنێ ئەو تۆپە بوون و دکتۆریش لەگەڵ هەر تۆپ تەقینەیەکدا لەسەر کورسی نووستنەکەی دەکەوتە خوارەوە. لای کردە لای دکتۆرەوەو وتی:

– دە بڵێ وا نییە؟

دانیشتوانی نێو ماشین لە پێکەنیندا دەستیان بەکەلەکەیانەوە گرتبوو. یاسەمین قاقا پێدەکەنی، دڵشاد بەوردی گوێی لە قاقاکەی

دەگرت و کە چەندە پڕە لە ڕیتم و ئاهەنگێکی ژنانە و نازدارانە.

بەدەم پێکەنینەوە دەمی ژانتا دەستییەکەی کردەوەو پارچە "کلینیکس"ێکی دەرهێنا و چاوی پێی سڕی و ئینجا پچڕ پچڕ ڕوو بەدکتۆر:

– باشە دەر و پەنجەرەکانت بگرتبا.

– خانم! چی دەڵێی تۆپ تۆپ نەبوو کە دەتەقیەوە ساختمانەکەی دەلەرزاندەوە. وابزانم جنراڵ مود لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. هەرچی درزی دەر و پەنجەرە هەبوو هەموویم ئاخنیبوویە کاغەز و هەزار پەڕۆ و پاتاڵ. کە دەتەقیەوە بەدەم ڕاچەڵەکینەوە لە سەریرەکەم دەکەوتمە خوارێ، ئەمە نە یەک جار سی ڕۆژەی ڕەمەزان لەسەر یەک.

– ئاخریی چی؟

– شکاتم زۆر کرد، فایدەی نەبوو. ئاخری بۆ خۆیان کەوتنە ئەو باوەڕەوە کە لەو جێگەیدا دەنگی زۆر بڕ ناکاو لەوەش گوزەشتە، تۆپی بانگیان خستە تەلفزیۆنەوەو لەو کارەساتە ڕزگارم بوو.

دڵشاد نەختێک دەنگی ڕادیۆی نێو ماشینەکەی کەم کردەوە و وتی:

– ئەم دکتۆری لای خۆمانە لەزەت لە دەردەسەرو گرفتاری دەبا، ئەگینا لە ڕووی چ حیساب و بەرنامەیەکەوە ئەوە پێنج ساڵە لەم کاول بووەدا دەژی و ژیانی بردوەتە سەر؟ بڵێ کابرا! مادام ناتوانی و ناتەوێ بگەڕێیتەوە ئێران و ئازەربایجانی سۆڤیەت، بۆ تۆ بۆ هەرکوێ بڕۆیت ئاسمان یەک ڕەنگە و حاڵ و ئەحواڵت بەکۆڵتەوەیە.

یاسەمین بەنازەوە وتی:

– کە چی بکا؟

– چی بکا؟ ئەوەندە کاری لەبەرە تا بیکا، نەبێتەوە.

– وەک چی؟

– وەک ئەوەی لەم وڵاتەدا نەمێنێت و بۆی دەرچێ بەرەو ئەوروپا. بێ دەنگییەکی کورت و کەم کەوتە نێوانەوە. لە پڕ دکتۆر وتی:

– ڕاست دەکەی بڕۆم باشترە؛ بەڵام ئایا دەوڵەتی عێراق ئەو مۆڵەتەم دەداتێ؟ یاسەمین وەڵامی دایەوە:

– عێراق بۆ ناهێڵێت؟

– گرفتارییەکەی من لەوەدایە کاتێک لە "باکۆ"وە هاتم بۆ ئەیرا بەلیسەپاسیە هاتم و ڕووسەکان نەیان هێڵا بەپەساپۆرتەوە لەوێ دەرچم.

– باشە گرفتارییەکت بۆ پێک هات دەڵێی چی؟ پێناسێک. بەڵگەیەک، ناوێک، نیشانێک. چۆن دەیسەلمێنیت کە بۆ خۆت خۆتیت؟

– خانم! لە بەڵگەی کارمەندی شارەوانی زیاتر، هیچم پێ نییە. ژمارەیەکی تەلیفۆنی کابرایەکی دەستگای موخابەراتی عێراقی نەبێت. تازە ئەوە زەمانێکە خۆم نیم و بەدوای خۆما دەگەڕێم؛ وەک دومەڵانم لێ هاتووە بێ ڕەگ و ڕیشە.

– ئەوەیان دەزانم، ئێمەش هەر وەک تۆ واین. بەڵام پەساپۆرتمان هەیە و هەر کاتێک بمانەوێ دەتوانین بۆی دەرچین.

گەیشتبوونە خانووبەرەیەک بەسەر لێواری دیجلەوە بەناوی "ڕستۆرانی البوادی" لە ماشین دابەزین. نەختێک عەرەقی لەشیان کزر بووبوویەوە. هاڕەی کۆلەری ئاوی لە چەند لاوە دەبیسرا. ساختمانەکە لە دوولاوە جامخانەی پان و پۆڕیان لێ سازاندبوو گەرما و ئاوی

هەتاوی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا و هەڵیدەلووشی. ڕووباری دیجلە لە دانیشتوانی نێو ڕوستۆرانەکەوە دەبینرا. ماندو و شەکەت نەرم نەرم بەرەو خوار دەڕۆیشت. چەند عارەبێکی ڕاوچی بەلەم سوار پەیتا پەیتا تۆڕیان دەهاویشت. هەر پێنجیان بەسەر مێزێکەوە جێگیربوون. دڵشاد وتی:

– لە بەختی ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژانی تر گەرمترە.

یاسەمین وەڵامی دایەوە:

– جا کەی گەرم نەبووە؟ بەخوا ئەم وڵاتە زستانەکەشی گەرمە.. من سەرم لە کەسایەتی ئەبو جەعفەری مەنسوور سڕ دەمێنێت فکری لەم گەرمایە نەکردبوویەوە تا پایتەختەکەی لە جێگەیەکی خۆش ئاوا بسازاندایە؟

فەرزین تا ئەو دەمە بێ دەنگی هەڵبژاردبوو، نەرم نەرم بەنووکی پەنجەکانی دەیدا بەسەر مێزەکەدا و لە پڕ وتی:

– من لەگەڵ ئێوەدا نیم لەبەر دوو هۆ: یەکەم کێ دەڵێت ئاووهەوای ئەو دەمە وەک ئێستا وابووە؟ دووهەم کابرایەکی عارەبی وەک ئەبو جەعفەر خەڵکی ئەو سارای عەرەبسانە سەرتاسەری ژیانی لەم خۆرە تاو و گەردەلوولەدا بووە. لەم دۆڵەدا بەسەر ڕووبارێکی وەک دیجلەوە بێ شک ئەو دەمە دارو درەختی زۆرترو فراوانتریش هەبووە، ئاوا جێگەیەکی پەسەندو ئیدئال بووە. دونیای ئەوساو ئێستا بەیەک تەرازوو کێشانەکردن ناڕەوایە. نەشیاویشە با وەک ئەوەی دەزانم چۆنیەتی ژیانی خەلیفە لەگەڵ خەڵکی تردا جیاواز بووە. خەلیفە، خەلیفە بووە سێوەری خوا بووە بەسەر زەوییەوە.

دڵشاد وەڵامی دایەوە:

- دەڵێن "هارون ڕەشید" لە ڕۆژانی گەرمای هاوینی بەغدادا هەموو نیوەڕۆیەکی گەرم ژوورێکیان لە قوڕە سووره بۆ دروست کردوه و ناوەکەیان بۆ داپۆشیوە و نیوەڕۆ تیا نووستووە. بەسبەنییەدا هەمان. با لەوانە گەڕێین، ئەم جۆرە شوێنانە بیرەی ساردیان هەیە و بەم گەرماشە بیرەیەکی سارد دونیایەک دەژی، ناژێ؟

دکتور مینائی وەڵامی دایەوە ئەشهەدو دەژێ..

دڵشاد نیوە ئاوڕێکی بێدەنگی لە سیروس و فەرزین دایەوە دوو دەنگی وتیان:

- ئێمەش.. دەڵێین حەیاتە.

مایەوە سەر یاسەمین. دەینوارییە تۆڕ هاویشتنی ماسیگرەکاندا:

دڵشاد ڕووی تێکرد و ڕێک و ڕەوان وتی:

- چۆنی لەگەڵ بیرەیەکی ساردی کەللەتەزێن دا؟

یاسەمین لێوی خوارەوەی ژنانە گەزی و نەختێک ڕاوەستاو بەدەم سەروپرچ لەرزاندنەوە وتی:

- باشە خراو نییە.

برژاندنی ماسی کاتێکی دەخایانێت. بیرە هەریەکە بوو بەدووان و سیان. پردی تەماشاو وردە ئاوڕ لە نێوان یاسەمین و دڵشادا بەسرابوو. هاڕەی کولەری ئاوی تێکەڵی قسە و کەنین و عەرەق ڕێران بووبوو، گەرما لەبیرچووبوویەوە.

دڵشاد گلەیەکی زۆری لە دکتۆر مینائی کرد کە دۆستانی وا نازدار و شیرین کەلامی هەبووە و لە گەڵیاندا ئاشنای نەکردووە. با وەک دکتۆر کەوتبووە تەنگەبەرییەوە، بەڵام سوێندی دەخوارد لە ترسی سین

و جیمی زرتە زەلامەکانی دەستگای "موخابەرات"ی عێراق پارێزی لەوەی کردووە نەکا گرفتارییەک بۆ دڵشاد پێک بهێنن و بەبۆنەی ئەوانەوە تووشی کەن. ڕەشمۆی دانیشتنەکە بەدەست فەرزینەوە بوو، جۆکی جۆراوجۆری دەگێڕایەوە. لەو دوو ساڵەدا سەدان جۆکی ئەملاو لای هەڵگێڕابوویەوە سەر عارەبەکاندا و جۆرێکیش دەیگێڕایەوە کە ساختەو کارگەردانی تیادا هەست پێ نەکرێت.

یاسەمین یەک دووجار بەدەم پێکەنینەوە پێی ڕاگەیاند ئەو گاڵتە پێ کردنانەت بێ بەیاخە. یەکەم ئێرانیت و دووهەمیش زەردەشتی.

فەرزین لە وەڵامیدا وتی:

– خانم! من هەر نەبێت لەگەڵ خۆما ڕاست دەکەم. بەڵام ئێوە هەمیشە بانێکن و دووهەوا؛ ئەگەر چەن هەوا نەبێت. فەرموو دەی با بەبۆنی ئەلکول و سەرخۆشییەوە با بڕۆین بۆ مەزاری سەلمانی فارسی، بزانە تێلا تڕێنمان ناکەن. لە سەر مێزێکی دی خواردنیان دانابوو بۆنی ماسی برژاو هۆڵەکەی پڕ کردبوو.

یاسەمین لە ژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– لە سەلمان گەڕێ.

## ٦١

فـەلامـەرز خـەو خـومـاری کـردبوو؛ سـەری وەرچەرخـاندبوویە لای پەنجەرەکەوە. نیوەی سەری لە نێو باڵشە نەرمەکەدا نوقم بووبوو. لی لی قـەد بەقـەد لەسـەر پشـت ڕاکشـابوو، پـەنجـەکانـی دەسـتی لە ژێر سـەریدا پێکەوە گـرێ دابوو، دەینواڕییـە بنـمـیـچی ژوورەکـەدا و لەپڕ لەبەر خۆیەوە وتی:

– تۆ ناوی "تەلا"ت بیستووە؟

فەلامەرز وەڵامی نەدایەوە. پێوەژەند: وتم ناوی تەلات بیستووە؟

فـەلامـەرز ئەو چاوەی وا لـە نەرمـی سـەرینەکـەدا نوقـم نەبوو بوو کردەوە و وتی: چی؟ من لە حزووری "حافظ"دا بووم، تەلای چی؟

– ناوی کچێکت بیستووە بەناوی تەلا.

فەلامـەرز وەک شریتی فیلمـێکی سینەمایی تـوند و تیژ ئەوی تەلا ناو بوو ئەو دەیناسی گوزەراندی بەمـێشک و بیر و ئاوەزیدا. لەژێر لێوەوە وەڵامی دایەوە:

– زۆر تەلا ناوم بیستووە؛ بەتایبەت کە منداڵ بووم "کارەکەر"ێکمان هەبوو دەیگرتمە کۆڵەوە، ناوی "تەلا" بوو. دووبارە پێیەوە ژەند و وتی:

– من "تەلا"کـانی لای تۆ ناڵێم. تەلا خـانمی تازەی نێـو دەربارم مەبەستە.

فـەلامـەرز وەرچـەرخـایەوە لای "لـی لی"یەوە و دەست و بازووی کـردە

پرد بەسەر سنگ و مەمکیدا و سەریشی تێکەڵاوی خەرمانی زوڵفی لی لی کرد و وتی:

– نەمبیستووە، مەگەر چی بووە؟

– کچێکی دوو ڕەگی جوانکیلەیە. تازەگی سەر و کەللەی لە دەربارداپەیدا بووە و وردە وردە خەریکە گۆبەن دەنێتەوە.

– گۆبەن؟

– بۆ تۆ گۆبەنی ناوەتەوە؟

– خۆزگە بۆ من بایە! بۆ شابانوو.

فەلامەرز مەتیلی سەر ڕووی خۆی و لی لی تووڕدایە لاوە و چوارمشقی ڕوو بەلی لی کە هەروا ڕووت و قووت ڕاکشابوو لنگی لەسەر لنگ دانابوو، ناوگەڵی دەرپۆقیبووە دەرەوە:

– دەبێ کێ بێ و چی بێت تا بتوانێت گۆبەن بۆ شابانوو بناتەوە؟

– مەسەلە لەیرەدایە. پشتی بەشا قایمە و شاهەنشای لە چنگیدا کردووەتە مۆم.

– کوێنەرییە؟

– کچی سەرلەشکرێکی هێزی ئاسمانییە و دایکی ئەمریکییە و تا بڵێی جوان و شۆخ و شەنگیشە، چاویشی شینە.

– دیارە عەلاحەزرەت مەیلی بەلای چاو شینەوەیە.

– وەک دەزانی شاژن "فەوزیە"، دایکی والاحەزرەت شەهناز پەهلەوی چاوی شین بوو. سورەیا بەختیاریش چاوی شین بوو؛ تەنها عولیاحەزرەت فەرەحە موو ڕەش و چاو ڕەشە.

– یانی پرسیارەکەم لە جێگەدایە شاهەنشا حەزی لە چاو ڕەنگینە؟

– با باشتر ڕوونی کەمەوە. شاهەنشا حەزی لە ڕابواردنی ئەملاو لا

هەبووە و هەیشە. ئەمە بەلای شابانووە ئاشکەرا و ڕوونە. لە پەنجاکانا حەزی لە کچێکی موو زەردی سوور و سپی جوانکیلە بوو بەناوی "پەری غەفاری". شەش حەوت ساڵ زۆرتر پێکەوە بوون. ئەوە بۆ خۆی داستانێکی ترە. ئەم تەلایەش چاوی شینە و سەرو زوڵفیشی زەردی ئاڵتونینە.

- بەم شێوە بێت پەیوەندی ژن و مێردی نێوان شاهەنشاو عولیاحەزرەت نارێک و ناجۆرە؟

- لە دوای لە دایکبوونی والاحەزرەت "فەرەحناز" پەیوەندی ژن و مێردی نێوان شاهەنشا و عولیاحەزرەت بەشێوەیەکی گشتی پچڕا و.. لە نێو یەک پێخەفدا نەنووستوون.

- بۆ تێناگەی؟ شا ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و شابانویش هەروا. ئەوەی دەیبینیت ڕوو هەڵماڵیای ڕەسم و ڕەواڵی دەربارە و داپێویستییەکانی دەوڵەتدارییە و بەس.

- دەتوانم پرسیارێکی دیت لێ بکەم؟

- دەی؟

- باشە عولیاحەزرەت شابانوو یەشتا زۆر گەنجە و نەشیاوە وەک ئافرەت بخرێتە لاوە یا خۆی بخاتە لاوە؟

لی لی تا ئەو دەمە ڕووت و قووت ڕاکشابوو. تەمەڵانە خۆی کێشایە سەرەوە و پشتی گیرکرد لە دیواری سیسەمەکە و یەک دووجار دای بەسەر ناو گەڵیدا و وتی: ئەمە نیعمەتی خوایە. خوا نەیبەخشیوەتە مرۆڤ تەنها بۆ منداڵ و میزکردن. مەگەر شابانوو ئەمەی نییە؟ ژنی شا بوون ئەرکێکە و ... دیسانەوە نەرم لەپی خشاندە ناو گەڵیدا و وتی:

- ئەمەش نیاز و ئەرکی خۆی هەیە، مەگەر نا؟

فەلامەرز سەرسام بووبوو. قەت قەتی ئەو جۆرە قسانەی لە "لی لی" نەبیستبوو. بێ وشەی عولیاحەزرەت ناوی شابانوی بەدەمدا نەدەهات. بەچاکی زانی تۆزێک ڕاوەستێ و درێژە بەپرسیارەکانی نەدا. زەمانێک بوو دەیویست "لی لی" لەو باسانەی بۆ بکا و پەنجە بخاتە سەر ژیانی تایبەتمەندی فەرەح و پەی بەپەیوەند و تێکەڵاوی ڕاز و نیازەکانی نێو دەربار ببا، ژیرانە لێی دەجووڵایەوە و سرک و سلوک لە وشەی دەنوی. تۆفانێک کەوتبووە دەروونیەوە، تۆزێکی دی خۆی لە "لی لی" نزیکتر کردەوە و شان و ملی چەسپاندە سەر سنگ و مەمکیدا و سەری وەرچەرخاندە لاوە تا چاوی شایەتی لێی نەدا و وتی:

– وەڵڵاخۆ ڕاست دەکەی. ژیان بێ ئەو لایەنە نە تامی هەیە و نە چێژ، هەیەتی؟

– شابانوو بەش خوراو نییە. خەڵک و کۆمەڵێکی لە دەورە، ئەوی بیەوێ دەیکا و شایش بەوە دەزانێ.

– یانی دەتەوێ بڵێی شا بەڕابواردنی شابانووی زانیوە؟

– فەلامەرز خان لە کوێی کاری؟ دەربارەکانی ئەوسایش هەروا بووە. ئیرسە و بەجێماوە. ئەوە بۆ سێ ساڵ و نیوە شاهەنشا لەگەڵ شابانوودا لە ژوور و پێخەفێکدا نەنووستوون. خۆ سەدەکانی ناوەڕاست نییە و نەماوە تا پشتوێنی داوێن پاکی بۆ ببەستن، دەیبەستن؟

– من هەرگیز وا تێنەدەفکرام. ئەوی لە تەلفزیۆن و ڕۆژنامە و بەرنامە و پڕوپاگندەی دەستگاکان دەبیسرێ و دەبینرێت هیچ جۆرە ناسازگارییەکی پێوە دیار نییە و ڕەنگە لەیرایا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەوێرن یا نەیانەوێت توخنی ئەم جۆرە باسانە

بکەون. خۆ لە ئەوروپا و ئەمریکادا ئەم جۆرە هەواڵانە بەپارە دەکڕن و شەڕ لەسەر بڵاوکردنەوەی دەکەن.

– ئەمانەی وتت ڕاستن؛ بەڵام شاهەنشا سفت و سەختی لێی نەنواوە شابانویش بێ دەسەڵاتانە لێی ڕانەوەستاوە، ئەوەسا شەو و ڕۆژ فەرەیدوون خانی لەگەڵ دایە؟

– لە چیدایە؟

– لەگەڵایە و وەک من و تۆ. دیارە لە منداڵییەوە لە قوتابخانەی ڕازیدا پێکەوە هاوپۆل بوون، بەپێچەوانەی یەکێک لە شاژنە ناسراوەکانی مێژوو –ناویم لەبیر نەماوە– شەو لەگەڵ هەر کەسێک ڕاییواردایە بەسبەینیدا سەری دەبڕی. فەرەیدوون خانی لای خۆمان زۆریش بەسەری شابانوودا زاڵە و فەرمانی دەداتێ و وەک مێردێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکا. پێم سەیرە! من لام وابوو تۆ ئەم جۆرە هەواڵانەت زانیوە، بۆیە باسم نەکردووە. بۆچی هەیە لە دەربار و زۆر دام و دەستگای تری دەوڵەتی ئەمانەی نەبیستبێت؟

فەلامەرز نەرم و نیان سەرگۆی پەنجەی دەخشاندە سنگ و بەرۆک و لاگەردنی "لی لی"دا، بێئەوەی دەست لەوە هەڵگرێ وەڵامی دایەوە:

– ئەوە بۆ چەند ساڵە لە دەربارادم، لە تۆ زیاتر هیچ جۆرە پۆ و پەیوەندییەکم لەگەڵ کەسانی تری دەرباریدا نەبیستووە. لەبیرت چووە مەگەر بۆ خۆت ئامۆژگاری وات نەکردووم؟ لە بیرتە سەرەتا ڕات گەیاند وریابە تێکەڵاوی دەرباریپەکان نەبم و ئەوی دەیبیسم گوێی لێی نەگرم، لە بیرتە؟

لی لی نەرمە ماچێکی لە دەمی فەلامەرز فڕاند و وتی:

– بەمە دەڵێن کوڕی عاقڵ و سەلار. ئا، کەوتەوە بیرم. مادام وایە بۆ

لەمەولا بڕێک شتت بۆ دەگێڕمەوە.

– وەڵڵا خۆ چاک دەکەی. ڕاستە ئەم جۆرە ڕووداوانە پۆ و پەیوەندی بەکەسەوە نییە بەڵام شت نییە باسی لێ نەکرێت و منیش لە جێگەیەکدا کاردەکەم پێی ئێژن "دەربار". با خەڵک و خۆم بەکاوڕە گێژەم نەزانن و نەزانم.

– دەمەوێ ئەوەی بزانیت جۆری ژیان لە نێو دەرباری پەهلەویدا تایبەتمەندە و لە دەربارەکانی کەی دونیا ناکا و ناچێت؛ هۆییش زۆرە. لەم دەمەدا هیچ شایەک سێ ژنی نەهێناوە. ئەوە شاژن "فوزیە" بوو نەیتوانی لەگەڵ جۆری ژیانی دەرباری پەهلەوی و ڕووداوەکانیدا ڕا بێ و بەردەوام بێت، لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم بۆ خۆی ئافرەتێکی تووڕە و لاسار و حەسوود بوو. دووهەم تەواوی برا و خوشکەکانی شاهەنشا بەسەرۆکایەتی والاحەزرەت "ئەشرەف" سەنگەریان لێی گرتبوو، لێیان دەخوێند. دەیبینی وا شاهەنشا بەبەرچاویەوە خەریکی ڕابواردنە و "پەری غەفاری" لە یەکێک لە کۆشکەکاندا ڕاگرتووە و کە گەڕایەوە بۆ میسر ئیتر نەگەڕایەوە بۆ ئێران و داوای تەڵاقی کرد و شاهەنشایش تەڵاقنامەی بۆ هەنارد. ئەویش بۆ خۆی ڕای دەبوارد. شاژنی دووهەم "سورەیا بەختیاری"، شاهەنشا تا ڕادەیەک خۆشی دەویست. لەبەر منداڵ نەبوون ئەویشی تەڵاق دا. ئەو تا شاژن بوو ئەشهەدو چاو لە کەس نەبوو، دوایی ناوگەڵی بەرەڵاکرد. نۆرە هاتە سەر شابانووی ئێستامان. ئەگەرچی لە دەربار‌دا یەشتا ئاش هەمان ئاشە و والاحەزرەت "ئەشرەف" دژ بەشابانوو لە تەقالا و دەستەبەندی و ملمەلاندایە، سەرەتا شابانووی وەتەنگ هێنابوو. ئێستا دەور گۆڕاوە، شابانوو دایکی وەلیعەهدە و سێ منداڵی لێی هەیە. ئەشرەفی

پێچاوەتەوە؛ بەڵام "ئەشرەف" ئەشرەفە و بەئاسانی دەستەمۆ ناكرێت و لە سەد لاوە خەریكی بەن و باو و پیلانی جۆراوجۆرە و ململانە. ئەوسا بووە بەپشت و پەنای "تەلاّخانم" و لە ئامێزی گرتووە و كردوویە بەهاوڕای شەهرامی كوڕی و شەوڕۆژ لە "دیسكوتیك"ەكەیدایە.

– ناكرێ شاهەنشا بەوەی نەزانێت؟

– دەزانێت، ئا دەزانێ. گرنگ بۆ شاهەنشا جارەوبار ناو پێخەفە و ئیدی لەوەولا چی دەكا، بیكا.

– تۆیش وا تێدەفكریەیت؟

– من.؟

– ئا تۆ.

– جگە لە یاسەمین، ئەگەر بێت و بزانم پەیوەندیت لەگەڵ ئافرەتێكی تردا هەیە هیچ نەكەم، بەیەكجاری وازت لێ دێنم و لێت دوور دەكەومەوە. بۆیەش دەڵێم جگە لە یاسەمین، چونكە حەق بەوە و بەمن نییە و من هاتوومەتە سەر ئەو و جێگام پێی لەق كردووە.

– جا چۆن دەزانێ ئێمە...؟

– ئەوەندەش بەبێدەربەست و كەم تەرخەمم مەزانە؛ كەم ژن هەیە نەزانێت مێردەكەی یا دۆستەكەی، چووزانم دەستگیرانەكەی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتێكی تردا هەیە یا نا. پەیڕەوانی "حافظ" عاشق پیشەن، كەمیان خەیانەت پیشەن. دووهەمی تاقیكراوەی، لێت ناترسم. خەڵكم بەدواتا هەناردووە.. ئەشهەدو دەڵەو چاو لە دەر نیت.

– تۆ چی؟

– من لە تۆ هەست ناسكتر و حەسوودترم. هەتاوەكو شاكامی

بەمێردەکەتیش دەبەم. نەتوت ئەم فەرەیدوون خانە کوێنەرییە؟

– ئەو لە دوورەوە تۆ دەناسێ و ناوتی بیستووە، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی پرۆژەی کۆشک، بۆچی هەیە تۆ نەناسێت؟ میوانییەک لە پێشە، بەم زووانە یەکتر دەبینن. کاتی ئەوە هاتووە بێیتە ناو بەزم و ڕەزمی دەستە و گرووپی دەربارەوە. سەروگەردنێک لەوانە پیاوتر و ڕێزدارتری.

– من بەبەرژەوەندی نازانم، دەترسم گرفتاریم بۆ دروست بکەن. بۆ خۆت ئاگاداری کەین و بەین و کاری نامەردانە و حیزانەی دەرباری.

– ناماقوڵدەکەن. جارەوبار خودی شابانووویش تیا بەشدار دەبێت؛ شتێکە لەو شەونشینیانەدا ژنی هەرزە و دەڵەی زۆری تیایدایە. تەنها ئاگاداری ئەو خاڵەیان بەو بەس.

– لەوەیان مەترسە. ناڵێی تاقیکراوەم؟

– دەزانم جنۆکە نییە و لێیشی دەترسم. ئەو ژنانە هەزاران ئەفسوون و جادوو بەکار دەبەن، عفریتێکن بۆ خۆیان.

سەرتاسەری دیواری دوکانەکەی بەئایاتی قورئانی و ئەشعاری جۆراوجۆر ڕازاندبوویەوە، تەواوی شێوەکانی خەت نووسیی لە نەستەعلیقەوە بیگرە تا شێوەی عارەبی و نەسخ و سولس و ئەوانی تری تیا دەبینرا. ئەشعاری مەولانا و حافز و کەڵە شاعیرەکانی ئەدەبی فارسی هەڵواسیبوو. وشەی جۆراوجۆری "هو الباقی و مەزار و گۆڕ و ئارامگا و.. هذا القبر"ی لەسەر ئەڵگو بەردینەکانەوە هەڵکەندبوو. بەلای خەت نووسە ناسراوەکانەوە نموونەیەکی دەق بەدەقی ئەندازەی گەورە و بچووکی کێڵی بەردینی تاشیبوو وەک نموونە لە زەوی دوکانەکەیدا هەڵیسپاردبووە دیوارا. هەر کۆس کەوتوویەک بهاتبا لە مێژدا پرسیاری تەمەنی لێی دەکرد و ئاریەلێکی دەستی بەدەستەوە دەگرت و ئاماژەی بۆ نووسراوەکان دەکرد و لەسەرخۆ بۆ کابرای دەخوێندەوە. ئەوەندەی نووسراوەکانی خوێندبوویەوە، هەمووی ئەزبەر کردبوو. ناوباوی کێڵە گۆڕی "ڕەحمان ملکی" لە تەواوی شاری کرماشان و ناوچە دوور و نزیکەکانی ئوستانا دەنگی دابوویەوە. ناوی ڕەحمان ملکی تێکەڵی مەرگ و کێل و گۆڕ بووبوو. لە بازاڕدا لەبەر کەللە شەقی و پەیوەند بە "ساواک" ەوە خەڵک خۆی لێی دەپاراست و تێکەڵی نەدەبوون. پەیوەستە تەوشیەکی تیژی بەکلکدا دەکردە پشتوێنەکەیدا و لەگەڵ هەرکەسێکدا دەمی تێگیرابا وەک "ڕینگۆ"ی تەکساس لە جێی دەمانچە دەیکرد بەتەوشیدا. لە

دەمـەقـاڵێ و کـێـشــە و بیگرە و بـەردەدا دووسێ کـەسـێکی بـەتەوشـی بـریـنـدار کـــردبـوو. چـەنـدین جـــاریش خـــرابـووە زیـنـدان و بەهـۆی "سـاواک"ەوە بـەرەڵاکـرابوو. لەم دوا دواییـیـەدا لەگـەڵ چەقـۆکـێشـێکی شـرەتی شـەڕفـرۆشـدا بەناوی "عـەبـاسـی تـیـغـی"دا ناکـۆکـی کـەوتبـووە نێـوانیـانـەوە. بـڕێک لایان وابوو لەسـەر ئافـرەتێکی ناسـراوە بەناوی "پەری بوڵەندە"، بەڵام لە ڕاستیدا عەباس لەلایەن چەند کەسێکەوە هان درابوو تـا ئاوی چاوی ڕەحــمـــان بسـێنیـێ و بای ورگ و کـەپووی دامرکـێنێتـەوە. لە ئێوارە پێنج شـەمـەیەکی باخـەکانی "تاقـوسان"دا دەمیان پێگیرابوو. عەباس تیغی تەوشیەکی بەرکەوتبوو سێ پەنجەی دەستی قرتابوو، لەناو شاری کرماشاندا دەنگی دایەوە و تەقییەوەو گـەیشـتـە نـاو لات و ملهـوڕەکـانـی نێـو چاڵە مـەیدان و شـاری نەو. جـیـاوازی نـێـوان ڕەحـمـان و چەقـۆکـێـشـەکـان لەوەدابـوو ڕەحـمـان بەعەرەقی ناوچەوانـی خـۆی دەژیا و پوول و پارەی زۆر و زەوت و خـاوە و باجی لە کـەس نـەدەسـەند و لـە بەردتاشـیـندا گـەیشـتـبـووە پـایەی وەسـتـاکـاری و مـاندوویی لا نەبوو. زۆر کـەس لێی دەلاڵکایەوە تا کوڕەکەیان بەبێ موزد و جیرە و مەواجیب بەلای خۆیەوە ڕایگرێ و بەشـاگـردی وەرگـرێت و نانەسـکی کـاری بۆ بکا؛ کـەم دەچووە ژێر. دوکانەکەی لەسەری تاریکە بازاڕەوە هەر کات تل و بەردی مەڕمەڕیان بو هەڵڕێژایە تۆز لەناو تاریکە بازاڕدا پەنگی دەخـواردەوە. هەرچـەند لێی دەپاڕانەوە تا بەکـرێکار یا بەسـڵنگ بـەردەکـانـی داگـرێ و هەڵینەڕێژێت، گوێی نەدەدایە داواکانیان و بەئەنقەست دەیخستە پشت گـوێ و هەر کـات تۆز پەنگی خـواردبا سـەدان جنێـویان حـەواڵەی ڕەحمان ملکی دەکرد و سەدانیشیان هەواڵەی حەجارباشی دەکرد کە جانەوەرێکی وای هێناوەتە دەوروبەریان.

ڕەحمان هەر وەک ئەوسا سەری دەلەرزییەوە. ناتۆری "ملکی" لە لایەن دەوروبەری بازاڕەوە لێی نرابوو، بەچوارتەنیشتدا بڵاوبووبوویەوە. بە وتنی "ملکی" ئیدی نیاز نەدەما بەهێنانی نێوی ڕەحمان. لە نێوی کۆمەڵی چەقۆکێش و ملهوڕەکانی شاری کرماشانا بەهاوڕێ کوژیش دەناسرا. هیچ کەس وەک ڕەفیقێک، دۆستێکی نزیک، تێکەڵاوی نەدەبوون. تۆمەتی هاوڕێ کوژی چەسپابوو پیادا و لێی نەدەبوویەوە، باوەک لە زۆر ڕووداو و تەنگانەدا دەستی یارمەتی بۆ ناسراوانی درێژ دەکرد و کۆتایی لێ نەدەکردن و پووڵ و پارەی مێزی عەرەق خۆری و خانم بازی دەگرتە ئەستۆ. دەور و بەرەکەی لە ناخیاندا هاوڕێ کوژیان لێ نەدەبەخشی و ئەو کارەی وەک ئیسقانێک لە گەروویاندا گیری کردبوو. کاتێک لەگەڵ عەباس تیغیدا بوو بەشەڕیان، عەباس قیڕاندبوویە سەریدا: ئای زەمانە! ها سەیرکەن کێ دەم لە مەردانەگی و دەم ڕاستی و "لۆتی گەری" دەکوتێ؟ ملکی هاوڕێکوژ بڕۆ بەمەچیر خۆت بخنکێنە. تۆ شەرم و نەنگی بۆ هەرچی پیاوی ئازا و گەردن کوڵفتی سەرتاسەری کرماشان. هەی بێ ڕەگ و ڕیشە! کەس نازانێت شیعەی، سونیت یا ئەهلی حەق؟ هەرچی بیت لە شەرەفەوە دووریت. ئەویش هەر بەو قیڕەوە وەڵامی دابوویەوە:

بڕۆ دەڵە دزی پڕوپووچ! من نامەرد کوژم، نامەرد کوژ. ئەمڕۆ لە دەستم دەرناچیت بۆ هەرچی وردە چەقۆکێشی دوور و نزیک هەیە عاقڵت دەکەم و هاوشیرەتیش ئەخەمە جێگەکەی "پەری بولندە". سێ پەنجەی عەباسی قرتاندبوو. چەند ڕۆژێک ڕەحمانیان لە زیندانا گل دایەوەو سەرئەنجام بەڕەڵا کرابوو.

کارگای سەنگ تاشییەکەی ڕەحمان لە زۆر لاوە بۆی دەهاتن؛ لەم

دوا دوایەدا دەستی دابووە تاشینی پایەی مێز و سەرە ستوون و سەر و موقلی شێر و گورگ و ئەسپ.

کارەکانی هیچ جۆرە ئەندازە و تەناسوبی تیا نەدەبینرا. لە شێر دەچوو لە سەگیشی دەکرد بەلای خۆیەوە سەر و گەردنی ئەسپی تاشیوە ئەگەر لێی وردبایتا زۆرتر لە سەروگوێلاکی کەر و هێسترو ئەسپ دەچوو.. ئەو جۆرە کارانەی بۆ دۆستان و ناسراوانی دەسازاند.. هەر ماڵی کارمەند و لێپرسراوێکی دەستگای ساواک دەستکردێکی سەنگی ڕەحمانی تیا دەبینرا. بەلای ڕەحمانەوە جۆری تلە مەڕمەڕ و ڕەنگ و قەبارەکەی لە چۆنیەتی تاشیندا کاری و ڕۆڵی خۆی دەبینی. جا بۆیە بۆ خۆی سەردانی کانە مەڕمەڕەکانی دەوروبەری شاری سنە و قروە و هەمەدانی دەکرد و تلی تایبەتی مەڕمەڕی هەڵدەبژارد و لەگەڵ خاوەن کانەکاندا دەکەوتە ڕاز و نیاز و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بەردتاشین وەک پیشە و کار و کاسبی و دەیوت:

– فەرهادی کۆهکەنم هاتە خەو. ئەو پێی ڕاگەیاندم تا سەنگ تاشین بکەمە پیشە. هەر لەبەر ئەوەش ناوی کوڕەکەم ناوە فەرهاد. ئەگەر لێیان بپرسایە فەرهاد چ جۆرە پیاوێک بوو؟ چۆن چۆنین دەنوا؟ دەیوت هەر بازووڵەیەکی بەئەندازەی موتەکایەک پان دەبوو بالا چی؟ دوو ئەندازەی من بەرز و بوڵەند و تا بڵێی خۆش سیما و ڕووخۆش و قسە شرین. ڕەحمان بەجۆرێک باسی فەرهادی دەکرد وەک وا بێ تەواوی عومری لەگەڵدا ژیا بووبێت. ئەگەر چوختییەکی زرنگ دەربارەی شرین و شەودێز لێی بپرسایە، نەدەچووە ژێر دیتنی شرین و شەودێز و لە دەوروبەری فەرهاد و بێستوون و سەنگ تاشین و فەرمانی فەرهاد دوور نەدەکەوتەوە. ئەوەندەی وتبووی و بەخۆی سەلماندبوو کە ئەو

درۆیانە ڕاستە و هەر سەر بناتەوە دەڕواتە دونیای شرین و فەرهاد و خوسرەوی پەروێز و عیشقی ناکامی فەرهاد و کێوی بێستوون تاشینی فەرهادەوە.

ئەگەر لێیان پرسیبا: ئەم بەردتاشینە لە کوێنەوە فێر بوویت؟ نەیدەوت زیندان، دەیوت تاران بەلای مەشدی حەسەنی حەجارباشییەوە. لەوەش دەڕوا وەجاخم کوێر نەبێ و وا فەرهادی کوڕم دەستی تەوشیەی گرتووە و هونەرنمایی دەکا.

# ٦٣

– سەلامون عەلەیکم.

– عەلەیکومە سەلام. فەرموو

– دەتوانم لەگەڵ ژمارەی بیستدا قسە بکەم؟

– دەتوانی. لەوێڕا کێت دەوێ؟

– یاسەمین؟

– ناوی جەنابت؟

– دڵشاد.

کابرای پرسگە دوو ژمارەی تەلیفۆنەکەی بەر دەستی باداو ڕاوەستا و چاوەڕێی وەڵامدانەوە. عەرەقی کردبوو بەئەو دەستەکەی دەستەسڕێکی تەڕی چڵکنی پەیتا پەیتا دەهێنایە ڕوخسار و لاگەردنیدا. لە پڕ وتی:

– تکایە با یاسەمین خانم قسە بکات. دیار بوو یاسەمین لە ژوورێکی دیەوە دەهاتە لای تەلیفۆن، بۆیە کابرای پرسگە دیسانەوە ڕاوەستا و زۆری نەخایاند یاسەمین هاتە سەر تەلیفۆن. ببوورە خانم برادەرێک دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا. دڵشاد دەستەی تەلیفۆنەکەی وەرگرت و وتی:

– ئاخری دۆزیتمەوە.

–...

– ئا لەیرام و ئەگەر بکرێت دەمەوێ چاوم پێت کەوێ. دڵشاد سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

– باشە چاوەڕوانم. گەرمای تەمووزی بەغدا تەواوی قیری ناو شەقامەکانی شاری کردبووە هەویر. کەوشی شل و فلّتی لە پا بەجێ دەهێلا. خەتوخوازی تایەی ماشینەکان بەسەر جادەکانەوە نەخشی بەستبوو. هەرچی پەلەوەر بوو بێتاقەتانە دنووکیان کردبوویەوە. کوکوختی خوێندنی تیکەڵ بووبوو. دڵشاد بەسەر کورسییەکی تەختەوە پای لە سەر پا دانابوو چاوەڕوان. کاتژمێر بەرەو دووی نیوەڕۆ دەڕۆیشت. تاقمی بەڕێوەبردنی ئێوارە و شەوی ئێزگە پەیتا پەیتا دەهاتن و دەفتەرێکیان ئیمزا دەکرد و خێراو بەپەلە لە دەرگایەک دەچوونە ژوورەوە. دڵشاد زیرەکانە ئەو کاتەی هەڵبژاردبوو تا بەو قرچەی نیوەڕۆە تاوگرتووە نەهێڵێت یاسەمین لە شەقامدا چاوەڕوانی تەکسی ڕاوەستێت. یاسەمینیش پەی بەوە بردبوو کە دڵشاد بەقەستی ئەو کاتەی هەڵبژاردووە. هەردووکیان ئەوەیان دەزانی و لە مێژیشدا چاویان لە نیوە ڕێگەدا بەیەک گەیشتبوو. نەخشەی تێڕوانینەکەیان بەلای هەردووکیانەوە ڕۆکرابوو. دوو ساڵ تەنهایی، دوو ساڵ لە ئازیزەوە دوور، دوو ساڵ ئازاری شەو بێداری و حەز و هەوەس و نیازی لەش ڕاگرتن، دوو ساڵ تامۆڵی بێ ئومێد و سەرئەنجام بۆ ئافرەتێکی تەنهای بێکەسی ئاوارەی نامۆ دونیایەک پەژارە و تێکەڵی هەست و خرۆشانی ناخ و دەروون پێک دێنێ و هەنگاو نارێک و دەست و پەنجە لەرزۆک و لە وشە و جوملەبەندیدا خاڵ و کۆما و نیشانەی پرسیار لە جێگەی خۆیدا پڕ بەپێست دانانی ئاسان نابێت و ئاشوفتە ڕەفتار، ئاشوفتە گفتار دەخولێتەوە و هەموو ساتێک وەکو

زامێک دەکولێنەوە. یاسەمینیش تەماحگیری دڵشاد بووبوو. جارەوبار سەرێکی سووڕ دەدا و تێدەفکرا:

ئەمیشت کوردە و هونەرمەندە و دیارە چارەنووسی من هەر لەگەڵ کوردانداپە.. بەرەکەت کەن ئاوا.

سەری سەعاتێ دوو یاسەمین گەیشتە پرسگە و ڕوو بەدڵشاد وتی:

- خۆ دەرنگم نەکرد؟

پێکەوە لە حەساری ئێزگە وەردەرهاتن، شان بەشان بێ دەنگ نەرم نەرم هەنگاویان دەنا. دڵشاد وتی:

- با ڕاستگۆ بم لەگەڵتا، بۆیە ئەم کاتەم هەڵبژارد تا ئەگەر بکرێت ئەم نیوەڕۆیە پێکەوە نان بخوێن. دەبوا لە پێشدا ئاگادارتم کردبا، بەڵام ئەوجارە گەرما و شتی تر مۆڵەتێکی وای نەدا تا ژمارەی تەلیفۆنەکەت وەرگرم و تەنها ئەوەم بیست کە ژمارەی بەشی فارسی بیستە؛ نەشم ویست لە دکتۆریش داواکەم. ئەم ڕفتارەم بخەرە سەر سەرەڕۆییم و تۆزەکێکیش ڕاستی و بێ پەردە پۆشیم.

ساڵ و تێفکرین و ئاشوفتەگی دەروونی و دەربەدەری لە ڕوخسار و کرداری یاسەمین دا نیشانەی دەرکەوتبوو.

شان و بازوو و پاوپل و سنگ و بەرۆکی گۆشتن تر بووبوو. جارەوبار دەکەوتە گلەیی لە جۆری خواردنی خەڵکی بەغدا و ڕەبەنی و ناچار خواردنی زۆر لەو خواردنانە. باوەک زیرەکانە دەکۆشا جۆرێک جلوبەرگ لەبەر کا و ڕەنگێک بەکار ببا ئەو یەک دوو توێژ گۆشتەی تیا بشارێتەوە، جارەوبار سەردەکەوت و جارەوبار نا.

- مەبەستت لە بێ پەردەپۆشی چییە؟

– مەبەستم لەوەیە حەزم لە ئەم لاو لا کردنی نییە و ڕاستەوخۆ دەچمە چەقی باسەکانەوە.

– باشە دەتەوێ بۆ کوێم ببەی؟

– زۆر دوور نییە ڕستۆرانێک بەسەر دیجلەوە کراوەتەوە یەک دوو جارێک نانم تیا خواردووە جێگایەکی ناخۆش نییە.. لەو سنگی "قەنات"ەوەیە. دوورە لە هەوای شار و بیگرە و بەردەی.

– هەر خانمێک ڕازی بکەی بۆ ئەویەی دەبەی؟

– بەچیم دەزانی؟ گازەنۆڤا یا...

یاسەمین نەیهێڵا قسەکەی تەواو کا. نا من دەمەوێ بزانم تۆ من بە چی دەزانی؟

لە پردی شوهەداوە پەڕینەوە بەشی "رصافە". تا ئەو دەمە دڵشاد بەمتمانەوە ماشێنی لێ دەخوڕی، پرسیارەکەی یاسەمین تۆزێک خستییە تەنگەبەرییەوە. بەپەنجەی دوو سێ جار دای بەسەر "فەرمان"ی ماشینەکەیدا و لە ژێر لێوەوە وتی:

– بە چیت دەزانم؟

یاسەمین هەروا سەیری پێشەوەی دەکرد بێ ئەوەی وەڵامی داتەوە دووسێ جار سەری لەرزانەوە.

– وەک وتم، من تۆزێک عەجوولانە دەجووڵێمەوە و تا بەئەوڕۆیش باج و خاوەی پەلە پەل و کاری دوور لە وردەکاری خۆمم داوە. بەڵام دەربارەی ئافرەت بەدەگمەن دەکەومە هەڵەوە.

– یانی دەتەوێ ئەوە بڵێی ئەوەندە لە ئافرەت ناسینا وەستاکار و خاوەن تاقیکردنەوەی؟

– مەبەستم لەو قسەیە تەنها پەیوەندی نێوان نێر و مێ نییە. بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێکی غەمگین ببینم، ڕەنگە پەی بەجۆری غەمەکەی ببەم یا جووڵانەوەیەکی سەر یا دەست یا ڕاوەشانی سەر و زوڵف لە بەر چی بێ و بەنیازی چییەوە دەیکا؟

– بەس ئەگەر وا بێت خاوەنی بەهرەیەکی خواییت. بەپێکەنینەوە لای کردە لای دڵشادەوە: من بم نووسینگەیەک دەکەمەوە.

– با وەڵامەکەت بدەمەوە، یاسەمین خانم خاوەنی قسەی خۆیەتی و دونیایەک خانمی لێ دەبارێت. لاشم وایە بەهەڵەدا نەڕۆیشتووم و واش بڕوا نووسینگەش دەکەینەوە. گەیشتبوونە جێگە. گۆشەیەکیان هەڵبژاد و دیجلە دیار بوو، لێڵ و خۆڵاوی وەک ئەژدیهایەکی زەرد ڕەنگ سکی نابووە زەوی و بەرەو خوار ملی دەنا.

– ئێ، دڵشاد خان با ڕاستگۆ بین لەگەڵ یەکدا. ئاشکەرایە بەم ئاگربارانە منت نەهێناوە بۆ ئەیرا تا "ئستیک"م دەرخوارد بدەی. "ئیستیک"یشمان خوارد، دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟

– دەمەوێ بڵێم لام وا بوو زۆر کابرایەکی بێ پێچ و پەنام کەچی لە قافا گیرام.

– یانی چی؟

– تۆ لە من ڕۆک و ڕاستتری، ئەمەش خاڵێکی پەسەندە. لە خوو و خسڵەتی ئافرەتاندا –هەرنەبێت بەلای منەوە– ئەوی ڕاستی بێت لە یەکەمین دیداردا لام وا بوو زەمانێکە دەتناسم، وەک وا بێت لە مێژا یەکترمان دیبێت کە نەماندیوە. ئەم ماوەیەیش لە بیر و ئەندێشەمدا دەخولایەتەوە. بەشێوەیەکی وا بەئاسانی نەدەچوومە ژێر و بەگوێرەی توانام ململانێ خۆمم کردووە. ئەمڕۆ ئیتر خۆمم پێ ڕانەگیرا و بڕیارم

دا بگەمە خزمەتت، وا دەمبینی دەست بەنەزەر لە حزوورتا ئامادەی فەرامێنم.

یاسەمین بەزمان لێوی خوارەوەی تەڕ کرد و.. سەرگوێ پەنجەی نەرم نەرم بەسەر بازنەی لیوانەکەی بەردەمیدا دەچەرخاند. سەری بەرزکردەوە و چاوی بڕییە نێو چاوانی دڵشاد ووتی:

– ترسێکم لێ نیشتبوو؛ یا باشتری بڵێم لێم نیشتووەو لە بارەی دەروونییەوە ناخۆ ئاگا چوومەتە سەنگەرەوە. ئەوەی دەزانم زۆر کەسان هەڵە و ناپوختە و نەکوڵاو تێدەفکریەن و بەیەک چاو دەنوارنە زۆر شتدا؛ بەتایبەت دەربارەی ئافرەتێکی دەربەدەری تەنها و بێکەسی وەک من لایان وایە بەئێوارەوە تەفرەدراوە و دەسەمۆ کراوە. بەپێی تێفکرینی گشتی و تاقیکردنەوەی خۆمیش.. ئەوەم لا سەلماوە. ڕەنگە تا ڕادەیەکیش حەق بەلای ئەوانەوە بێت بۆ ئاوا تێفکرینێک. دەمەوێ وردە ڕوونکردنەوەیەک بخەمە بەرچاوت. من نەڕۆیشتوومەتە ژێر زەبر و زۆری دەوڵەتی شاهەنشاهییەوە تەماحگیری زەڕ و زیندگی ڕۆژی تاران و چاوەقلیچکەی ئەفسووناوی شەوی تاران نەبووم. ئەوی پشتم پێی بەستووە و خۆشم ویستووە جێم هێشتووە. من و تەنهایی هاوراز و هاونیاز و هاوسەرین.

دڵشاد کەوتبووە تەنگەبەرییەوە. هەرگیز بەغدای بەو گەرمییە نەدیبوو، دەستەسڕی گیرفانی دەرهێنا و ڕوخساری پێ سڕی و لە سەرخۆ وتی:

– بۆچی لەو خانانەدا دام دەنێی؟

– ئەمە زویربوونی پێ ناوێ، لە سەرەتاوە وتم زۆر لە کەسان، نەک هەموو کەس.

– منیش دەمەوێ بڕێک شت هەیە بۆت ڕوونکەمەوە. منیش وەک تۆ پابەندی بیر و ڕا و جۆرێک لە ململانم. ئایا لەم هەل و مەرجانەدا تۆمەتی ڕەگەزی کورد بوون بۆ خۆی کەمە؟ کوردێک ئەگەر توزکاڵێک ڕێز لە خۆی و لە خاک و لە خەڵکی وڵاتەکەی بگرێت پێی ناکرێ و لای دژوارە سەرسەری ژیان و کەم تەرخەم بوون. بۆچی لە خانەی چینی خۆش گوزەرانان و هەوەس بازانم دا دەنێی؟

یاسەمین ناخۆ ئاگانە دەستی دڵشادی گرت و دووسێ جار لەسەر یەک وتی:

– خراوم لێ تێمەگە. مەبەستم ڕوونکردنەوە بوو و بەس. دڵشاد بزیسکەیەک تەواوی دەمارە مووەکانی هێنایە لەرزین و وتی:

– با ئەوەش بڵێم، زۆرم لاخۆشە پەیوەندییێکی ڕاستەقینەت لەگەڵا ببەستم. هەر نەبێت ئەو فرسەتەم بدەرێ.

– ئاخر یەشتا تۆ من ناناسیت، پێت وا نییە توندوتیژ چوویتە پیری مەبەستەکەتەوە؟

– ئەوەندە لەیەکـــدانەوەی ناوێ، بدەیتێ دوور و درێژترین ڕێگا بەیەکەمین هەنگاو دەست پێ دەکا، نایکا؟

– ڕابوردووی منت لا گرنگ نییە؟

دڵشاد مژێکی ئارامی لە ئاوجۆکەی بەردەستی دا و دەمیشی سڕی و ئارام وەڵامی دایەوە:

– من ناژیم بۆ ڕابوردوو. ئەمڕۆ سبەینییەن لە ژیاندا سازندە و ڕووخێنەرە نەک دوێنێ و گوزەشتە. ڕابوردوو هی تۆیە، کەسیش بێ ڕابوردوو نەبووە.

– دەتەوێ چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانماندا هەبێت ژن و مێردی، عــشق بازی و دڵداری یا هەروا ژیان یان بزانین خــوا چی دەکــا و دەگەینە کوێ؟

دڵشاد قاقا پێکەنی، یاسەمینیش پێکەنی.

دڵشاد ئاوڕێکی لە دیجلەی لێڵ و خۆڵاوی دایەوە و وتی:

– ڕەنگە من شەش حەوت ساڵێک لە تۆ بەتەمەنتر بم. لەم وڵاتانەدا ئەوانەی توانایی و مەرجی ژن هێنانیان تیادا بێ و بگەنە تەمەنی من و ژنیــان نەهێنابێ، دەکــرێنە ڕازی دیوەخــانان و ســەدان بەن و باویشیان بۆ دەردێنن. بەڵام گرفتاری من جۆرێکی ترە. دایکم یەشتا ماوە و زۆریشم خۆش دەوێ.

ئەگــەر لەبەر ئەو نەبووایە کاتێک لە دەرەوەی وڵات بووم لەوێڕا ژنم دەهێنا، خۆ خەریک بووم.

– یانی تا ئێستا ژنت نەهێناوە لەبەر دایکتە؟

– وەک وتم، کــچێکی ئەوروپاییم خــۆش دەویست لەبەر ناڕەزایەتی دایکم وازم لێی هێنا و گەڕامەوە.

– دایکت ژن دێنێ یا تۆ؟

– وەزعی من جیــاوازە؛ من نامــەوێ خۆشــبــەختی خۆم بەســەر بەدبەختی کەسانی ترەوە بونیان دانێم. دایکم لای وایە ژنی من هەر دەبێ کــچــە کوردێک بێ، ئاگاداری ئاداب و نەریتی کوردەواری لای ئێمە بێت.

– ئەوروپایی ئەوە هیچ، بەعارەب و ئیسلامیش ناڕازییە؟

– ئا، بەوانیش قایل نییە.

– دایکت یا زۆر شوڤێنییە یا یەکجار تۆی خۆش دەوێ و نایەوێ کەسێکی تر بێتە شەریکی خۆشەویستی. جا بۆیە وا سفت و سەخت پای داگرتووە؟

– ڕەنگە هەردووکیان بێت. دێمەوە سەر باسەکەمان و دەڵێم ئەگەر شووم پێبکەی ئامادەی تەواوی مەرجەکانتم.

– ئەی دایکت؟

– من و دایکم و ئەوی بووی بەکوردایەتییەوە بێت هەرگیز لوورِ لە میللەتی کورد جۆی ناکەینەوە ئێمە یەک ڕەگەزین و یەک زمانین و یەک مێژوو یەک میللەتین.

یاسەمین شەپۆلێکی غەم دایگرت و فرمێسک لە چاوانیدا قەتیسی بەست و سەری شۆڕ کردەوە سەر مێزەکەدا و ورد ورد نوارییە نینۆکە مانیکور کراوەکانیدا و دووبارە سەری بەرزکردەوە و ئارام وتی:

– دەزانی برینمت وا کولاندەوە قاژەت لە جەرگم هەڵساند؟

دڵشاد بەدوودڵییەوە دەستی گرت و وتی:

– ئەم قسانە پەسەندترە ئێستا بکرێت، جا هەیە برینی پێوە نەبێت شاعیرێکی هاوڕێم هەیە لەم ڕووەوە دەڵێت:

سەد کونە زامم پێوەیە
زامێ تازەش بەڕێوەیە
خوێن ڕێژیەکەی پڕی مشتمە
ئەوی کۆڵەواری کردم
هی نووکی خنجەری پشتمە.

خۆ تۆ لە پشتەوە خنجەریان پیا نەماڵیوی، ماڵیویانە؟

– خنجەریان پیا نەماڵیوم، ئەگەر بۆ خۆم نەم ماڵی بێت.

هاوڕێییەکەت جوانی وتووە؛ بەڵام ڕەش بینانە تێدەنواڕێ. من سەرەڕای ئەم هەموو بۆ نەهات و بەسەرهاتەدا بەپێچەوانەی ئەو هاوڕێتەوە تێی دەفکریەم و هەزاران ئومێدم خستووەتە پێش چاوم.. دەمەوێ ئەوەی بزانیت بۆ ماوەی هەشت ساڵ کەسێکم خۆش ویستووە؛ ئێستاش خۆشم دەوێ. لەبەر وڵات و میللەتەکەم وازم لێی هێناو لێی جوێ بوومەوە و جێم هێشتووە.

– هەشت ساڵ کەم نییە. تەمەنێکە بۆ خۆی.

– لەیەک پۆلا بووین و لە یەک کۆلێژدا و سێ چوارساڵیش وەک ژن و مێرد پێکەوە ژیاوین.

– کەس نییە بێ ڕابوردوو؛ بەڵام دیارە تۆ یەشتا پابەندی گوزەشتەی لە بیگرە و بەردەی ڕابوردوودا دەژیت و گرفتاری ئەو ساڵانەی.

– ڕاست دەکەی. هەر لەبەر ئەوەشە نارۆمە ژێر تەوقی ژن و مێردییەوە.

– یانی یەشتا هەر بەتەمایت؟

– مەگەر نەتبیست وتم یەک دونیا ئومێدم لەبەر چاوە؟

– با، بیستم و ئەوەش دەزانم هیچ کەسێک بێ ئومێد نەیتوانیوە بەردەوام بێت. وەک دەردەکەوێ بەسەر چەن ڕیانێکەوەین. لەوە دەچێ یەکەمیان فتە.

– لێیگەڕێ با بزانین دەگەینە کوێ؟

– یانی چوارهەمیان.

یاسەمین ئاوڕی لە کاتژمێری سەر دەستی داوە و وتی:

– درەنگە با بگەڕێینەوە.

سەرجەم پێنج کەس لە ژوورەکەدا بوون. مافوورێکی تەورێزی پلە دووی تیا ڕاخرابوو، تەلەفزیۆنێک و ڕەفەیەکی پڕ لە کتاو. هوشیارانە کتاوەکانیان شان بەشان و ڕیزکردبوو. بەسەر پارچەیەک مەڕمەڕی سپییەوە بەخەتێکی فارسی جوان نووسرابوو "ڕاستە ماڵەکەمان ڕازاوە نییە.. بەڵام پڕە لە خۆشەویستی" (در کلبەی ما گر رونق نیست صفا است). پاڵیان پێدابووە کتاوەکانەوە. سێ کەس لەو پێنج کەسە توورەکەیان لەسەر کردبوو لە حەناس دەم و چاویان سێ کونی تیا بوو. چاویان زیت زیت لە نێو کونی توورەکەکاندا دەیان نواڕی. یەکێک لە توورەکە لە سەرەکان هەڵسا و زۆری نەخایاند بەسینییەک چاوە گەڕایەوە. فەلامەرز و برادەرێکی تر بێ توورەکە دانیشتبوون؛ برادەرەکە وتی:

– ئەگەر چایتان پێ نەدانا دەموت ئیتر ئەوە برادەری و هاوڕەزمی و هاوخەباتی پێی ناڵێن. ئەوسا لە بێ باوەڕی بێ یا ترس یا چوزانم بۆ بتەوکاری واتان لە خۆ کردوە و چاشتان پێ نەدانا لە دڵمان دەرنەدەچوو. یەکێک لە توورەکە بەسەرەکان هاتە جواو وتی:

– ڕامین خان! بۆ خۆت ئاگاداری هەموو شتی و مامۆستای لە بتەوکاری و مەبادادا. ئێمە وەنەبێت باوەڕمان بەفەلامەرز خان نەبێ و ترس و چەکەرە کەوتبێتە دڵمانەوە، بەپێچەوانەوە تۆزکاڵێک ختورە بەدڵمانا نایەت؛ بەڵام بۆ خۆت ڕەوشتی تازەی ڕێکخراو دەزانی و وای

لاباشە برادەران کەمتر یەکتر بناسن باشترە. فەلامەرز خان لە زۆر لاوە تاقیکراوەتەوەو مەردی مەیدانە.

ڕامین ڕوو بەفەلامەرز وتی:

– گوێت لێی بوو کاک فەلامەرز وەک بیستت برادەران هیچ ترس و خەتورەیەکیان لە جەنابت نییە، بەڵکو فەرامێنی ڕێکخراو ئەنجام دەدەن، لەوەی زوێر بووبووی؟

– زوێرییەک لە گۆڕدا نییە؛ بەڵام دیارە بەندە لە دەستوراتی تازەی ڕێکخراو بێ ئاگام. دەبوا لە مێژدا پێمت ڕاگەیاندبا خۆ وەڵا بەلامەوە سەیر بوو، لە پێشدا زویر و نیگەران بووم، ئا بووم.

– برێک بۆچوون و جۆری پەیوەندی و چۆنیەتی کار و کردەوەی نێوان برادەران گۆڕاوە و ڕێکخراو بۆ پاراستنی زۆرتری برادەران شانەکانی گەلێک گچکە کردووەتەوە. پا لەسەر ئەوەش دادەکوتیەت تا بکرێ بەربڵاو برادەران یەکتر نەناسن باشترە و کەم مەترسیتر کار بەڕێگە دەچێت. ڕاست دەکەی دەبوا ئەم هەواڵانەت لە مێژدا بزانیبا؛ وەک دەزانی پەیوەندی و دیتنی تۆ هاوڕای برێک گرفتاری و دژوارییە. لەوەی با بگوزەرێم. بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە؛ وامان پێ ڕاگەینراوە تۆیشی تیادا بیت. جا ئەو بەرنامەیە ئێمە یانی ئەم پێنج کەسە دەبێ ئەنجامی بدەین.

– پێم وایە ڕێکخراو بەچاکی وزە و توانای زاڵبوونی یەک یەک ئەندامانی خۆی دەزانێت. لە کار و تەقالاکانا ئەوەی بەمن بکرێت و بتوانم بیکەم، کردوومە و ئێستاش بەگوێرەی توانام درێغی ناکەم.
ڕامین بەیەکێک لە توورەکە لەسەرەکانی وت:

– چایەکەتان زۆر خۆش بوو؛ ئەگەر بکرێت لە لیوانا چایەکی ترم

بدەیتێ یەکجار شایانی سوپاسە.

چایهێنەری توورەکە بەسەر وەڵامی دایەوە:

چایی خەڵوەتگای تیمی بۆنی بەهەشت دەدا مەگەر گاڵتەیە؟

ڕامین لەژێر لێوە وتی:

- جا باوەڕت بە بەهەشت هەیە؟

یەکێک لە برادەرانی توورەکە بەسەر هەڵی دایە:

- دەمەوێ بۆنی بەهەشتم بەکەپودا بڕوا منیش چای دەخۆمەوە.

ڕامین ڕوو بەفەلامەرز:

- بەم حیسابە ئامادەی؟

- وەک وتم بەگوێرەی توانام.

- ئێمە فەرمانی ڕێکخراومان پێ گەیشتووە تا کابرایەک هەیە بیکوژین. ئەم کابرایەی کە دەبێ بکوژرێت یەکێکە لە هاوڕێیانی خۆمان... سەرسامانە قسەکەی پێی بڕی:

- هاوڕێی خۆمان؟

- بەڵێ هاوڕێی خۆمانە و ڕێکخراو بڕیاری لە ناوبردنی داوە. چونکە بووەتە مایەی لە ناوبردنی ئاسایشی برادەران و پەیوەندی لەگەڵ ساواکدا پەیداکردووە.

فەلامەرز دیسان هاتەوە جواو:

- هەموومان دەزانین هاوڕێ کوشتن ئاسان نییە و بەهەموو کەسیش ناکرێت. ئایا ڕێکخراو بەوردی چووەتە بێخی مەسەلەکەوە؟

- من هیچ وەڵامێکم لا نییە. تەنها ئەوەی دەزانم ڕێکخراو تا دڵنیای دڵنیا نەبێت ئاوا بڕیارێک نادا، دەیدا؟

– بۆچی نایدا؟ زۆر ڕووی داوە برادەرێک لە کۆمەڵێکدا لە ڕێکخراوێکدا بووەتە قوربانی ململانێی نێو سەر دەستەکان. ئەمەمان لە زۆر کتێب و مێژووی ڕێکخراو و حزبە ململانکەرەکانی ئەملاو لا خوێندۆتەوە. ئومێدەوارم ڕێکخراو بەوردەکارییەوە فەرمانی دابێت..

– کاک فەلامەرز! ڕێکخراومان بووە بەخاوەنی تاقیکردنەوەی خۆی. باوەڕت هەبێت موو لە ماس وەدەر دێنێت. بەشدار دەبی؟

– دەبم. بەیەک مەرج.

– چ مەرجێک؟

– من کەسم پێ ناکوژرێ؛ یانی دەمەوێ ئەوەی بڵێم ناتوانم ڕاستەوخۆ من بکوژ بم. من سوختەی بیروڕای "حافظ"م دوایی بەلایەوە دەکەومەوە درۆوە. بێ دەنگییەک باڵی کێشایە سەر هەمووانا. تا ڕامین وتی:

– بڕیار وابوو تۆ بکوژ بیت. ئێمە لە مێژدا خەڵکمان کوشتووە، هەر تۆ ماویت دەستت بەخوێنی دوژمنانی وڵات ڕەنگین نەبووە.

– وتەیەکی کۆنی ئێمەی کورد هەیە دەڵێت: هەر دۆڵێکیان بەگایەک سپاردووە. ئەوی لە دەستی تۆ دێت، لە من نایەت. ئەوی من دەتوانم بیکەم ڕەنگە لە وزەی تۆدا نەبێت. ڕێکخراو نیازی بەبابەتی جۆراوجۆرە. قۆناغەکە سەخت و گرانە، هەموو کاری کوشتن ئاسانی ناکا، دەیکا؟

– ئێمە بەرنامەیەکی وامان داڕشتووە کە لە نێو ماشێنەکەی تۆدا بیکوژین. ئەو ئاگاداری ئەوە نییە کە ڕێکخراو پەی بەپەیوەندی ئەو بردووە. پێمان ڕاگەیاندووە تا لە کوشتنی دوژمنێکی ڕێکخراو بەشداری کا، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە. ئێمە ناونیشانێکی وامان بۆ

باس کردووە کوتومت تۆیت و بسەپێتە سەر تۆدا. جا بۆیە دەڵێین چاکتر وایە لە نێو ماشینەکەی تۆدا بکوژرێت تا جێگەیەکی دی بۆشمان ئاسانترە و بێ دەردەسەرتر..

– ئەمەیانم پێدەکرێت، کەی؟

– لەم یەک دوو ڕۆژەدا.

برادەرانی توورەکە لەسەر توورەکەکانیان لە سەر دەرهێناو ڕامین کەوتە ئاشناکردنی نێوانەوە و هەستا بەسەرپا و ڕوو بە سێ برادەرەکە وتی:

ئێمە دەڕۆین. دەستی فەلامەرزی گرت و لە ئەپارتمان وەدەرکەوتن. بێ ئەوەی لابە لای فەلامەرزەوە کا وتی:

– هیچ هەواڵێکی تازەت لە یاسەمین هەیە؟

– چۆن هەم بێت؟ لە چ ڕێگەیەکەوە؟

ڕامین دەستی بەگیرفانیدا کرد و نامەیەکی دا بەدەستییەوە.

– ئەوە نامەی یاسەمینە، چوار ڕۆژە گەیشتووە. دەتوانم پرسیارێکت لێ کەم؟

– فەرموو.

– لەگەڵ یاسەمیندا چی چووە نێوانتان؟

– گەیشتە هیچ.

– هیچ؟ یانی چی هیچ؟

– پەیوەندی نێوانمان و خۆشبەختیمان کردە قوربانی ڕێکخراو و بەرژەوەندیی گشتی و تەواو.

– شێرە ژنە یاسەمین!. ئەگەر ئێران دە ئافرەتی تری وەک ئەوی

تیادا با زەمانێک بوو شا بۆی دەرچووبوو.

– شا ئەوەسا لە کۆشکی "ساحیب قەرانیە"یە و یاسەمینیش بۆی دەرچووە.

– کاک فەلامەرز! مەسەلە وەختە و بەس. چۆن دەزانم ئێستا شەوە واشم لا ئاشکەرایە کە شا وەک شا لەم وڵاتەدا نامێنێت کەی؟ نازانم.

– تۆ وتەکەی من مەخە چوارچێوەی بێ باوەڕییەوە، منیش لە هەمان باوەڕدام. شتێکە یاسەمین لاساری گرتی و وای لە هەردووکمان کرد. دەیتوانی شوویش بکا و لە ململانێی خۆیشیدا بەردەوام بێت، وای نەکرد و. زۆر لە برادەران کردیان، نەیان کرد؟

– بۆ ئاگاداریت ڕێکخراو یاسەمینی ناچاری هیچ جۆرە کارێک نەکردووە. هەتا وەکو بەرنامەی بەستنی پرد و پەیوەندی نێوان تۆ و لی لی خانم لە سەر پێشنیازی خودی یاسەمین بووە. بێگومان ڕێکخراویش ئەو پێشنیازەی لا پەسەند و بەهەل زانی و گاڵتە نییە ڕێکخراو کەسێکی وەک تۆی هەبێت لە بندەستی فەرەح پەهلەویدا، گاڵتەیە؟

– گاڵتە بێت یا نا ئەو مەسەلەیە بەلای منەوە تەواوە. باسی بەرنامەکەم بۆ بکە.

– بێگومان هەر دەبێت شەو ئەنجام بدرێت، وا نا؟

– لام وایە.

– سبەیە یا دوو سبەیە؟

– ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرنامەکەدا نەکرێت دوو سبەی سەعات دەی شەو دادەنێین. گۆڕانکاریش کرا پەیوەندیت پێوە دەکەم؛ ئەگینا لە هەمان جێگەدا چاوەڕوانتم. لەیرادا لە یەک جوێ دەبینەوە.

فەلامەرز ملی بەرەو لای ماشینەکەی نا و نەرم نەرم خۆی پێگەیاند، سواربوو. کەوتەوە بیری توورەکە لەسەرەکانەوە، گوایە لەگەڵ هەمووانا ئەو ڕەوشتە بەکار دەبەن یا تەنها لەگەڵ منی دەرباریدا؟ هەرچۆنێک بێت من لەگەڵ کوشتندا نیم و لاشم وایە کوشتن هەرگیزاو هەرگیز هیچ گرفتارییەکی ئاسان نەکردووە. ئەویش هاوولاتی و هاوڕێی خۆ کوشتن. هەستی بەقورسایی گیرفانی دەکرد وەک نامەکەی یاسەمین لە گیرفانیدا بجووڵێتەوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

– کەمت پێ نەکردووم، لێیگەڕێ دوایی. کام دوایی؟ لاسارییەکی مندالانەیە ڕەفتارت، خۆت دەخەڵەتێنی. ئەوە نامەی یاسەمینە لە باخەڵتایە ئازا و زوو لە کەنارێکا ڕاوەستە و بیخوێنەوە، دەی نا شتی وا ناکەم نیازی تەواوم بەتەنهایی و تێفکرین هەیە هەموو شتم ئاشوفتەیە، تێکەڵاوە. کار، عشق، سیاسەت و ململان. هیچم بەسەر هێڵی ڕاست و پەسندا ناڕوا بەرێگەوە، ناگەمە هەوارگە. دەبێ فریای خۆم کەوم؛ ئەگینا کڵاوم با بردوویەتی. ململانی برادەران تێکەڵی هەواو هەوەسە. ئەم تیژپەڕی و کوتوپڕی و پەلە پەلە ڕووخاندنی بەدواوەیە. خراو وەگیر هاتووم. ئەگەر هاوکارییان لەگەڵ نەکەم ڕەنگە بەترسنۆک و با بردەڵەم بزانن. هەرچی بم من تیژپەڕی بەئازایی نازانم؛ بەهەر حاڵ جارێک لەوە گەڕێ، ئەم کارەیان لەگەڵا ئەنجام بدە ئەو حەلە بڕیاری خۆتی لێبدە. لە کەناری شەقاما ماشێنی ڕاگرت و خۆی گەیاندە شرینی فرۆشێک و لێی دانیشت و نامەکەی یاسەمینی وەدەرهێنا و بەخوندێنەوەیە خەریک بوو:

*ئازیزەکەم!*

*خەیاڵی سەر دوڕیانم*

غەمگینانە دەستی تەڕی ڕازی وشارد

ناڵەی تاری تەنهایی دڵ

وا بەدیاری بۆلای یاری ئەفسانەیی ڕوو بەپایتەخت هەنارد.

ئەو پایتەختە شایی خەسیاو پەیامبەری عشقی تیا کوشت

ئەمن لەیرا بێ کەس، بێ خێو، بێ پەنا، بێ پشت.

تۆ و توخمی عشقی ئەزەلی ڕیزە ڕیزە لە پەیکەری ئەزەلا دەچێنم

باوەڕ بکە.

فرمێسکم و لەبەر پاتا تکاوم

دڕکێکم و لە دامێنی گوڵا ڕواوم

هەرچی بم لێم گەڕێ

من بێ تۆ پەڕپووت و ناتەواوم.

هەست و هەناوم پەیکی هەناردووە بەچوار لادا

نوقمم.. نەماوم لە بندەستی تەقالادا

دەزانم پەلکەی عشقم لە بنا بڕیوە

قەمچی ژانم لێ چنیوە، لاسارانە گوانی هیوام لێ دۆشیوە. تاریکی و تەنهایی ڕوانگەمی هەڵلۆشیوە. ئای! بۆ ئەو ڕۆژانەی لە بارەگای "حافظ"دا پێکەوە دەچووینە خەڵوەتی ڕوح و ژوان و مان و نەمانەوە. ئای! فەلامەرز گیان!

بەسەر ئەوانەدا هەموو هیوام شەوی چرا ڕفێنە

ئەولای تاریکی دوێنە

من هوکارەی تەنهایی و ئاوا ژیانێکم. سەرتاسەری شەو ژان ژمێرم.

بەرەو ئقلیمی حەقیقەتی عشق پەیکی خەیاڵی دەنێرم.

دەزانم گیرودەی کەبکە و هەزاران داوم.

هەزار هەزار چیبکەمەکان دەورەی داوم.

گاڵتە و جەفەنگم پێ بکەی حەقتە. نەدەبوو وا بایە، نەدەبوو وام کردبا، نەدەبوو ژیانی خۆم و خەڵکم تێکەڵ کردبا، سیاسەت بێ باب و داکە.

باوەڕ بکە دەردی بێ تۆیی کوشتمی، دەردی تەنهایی کوشتمی، بۆ جارێکیش بووە وەڵامم بدەیەوە. ڕاستە من پەیکەری عشقم تووڕ دایە نێو کەڵپەی دابڕان و دوورییەوە؛ بەڵام یەشتا ئەو پەیکەرە ئێسکی ماوە و ئیدی لەمە زۆرتر مەیشکێنە؛ من کردم تۆ مەیکە. زیندەگی یەشتا زۆری بەدەمەوە ماوە. بەدوو وشە قانعم تەنها دوو وشەم بۆ بنووسی هەرچی بێت. تا و تامولّی چوار ساڵی ترم پێ دەبەخشی. نەینووسی ئیدی نامە نانووسم، تا ئەیراو بەس.

یاسەمین

تۆزێک لە بەستەنیەکەی بەر دەستی بەکەوچکێک خستە نێو دەمی و کەوچکی دانا و لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی:

– خۆمە ئەمەش تاڵە. هەستا و لە شرینی فرۆشی وەدەرچوو.

تاقەتی هیچم نەماوە. خەریکە بێزیان و نفرەت وەک ژەنگ دیوار و لێواری دڵ و دەروونم دەگرێتە خۆ. خۆمە کەس لەگەڵ خۆیدا ڕاست ناکا. کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترش، کەس دان بەهەڵە و قەڵبی خۆیدا نانا. کاتێکیش بینا، کار لەکار تەرازاوە و کەر کەوتووە و کونەش دڕاوە. هەرچی بەسەر مندا بێت بەچاک و خراپیەوە هۆی سەرەکی یاسەمینە و بەس. بلّێ کچەتیو لەو عەرەبسانە لەنگرەت خستووە

دەتەوێ چی بسەلمێنیت؟ شا وا دەهەرووژیەت؟ ڕادیۆم بۆ دەبەن بەڕێگەوە. سبەی شا و بەعس ڕێک کەون بەباڵ بەسراوی دەتاندەنە دەستی ساواکەوە. ئەوانە کەی جێگەی باوەڕن. بەدرێژایی مێژوو متمانەیان پێ نەکراوە تا خۆتان بخەنە نێو بەخت و جەختیانەوە. ئەمەیە هەڵسەنگاندنی هەڵە و بێ لەیەکدانەوەی برادەران. ڕاستی ئەمانەی وا لە سەربنەوە بوون بەچاو ساقی ئێمەمانان لە ڕووی چ حیساباتێکەوەیە؟ کێ ئەمانەی هەڵبژاردووە؟ ئەگەر لە ڕووی کۆنەکاریشەوە بێت، هەرچی لەیەکی دەدەمەوە برادەرانی لای ئێمە لە وزەی ئەم قۆناغەدا نین و ئەمڕۆ بێ و سبەی سەدانی وەک من دەخەنە نێو چاڵەوە و دەنگیشمان بەهیچ جێگەیەک ناگا و دووچاری مەرگی ئارام دەکریەین. ئەگەر لێمان بووەستن و بەزەییان بەگەنجیەتیمانا بێتەوە. فەلامەرز بەسەر جێگەوە ڕاکشابوو هەردوو دەستی کردبووە سەرینی سەری و زاق زاق دەینواڕی.

جەڕەسی تەلیفۆن لێی دا.

– چی دەکەم؟ ڕاکشاوم. تۆزەکێک تەندروستیم تەواو نییە؟

- ...... .

– زۆریشم حەز لێیە. ئەگەر سبەی باشەوە بوومەوە تەلیفۆنت بۆ دەکەم تا یەکتر ببینین.

–- بۆچی حەز ناکەم بێی بۆ لام، بەپێچەوانەوە زۆریشم لاخۆشە. جا دێی؟

–...... .

– کامە کامەم پێی دەکەی، باشە دەیخەینە سبەی. تەلیفۆنی داخست. ویستی دەمی دوکانی بیری ئاشوفتە و ئاڵۆزیش داخا و

ئەوەندە لەیەکی نەداتەوە و نەڕواتە پیری ڕووداوەوە. کۆشاو نەیتوانی. لە پڕ هەستایە سەر پا و پڕ بەدەم قیڕاندی:

- بەسە خوێڕی! ئەمە حاڵتە، بۆ خۆت هاویژتوەتە دەمی ڕووداوەوە؟ یاسەمین هەزار ئەوەندەی تۆ ئازا و لێهاتوو و شێرە ژن و شێری ژیانە. دیارە ترسی سبەینێت لێ نیشتووە و ئەم جۆرە بەڵگانە دێنیتەوە. تۆ ڕووخاوی، ڕووخاو.

لە ژووری نووستن وەدەرهات و دەمی یەخچاڵی کردەوە و ئاوجۆیەکی نا بەسەرەوە و یەکێکی دیشی یەدەک وەدەرهێنا و ڕووبەڕووی تەلەفزیۆن دانیشت و تاو تاو مژێکی لە شووشەکە دەدا. چاوی پڕ بووبوو لە فرمێسک. بێ دەنگ تێ دەفکرا: ئەوە کاک فەلامەرز! بۆچ دەگرێت؟

کوردان وتوویانە گریان بۆ پیاو نییە. شوورەیییە وا دەستەپاچە و دۆش داماوی. چی ئەوە دەیەنێت و ئاوا پەریشان حاڵییەک؟ ئەمە وەزعەتە، بۆی دەرچۆ. لەو بناری ئەوروپایەدا تۆیش وەک هەزاران ئەندامانی کۆنفدراسیۆن دەم هەراشی خۆت بکە.

لەپڕ بوتلی ئاوجۆکەی بەتەواوی هێزیەوە کوتایە دیوارەکەی ڕووبەڕوویدا و قیڕاندی:

- قسەی قۆڕی بێ مەعنا. گریان بۆ پیاو نییە، ئەی بۆ کێیە؟ بۆ ژنە؟ یا بۆ بێ ئەحواڵی و نازانم کاری برادەرانی ڕێکخراوە. وا بڕوات. ساواک دانە دانە دەمانکاتە چاوساقی خۆی و وەک بەرخ بەرەو کۆزەو دەمان ڕانیەت. باشە وا تێدەفکریەیت بۆ ڕاوەستاوی؟ بۆ بێ دەنگی؟ بۆ نارەزایی خۆتیان بۆ نانووسی؟

بینووسم. بۆ کێی بنووسم؟ کێ دەڵێت ئەم برادەرەی وا سبەی

دەمانەوێت بیکوژین لەسەر نارەزایەتی و پەی بەهەڵەچوونی ڕێکخراو ناکوژرێت؟ کێ دەڵێت لە تاوانی زیرەکی و ملمـلانێی دەسەڵاتدا ناکرێتە قوربانی؟

مەگەر هەفتەی ڕابوردوو نەبووە هەرا لە نێو ڕێکخراوێکی تردا و شەش کەس نەکوژرا؟ کێ ئەو شەڕە قۆچانە پێک دێنێت؟ مەگەر شەڕە گەڕەکە؟ بەهەر حاڵ هەزاران نفرینت لێ بێت یاسەمین! وا خۆت و منیشت دووچار کرد، دووچارێکی وا نە ڕێگەی پاشم هەیە نە پێش. خانمیش لە بەغدا پاوپۆز و سنگ و بەرۆکی بۆ وەلەکە عەرەبی شاری بەغدا خستوەتە گڕ و بەرچاوان.

دیسانەوە هەڵسا و چووە لای یەخچاڵەکەوە. ئەم جارەیان پێکێکی خەست و خۆڵی وێسکی و سەهۆڵی تێکەڵ کرد و گەڕایەوە سەر کەناباکە و لەسەرخۆی وتی:

– فەلامەرزخان! لەسەر خۆت. ئارام بگرە. تووش هاتوویت هاتوویت. ئەگەر ژیرانە لێی نەنویت خراپی تێ دەکەوی. لەم وڵاتەشدا ئەوەی بگلێت، گلاوە و کەس نایەتە فریایەوە. خەو دای گرتبوو، چاوی کوانی کردبوو. تەلەفزیۆن خشەی دەهات، وەک هەزاران مێرووله سەری لە بەردەکەیدا بێت و بجووڵێنەوە و خشەخشی تەلەفزیۆن و پڕخەی فەلامەرز تێکەڵ بووبوو.

دەرگای کردەوە. هەمان لەش و ئەندامی خڕپن و سەروزڵفی ئاڵۆزاوی ڕووت و قووت لە ئامێزی کابرایەکدا دی، ئالا بوون بەیەکدا. ناز و نووکەیان دەبیسرا. دەیویست ڕاکا و بنوێت لە زوڵفی و لە باوشی وەدەر بهێنێت. هەرچی دەکرد نەیدەتوانی، جووڵەی لێی بڕابوو. زاق زاق دەینواڕی بەتێکەڵ بوونیاندا، یاسەمین قا قا پێ دەکەنی. بەدەنگی

جەڕەسی دەرگادا لە خەو کرا، ڕوانی هەمان ڕاکشانی شەوە و پای ڕاکێشاوە و بەسەر کەنەپەکەدا. خەواڵو دەرگای کردەوە کرێکاری شارەوانی پڕ بەدەرگا ڕاوەستابوو: پرت و پیسیت نییە فڕەی دەی؟

– نەء

دەرگای داخست و ئاوڕی لە کاتژمێر دایەوە و ڕوانی هەواو هەوەسی دەربار چوونی نییە، کەوتەوە بیری خەوەکەی و یاسەمینەوە. بەتەمای چیت؟ خۆ تا مەسور ئەدا لە کەوان بەدیار ئەگەر و نەگەرەوە دانانیشیەت. ژنە، گەنجە و حەز و ئارەزوو دەیجووڵێنێت. ئەوە نییە جەنابم چەندین ساڵە لە باوەیشی "لی لی" دام و یاسەمینیش دەیدی؟

لە ئاوێنەدا ئاوڕی لە خۆی دایەوە. ڕوانی ڕەنگ و ڕووی هەڵبرووسکاوە و لە نەخۆش دەچێ. خۆی داماڵاند و ڕۆیشتە ژێر دوشەوە چەند تاوێک خوڕ ئاوی بەسەر خۆدا بەردایەوە. دایکی کەوتە بیر. بڕیاری دا سەرێکی لێدا. تەلیفۆن زرنگایەوە هەمان برادەر بوو. ڕایگەیاند شەوێ لە هەمان کات و هەمان جێگەدا چاوەڕوانیەتی.

ژمارەی "لی لی" وەرگرت و ڕایگەیاند ناساغە و بەچاک دەزانێت سەرێکی لای دایکی بدا. بە پێکەنینەوە وەڵامی "لی لی" دایەوە کە بەو شێوە نییە، شتێکە دەمێکە دایکی نەدیوە. خۆ ئەوەش ڕاست دەکەی پیاو یا ژن بەلای دایکەوە هەر منداڵن. ڕەنگە منیش نیازم بەنازی دایکم کەوتبێت بۆیە پەنای پێدەبەم. تەلیفۆنی داخست و لە ماڵ وەدەرکەوت. بە نیازی لای دایکی، ماشینی خستە گەڕ و بۆی دەرچوو. جۆرێک ئاوڕی لە دەوروبەر و شەقامەکانی شاری تاران دەدایەوە وەک وابێت بۆ یەکەمین جارە دەیبینێت. لەبەر خۆیەوە وتی:

– تارانم بچووکتر دێتە چاو. دەڵێی تەواوی خەڵکەکە دەناسم.

فەلامەرز بێ هوودە و بێ مەرام شەقام بەشەقام دەگەڕا لە ناکاودا وتی:

– ئەوە من لێرە چی دەکەم؟ وەرچەرخایەوە بەرەو سەرەوەی شار. خێرا بەرەو لای دایکی ڕانی. کە لە بێهوودەیی خۆی ورد بوویەوە پەی بەوە برد ناخۆ ئاگا بەڵگەی تاشیوە تا دوچاری دیتن و ژوانی "لی لی" نەبێت و خۆی بگەیەنێتە لای برادەران. دایکیشی چاوەڕوان لە هۆڵدا دەهات و دەچوو هەر کە فەلامەرزی دی ڕوو بەڕووی ڕۆیشت و لە ئامێزی گرت وتی:

– ڕۆڵە کەوتمە ختورەوە. تۆ وتت وا هاتم و کەچی بۆ دوو سەعاتە چاوەڕوانتم. هەر نەبوا تەلیفۆنێکت کردبا.

– لە دەمی دەرگادا میوان گرتمیان و لە قاوەخانەیەکدا ناچاری دانیشتن بووم.

– بۆیە تەلیفۆنم دەکرد کەس هەڵینەدەگرت! دوێنێ ئەفشین تەلیفۆنی کرد و دەیەوێ بگەڕێتەوە.

– بۆ هەمیشە؟

– نە، بۆ سەردان. بەقەوڵی خۆی کچەکەی هاوڕێشی لەگەڵ خۆدا دێنێت. تۆ گەیشتیتە چی؟ دیارە ئەوی بیری لێ نەکەیتەوە ژن هێنانە؟

– دایە گیان. ئەفشین لە من گەورەترە با ئەو ژن بهێنێت ئێمەش بەدوای ئەودا.

– من ئەفشینم بەمنداڵ دانەناوە، مەگەر ئەفشینت لە بیر چووەتەوە؟ ئەو جێگەی ئومێدی من نییە. لەوەی دڵنیام سبەی دەنووسێتە کچەتیوەیەکی وەک ئەوەی وا سبەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە.

– هەرچی جەنابت بفەرمووی وادەکەم، تەنها مۆڵەتم بدە. ئەوەی

بفەرموویت ئەنجام دەدرێت.

– منداڵ دەخەڵافێنیت؟ من کەی ئەوەم بەدەمەوە ماوە.

تا ئەو ماوەیە فەلامەرز سێ جاران سەیری کاتژمێری کرد. لە سەرەتاوە دایکی هەستی بەنائارامی فەلامەرز کردبوو، خۆی لێی کەڕ کردبوو. تا خۆی پێڕانەگیرا و وتی:

– کوڕم چیتە؟ ئاشوفتە دەتبینم. شتێک بووە؟

– نا، نەختێک نەخۆشم. دەبێ بڕۆم. کاتم لە دکتۆر وەرگرتووە، پیاناگەم.

دایکی پەرێشان ڕۆیشتە لایەوە و دەستی خستە سەر توێڵی وتی:

– خۆمە گەرمی؟

– هیچ نییە تۆزێک سەرمام بووە. من دەڕۆم.

– تەلیفۆنم بۆ کە.

– سەرچاو!

لە ماڵ وەدەرکەوت. تاریک داهاتبوو درەختەکانی شەقامی پەهلەوی چڵ و پۆکانی وەک گوارەی گوێی ئافرەت شۆڕبووبوونە سەر چەقی شەقاما. فەلامەرز هەروا بەروخوار گل دەبوویەوە. لەسەر کاتدا خۆی گەیاندە لای برادەران. ئەمجارە بێ توورەکەی سەر هاتنە پیرییەوە بڕیاریان دا دەست بەکار بن، فەلامەرز وتی:

– بڕۆین یا دانیشین؟

وەڵڵاهی ئەوەی پێیەوە نەماوە. ئەو کۆنە برادەرە چاوەڕوانمانە. برادەری پەیام هێنەر و یەکێک لە توورەکە لە سەرەکان و فەلامەرز کەوتنە ڕێ.. فەلامەرز ماشێنی لێدەخوڕی وتی:

– بەرەو کوێنە بڕۆم؟

– بەرەو ئێزگەی شەمەندەفەری تاران، لەوێڕاش بەرەو ڕێگەی کاشان دەڕۆین.. من و ئەم برادەرە لە دواوە سوار دەبین و ئەو کۆنە برادەرەش لە تەنیشت تۆوە. کاتێک من وتم. ئەمشەو گەرمە. بزانە کە کاتی دەست بەکاربوونە، تا هۆشت بەخۆتەوە بێت. بەلای ئەو کۆنە برادەرەوە وایە کە نیاز و بەرنامە کوشتنی تۆیە.

پاسکیل سوارێک هاتە بەر ماشینەکەوە. فەلامەرز کوتوپڕانە ڕاوەستا و پاسکیل سوار ڕیزێک جنێوی بازاڕی باراندە سەریانا. گەیشتبوونە ئێزگەی شەمەندەفەر، برادەری پەیام هێنەر وتی:

– ئێوە لەیرا چاوەڕوان بن تا من دەڕۆمە دوایدا. لە ماشین دابەزی.

هەر خەڵک بوو بەهەنگاونان دەهاتن و دەچوون؛ برێک ژانتا بەدەست، برێک تووڕەو ئاڵۆز، برێک خەندان و سەرحاڵ.

برادەر و کابرا هاتنەوە و کابرا لە پێشەوە سوار بوو دوو برادەریش لە دواوە. فەلامەرز بەرەو ڕێگای "قوم" و "کاشان" وەڕێ کەوت. چراکانی گۆڕستانی "بەهەشتی زەهرا" جریوەی دەهات. دەروازە گەورەکەی ئاواڵە ماشینی پیا دەهات و دەچوو.

سەرنشینانی نێو ماشین مات و بێدەنگ ورتەیان لە دەم وەدەرنەدەهات. فەلامەرز وتی:

– ڕادیۆتان بۆ بخەمە گەڕ؟

کەس وەڵامی نەدایەوە، بیست سی کیلۆمەترێک لە شار و بەهەشتی زەهرا تێپەڕیبوون. برادەری دوا وتی:

– دەزانن ئەمشەو گەرمە.

فەلامەرز فەرمانی ماشینی لە پەنجەکانیدا بەتەواوی هێزییەوە وەشارد. ئامادەی هەر ڕووداوێک، تۆزێکیش چەکەرەی لەوە دەکرد کە ڕاستی ڕاستی بەرنامەکە بۆ کوشتنی ئەو بێت. لەیەکی دایەوە بۆ بیکوژن و لەسەر چی؟

لە دواوە یەکێک لە برادەران سیمێکی باریکی لە گەردنی کابرای پێشەوە ئالاند و بەتەواوی هێزەوە بەرەو خۆی کێشا.. سیمەکە هێندە باریک بوو وەک نەشتەر قوڕگی کابرای بڕییەوە و خوێن بەبەرۆکیدا چۆڕا. بەدەم لرخە لرخ و پەل و پاکوتانەوە شووشەی پێشەوەی ماشێن شکا. چاوی زاق زاقێک دەینواڕی. بەدەست و پەنجە دەیویست سیمەکە لە گەردنی خۆی بکاتەوە. خوێن لە دەست و پەنجەشی دەتکا. فەلامەرز لە جادە دەرچوو، بەچەپ و ڕاستیدا دەتلا و کابرا لە پەلەپرتیدا جارەو بار ناخۆئاگا پای بەر فەلامەرزیش دەکەوت. لە هەرادا تەقەی دەمانچەکە نێو ئوتۆمبێلەکەی لەرزاندەوە و بۆنی بارووت پڕی برناخی هەمووان بوو. کابرا لە پەل و پۆ کەوت. فەلامەرز بەتووڕەبوونەوە وتی:

- باشە ئەمەتان لە سەرەتاوە کردبا باشتر نەبوو؟

- ویستمان ماشینەکەت خوێناوی نەبێت. لامان وا بوو بەئاسانی دەیخنکێنین، نەمزانی سیمەکە دەنیشێتە نێو گۆشت.

- ئێستا چی بکەین؟

- چی دەکەین؟ لە لادا تووڕی دەدەینە خوارەوە، لێگەڕێ با گیرفانی بگەڕێم.

برادەر کەوتە پشکنین. پانزە تومان و سەعاتێک و قەڵەمێک و پارچەیەک شیعری ناتەواو لە دەست و گیرفانیدا بوو.

ماشین پڕی خوێن بوو. برادەرەکان وتیان:

- با بڕۆین بیشۆرین؟

- پێویست ناکات، بۆ خۆم دەیشۆرم.

# فەرهەنگۆک

سەخت: دژوار.

چنیەسەو: گلێریکردنەوە.

نەجومبیم: نەکەوینە تەقەلاوە.

کۆزەر: پووش و پەڵای سەر بێژەنگ.

قاپ و قاچاخ: دەوری و دەفر

کام جموجۆر؟: کام ڕێک خستن؟

ماڵات: مەڕ و بزن و گاو و گوێرەک.

نەیرم: نیمە.

کەفت: کەوت.

وەورە: لەوێ.

تا کل کەمە نواتا: تا دەنێرمە دواتا.

وەنەزەرم: لام وایە.

چیمنە: دەڕۆینە.

کەیمنەو: دەیکەینەوە.

بچیمن: بڕۆین.

فەقەت و فەقەت: تەنها و تەنها.

هاومە ئەی ماڵە: هام لەیرە.

ئەیە: ئەمە.

بکەفە تەکی: بڕۆ لەگەڵیا.

بایتەو: بگەڕێتەوە.

ئیشت: دەڵێت.

قەومت: دەقەومێ، ڕوودەدا.

قوتەقوت: سەرەتاتکێ.

ئەی.. باوا: هاها برا.

بیلەم: لێم گەڕێ.

با بامەو: با بگەڕێمەوە.

ئەو وەخت: ئەو دەمە، ئەو کاتە.

تەوزیح: ڕوونکردنەوە.

گەوڕ: جێگەی ئاژیل لە زستانا.

چتە؟: چیتە؟

تەنگەی: ئەو قایشەی لە ژێر سکی ئەسپەوە دەبەسرێت.

ئیشم: دەڵێم.

جا وەخۆی ناگریت: جێگە بەخۆی ناگرێت.

یە چە توو ڕەسانیەسە ئەیرا؟: ئەمە چی تۆی گەیاندوەتە ئەیرا؟

توخم سەگ: کوڕی سەگ.

حەواست ها وەکو؟: خەیاڵت لە کوێیە؟

ملاڵ: منداڵ

ڕەشمۆ: لە بەن گەورەتر لە گوریس بارێک تر؛ بەرزە وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.

لەقاو: دەخرێتە دەم و کاکیلەی بەرزە وڵاخ.

فرەکەیلی: سەرحاڵی

ڕمبازی: سوار لەگەڵ یەکدا دەیکەن. برێک ئەسپ حەز لە سەمای خۆی دەکا سێ پەلی پێی دەڵێن.

سەور: هێمن، هێواش.

چیمن: دەڕۆین.

کەفەڵ بۆش: ئەو پارچەی کەوتووەتە سەر کەفەڵی ئەسپدا.

چەپوکان: ئەسپ کە دوو دەستی بەیەکەوە بەرزدەکاتەوە.

سێ پەلی: دوو دەست و دوو پای ئەسپ کە بەشێوەیەکی مەوزوون دای دەنا

ئەرا وسیایتە؟: بۆچی وەستاوی؟

سەرتەک: دابڕاوێکی نێو چیای بەمۆیە، هەمیشە هەوارگە و بنکەی پێشمەرگە و لێقەوماوان بووە.

بێلوولە: دۆڵێکی پێچ پێچی دامێنی چیای بەمۆیە.

شەلت: ئەشەلێت.

بنوڕە: سەیر کە، بنواڕە، ئاوڕ بەرەوە.

ناڵ: بۆ سمی بەرزە ولاخ.

شایەت: ڕەنگە.

ڕێک: مەوزوون.

بە گومانم: وا بزانم.

بچوورەو: بڕۆرەوە.

مەبادا: نەکا.

ئیشم: دەڵێم.

بیشە: بڵێ.

وەنەزەرم: لام وایە.

ئەرا چە؟: بۆچی؟

تا چە بکا؟: تا چی بکات؟

داشتوت: هەی بێت.

چومەو: ڕۆیشتمەوە.

دەخلی دەرتیرم: دەی کوژم .

شکارچی: ڕاوچی.

گەردیەن: دەگەڕێن.

توان: دەیانەوێ.

جموجۆڵ: جوڵانەوە.

هەواپەیما: فڕۆکە.

جەنگی: فڕۆکەی شەڕ.

خەتەرناکتر: پڕ مەترسیتر.

مەردوم: خەڵكی.

زەخمی: بریندار.

یە دەم: نەختێك.

بچڕە: گۆرانی بڵێ.

خەفەت: غەم، پەژارە.

كرو كرو: هەزار هەزار.

ئەرا؟: بۆ؟

بیلەیان: لێیان گەڕێ.

شنەفتمە: بیستوومە.

تورك: درەختچەیەكی دڕك دارە لە گەرمیاندا دەڕوێ.

چەنی: چەنێك.

فەرسەخ: ئەندازەی نێوانە.

قورواقە: بۆق.

چیلكە: دار و كۆترەداری وشكەوە بوو گلێركردنەوە.

بانە نزیكەو: وەرنە پێشەوە.

پەپكەنان: گونكی هەویر نەختێك پان كردنەوە و برژاندنی.

خاس: باش.

بشنەفن: ببیستن.

نیەوت نەیەشم: نابێت نەیڵێم.

پەیداس: لەوە دەچێت.

مەرافە: شەڕ، گیروگرفت.

بچیمنەو ڕیمانەو: بڕۆینە ڕێگامانەوە.

ڕەست: دەگات.

وەپیمان نەوت: پێمانی نەوت.

چەند ڕا: چەن ڕێگە.

هەركەس توات بچت: هەر كەسێك دەیەوێ با بڕوا.

دیووم: دووهەم.

کار وەکووره ڕەست: ئیش بەکوێ دەگا.

ئەگەر بایتەو: ئەگەر بگەڕێتەوە.

زندان: بەندیخانە.

ئەپوسیەین: دادەڕزیەین.

مەرز: سنوور، حدود.

بنیرتمانە: بمان نێرێتە.

پینەدووزی: پینەچیەتی.

من یەکی: من بۆ خۆم.

چەنە ماسی: وەکو ماسی.

مرت: دەمرێت.

شەوسوانە: بەیانیان.

چمانە دنیا داینەسە پیم: وەک وابێت دونیایان پێ بەخشیووم.

باین: بێین.

هەرکی نوامان گرد: هەر کەسێک پێشمان پێ بگرێت.

زور وەت: زۆر دەبێت.

باج لەلی سینیم: خاوەی لێ دەسێنین.

بچن: بڕۆن.

دوورکەفتەو: دوورکەوتەوە.

مامر: مریشک.

خەنەبەنان: بەزمی پێش شایی.

دروست وتم: ڕاستم وت.

کووچک: بچکۆلە.

مەرد مەردانە: پیاوانە.

بکوشنەمان: بمان کوژن.

بنوڕ: سەیر کە.

چە دیریم؟: چیمان هەیە؟

پەنا هاوردیەسە: هانای بردوەتە.

کلیان کەم: دەیان نێرم.

هاوشیرە: خوشک.

گەورەیەکە: زل زەلامە.

نەبایەت: نەدەبوو.

هەناسەکیشت: هەناسە دەدا.

کارە کۆرپە: بەچکە بزن.

هالاَ: ئێستا.

پوڕیا: ئەگەر بوو، ئەگەر شیا.

مەدەد: هاوار، یارمەتی.

غەوزی گەیلانی: شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

خەریەت: کەریەتی.

سەفادیرت: نیعمەتە، خۆشە.

شەنگ: فیشەک.

جەور: زور و زوڵم.

کوودەتا: هەڵگەڕان، انقلاب.

لە قەرە: لە نزیک.

سازندە: سوودبەخش.

چەوری خوێن: کرۆسترۆل.

وشار: تەوژم، زەخت، فشار.

پرۆستات: بەنێکی بارێکی گۆشتینە لەنێو لەشی مرۆڤدا.

ئەلواتی: قەحپەبازی، ڕابواردن.

دەنگەوەر: سەماعە.

هوما: باڵندەیەکی ئەفسانەییە لە ئەدەبیاتی فارسیدا.

گیوتین: دەستگایەکی سەربڕینە، لەلایەن فەرەنساوییەکانەوە دروست کراو داهات.

جرینیمو: سەرەک تیرەیەکی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا بوو دژ بەدەسەڵاتی ئەمەریکا و کۆکوژی هیندییەکانی بەشەڕ هات.

ئۆڵپار: جۆرێکە لە وێسکی چاک.

سەردالّ: سەرکردە، چاوساقی یاری.

چاڵی هەوایی: فڕۆکە بەئاسمانەوە دەکەوێتە نێو دوو تەوژمی بەهێزی باوە و بۆ ماوەیەک لەرزۆکی دەکا.

هیسرەو: فڕۆکەخانەی بەناوبانگی شاری لەندەنە.

ئەنگوسیلەکەی حەزرەتی سولەیمان: دەسەڵاتی سولێمانی پێامبەر لەو ئەنگوستیلەیەدا بوو، کە بۆ ماوەیەک گومی کرد توانا و دەسەڵاتی موعجزەکانی لە دەست دا، دووبارە کەوتەوە بەر ڕەحمەتی خوا و ئەنگوسیەلەکەی پێ بەخشرا و دەسەڵاتیشی بەدەست هێنایەوە.

فانوسەکەی عەلائەدین: چرایەکی ئەفسانەیی بوو هەڵت کرانابا دیوێکی لێی وەدەر دەهات و ئەوی فەرمانت هەبوایە لە چرکەیەکدا ئەنجامی دەدا.

کاپیتان: ئەو کەسەیە فڕۆکەی موسافری لێ دەخورێت.

نەویە: نەبووە.

کەمەکی: نەختەکێک

چە عەرزکەم؟: چیت عەرزکەم؟

ڕیک: زیخ، چەو.

هشدار: ڕاگەیاندن.

لەیادت چووە؟: لە بیرت چووە؟

کۆکەمەر: کەژ و هەڵەت.

بەش: سەهم، قسمەت.

بوویان کردبوو: بۆنیان کردبوو، لایان وا بوو.

داڵدەدان: پەنادان.

بفەرما: بفەرموو.

یە: ئەمە.

خەیلی: زۆر.

نیەتواین: نامانەوێ.

دەردەسەر: گرفتاری.

ئاوایی: دێ.

قەوڵ: بەڵێن.

نامەرد: ناپیاو.

دەست درازی: دەست بۆ بردن.

خویشاوەندی: خزمایەتی.

مراعات: ئاگاداری.

خەلاسی: ڕزگاربوون.

قوم: مژ.

تەوزیح: ڕۆشنکردنەوە.

بێ خەیاڵ: گوێی مەدەرێ.

چەو: چاو.

گرِدەی: بچەرخێنێت.

هاوە وەر دەسمانا: بە بەر دەستمانەوەیە.

چەکەرە: ترسان، ختوورە.

گورگ باران دیدە: خاوەنی تاقیکردنەوە، تەڕ و وشکی ژیان دیتن.

دەستەودایەرە: تاقم.

ئەپورِت؟: دەشێ؟

کێو: کەژ، چیا.

وڵکەم: وازی لێ بهێنم، لێی گەڕێم.

گرە: گرێ.

سەموون: با و تۆزی گەرم و گرِدار.

تێرت: دەهێنێت.

ڕەکە: نازناوی ڕەحمانە، ناوی کچکەی ڕەحمان بۆ ئیهانە.

قەومیایە: قەوماوە.

قوروان: قوربان.
جواومان کرد: دەریکردین.
پەیداس: دیارە.
بەیمن: دەیبەین.
کوورکەمەو: کوێرکەمەوە.
زندە: بە زیندوویی.
گرمەی: دەیگرم.
ئوستان: لیوا، موحافەزە، پارێزگا.
مەرافە: گرفتاری.
دەس وەردار: وازهێنان.
وا نەوتمە: ئاوام نەوتووە.
یەهو: لە پڕ.
کەی چیمن: کەی دەڕۆین.
یەرغە: نە ڕوەت و نە غار.
مورەتەب: پەیوەستە، هەمیشە.
هاوەگەردی: لەگەڵیایە.
جەمع بووت: کۆمەڵی کردوبێت.
چمەناو: دەڕۆمە ژوورەوە.
تیرمە دەشتەو: دەیهێنمە دەرەوە.
چیای گارێ: چیایەکی ئیلاخە کەم بەفری لێی دەڕوێتەوە کەوتوەتە، باشووری داڵەهۆەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.
تەنوورە: لوول خواردن، گێژخواردن.
لوول خوەت: دەسووڕێتەوە.
ڕەشبگیر: هەموو کەس گیر.
مومکینە: ڕەنگە وا بێت.
شایەت: ڕەنگە.

دەستی ڕوکا: دەستی کەشف کا.

کار لە کار تەرازان: ئیش لە دەست دەرچوون.

مەگەر مەغز خەر خواردیمنە؟: مەگەر مێشکی کەرمان خواردووە؟

مەقاش: دەستەگیرە.

بیلە بکوشیەت: لێگەڕێ با بکوژرێت.

چەرخ چەمەر وت؟: دونیا ئاخر دەکا؟

هاوە نواوە : بە دواوەیە.

تو دیتەسەی؟: تۆ دیوتە؟

چمانە: دەڵێی.

موازب ون: هوشیار بن.

نەبایەت: ناوێت و ناکرێت.

وەتەنەی درەخت: بە ناوقەدی دارەوە.

مشکی: ڕەش.

بێ حەرەکەت: کەس نەجوڵێتەوە.

وەتەمام ئیمامەیل: بە هەرچی ئیمام هەیە

جەممە: بجوڵێنەوە.

تەختی کرد: کوشتی.

ئەڕا باکت کوشتمە؟: بۆچی باوکتم کوشتووە؟

جانەوەر: دەعبا، ئاژیل، دڕندە.

چەش کردیە: گۆشکراوە.

توپنمیان: دەیان تۆپێنم.

تاش: شانێکی بەردینی دان دانی تێژ.

نەفەس تازە کەیمنەو: شەکەتی دەرکردن، ماندوویی دەرچوون.

ئاشنا: ناسراو.

سەرئاو: میزکردن.

تەمام کردیە: گیانی دەرچووە.

بیچارە: بێتاوان، بەدبەخت.

نەیاشت: نەیبوو.

یەدەک: ئیحتیات.

بوڵەندی: بەرزایی.

ڕەفیق کوش: هاوڕێ کوژ.

پاسەوان: پۆلیس.

شەتەک: جەڕاندن.

چەتە؟: چیتە؟.

یەسە: ئەمەسە.

چوارزەوەر: ملە چیایەکە لە نزیکی شاری کرماشاندایە.

سیانە: قوڕە ڕەشە.

ڕووزگار: ڕۆژگار.

دەریای خەزەر: دەریای قەزوین.

حەرامزادە: زۆڵ.

بیلە بچت: لێیگەڕێ با بڕوات.

بچیمن: بڕۆین.

ڕامان: ڕێگەمان.

پەز: مەڕ.

خوەنەمان: دەمانخوا.

هەمە گشت: هەمووومان.

مرین: دەمرین.

شەوسوو: سبەی.

خاسە: باشە.

وەدەسمان چوو: لە دەسمان دەرچوو.

بیخ دیرت: ڕیشووی هەیە.

قزل حەسار: بەندیخانەیەکی گەورەیە لە تەنیشت شاری کەرج دا.

فەراری داینە: ڕایان پێ کردووە.

دەردم فرە بی هەم هاتە بانی: غەمم گەلێک زۆر بوو کەچی غەمی تریش ڕووی تێ کردم.

کوشتن ئەوکە جەرگم سوزانی: کوشتنی ئەوکە جەرگی سووتانم.

وەدەستم دەرچوو باز کەیانی: وا لە دەستم چوو بازی کەیانی.

کورابیم دابێ قەیرم نیزانی: لێلابیم دابێت قەدرم نەزانی.

وەرەو چی لایە چیمن: بەرەو چی لایەک دەڕۆین.

وەل منا کردینە: لەگەڵ مندا کردووتە.

شمر وەل ئیمام حوسەینا نەکردیە: شمر ئەو کەسە بوو سەری حەزرەتی حوسەینی بڕی (شمر لەگەڵ ئیمام حوسەینا نەیکردووە).

وەئەلی: بە ئیمام عەلی.

شکایەتت کەم: شکاتت لێ دەکەم.

من موفتەکی ئەی کارە نەکردمە: من لە خۆمەوە ئەم ئیشەم نەکردووە.

پێنج ساڵ ئازگارە: بە درێژایی پێنج ساڵە چاوەڕوانی هەل بووم.

چمانە سەگ: وەک سەگ.

کورەی: کوێنەریت؟

قوڕمساغ: گەواد، جێکێش، مافلنگ.

مەگەر شار بێ خاوەنە: مەگەر هەرکەس بۆ خۆیەتی.

دامرکایەوە: هێمن بوویەوە.

بێ مەلامەت نییە: بێ بەڵگە نییە، لە خۆڕا نییە.

بێ شەرەفەیەل: بێ شەرەفانە.

بخۆ لەبەری: پیرۆزت بێت.

داڵک: دایک.

بیلە برسمە جای خۆی: لێم گەڕێ با بگەمە لێپرسراوان.

شەوی: کراس.

دەس وەردار: لێم گەڕێن.

سەرو سوورەت: سەر و ڕوخساری.

دالەش فران: سووڕخواردن بەڕاسەرەوە.

تیتک: قژ، گیس، زوڵف.

وەت: وتی.

تیمسار: پلەی لە "عمید" گەورەتر.

سەرگورد: موقەدەم.

زەرەب: دمبک، تەپڵ.

مەچیر: تیرە.

دەنوا: دەردەکەوت.

تاقوسان: باخ و کانیاوی دامێنی چیای بێستون.

هەنگامە: هەرا و بەزم.

حەجارباشی: گەورە بەردتاش.

خاوەسین: چەقۆکێشی شەڕئەنگێزی تەلەکەباز.

گای مارو: ئەو گایانەی ناوچاوانیان سپییە.

نەوچە: دەست و پای گەورە چەقۆکێشەکان.

ئەحمەد لالۆ: یەکێک بوو لە سەرەک باندەکان.

دوشاخە: دوو ڕێگای جیاواز.

تەورێز: شارێکی تورک زمانە و پایتەختی ئازربایجانی ئێرانە.

کارئاگا: چاوساقانی وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیسی ئەنتەرپول.

ئەنتەرپول: پۆلیسی نێودەوڵەتی.

بەلووچستان: یەکێک لە پارێزگاکانی ئێرانە.

کرمان: ئوستانێکی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە.

کارگەردانی دەکرا: بەرنامەڕێژی دەکرا.

تاووتو: بن و بیخ.

دوغرمە: ماست و خەیار.

کافەچی: خاوەنی ڕستووران.

پەزیراییت: میواندارێت.

بەنز کوردی: جۆرێک ماشینی قەمەرەی مارسیدسی کۆن.

مەگەر شوخیە؟: مەگەر گاڵتەیە؟

فەرهاد: داستانی شیرین و فەرهاد وێردی سەرزمانی کورد و فارسە گوایە فەرهاد شازادەیەکی دوور وڵات بووە "شیرین"ی ئەرمەن ژنی خوسرەو بووە. فەرهاد و شیرین لە خەودا عاشقی یەک دەبن و سەرئەنجام فەرهاد شرین دەدۆزێتەوە. خوسرەو مەرجێک دەخاتە پێش فەرهاد ئەگەر بێتو چیای بێستوونی بۆ کون بکا واز لە شیرین دێنێ و پێشکەشی دەکا. خوسرەو کە دەنوارێت وا فەرهاد قۆڵی لێهەڵماڵیوە و پیاوانە خەریکە، دەست بەدامێنی پیرەژنێک دەبێت کە چارەی بکا. پیرەژن خۆی دەگەیەنێتە فەرهاد و هەواڵی مەرگی شیرینی پێ دەگەیەنێت لە پێشدا بەقوڵنگە پیرەژن دەکوژێت و بەدوایدا خۆی.. ئەڵبەتە لە مێژووی ئێرانا ئەم چیرۆکە هیچ چاوگەیەکی مێژوویی لێی نەدواوە.

جیاسورخ: گەڕەکی سۆزانییەکانی شاری کرماشان.

یاساغە: قەدەغەیە، مەمنوعە.

مەرافە: شەڕ.

لنگەیەک: تاکێک.

ئاونما: نافورە، فەوارە.

کەتە: زل، زەبەلاح.

کریشمە: نازی ژنانە.

تەک پەڕان: ئەو ژنانەی بۆ هەوەس یا لە ناچاریدا جارەوبار لەگەڵ پیاواندا ئامێزش و تێکەڵاو دەبن.

تەوح: هەوەس.

گۆڤاری جەوانان: گۆڤارێک بوو کاروباری ئاکتەر و هونەرپیشەکان و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی شای بڵاودەکردەوە.

پەرەق: ئالەتی ڕەق.

لەندەهوڕ: زل زەلام، زەبەلاح.

بانکی ملی: گەورەترین بانکی دەوڵەتی ئێران بوو "هی سەردەمی شا".

جەمشید ئاباد: گەڕەکێکی ناسراوی شاری تارانە.

دەریای قەزوین: دەریای خەزەر.

کابارە: مەلها.

شکوفەنو: یەکێک بوو لە کابارە بەناوبانگەکانی شاری تارانی سەردەمی شاهەنشاهی.

مەهەستی: گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و جوانکیلەی ساڵانی ١٩٧٥ لە ئێراندا.

عەبدولکەریم ئەسفەهانی: هونەرمەندێکی لاساییکەر و گاڵتەچی بوو.

ئۆپیک: ڕێکخراوێکی نەوتییە لەو وڵاتانەی پێک هاتووە نەوتێکی زۆر بەرهەم دێنن.

کونفدراسیۆن: ڕێکخراوێکی سیاسی هەمەلایەنی بیروڕا سیاسییەکانی دژ بەشا بوو لە دەرەوەی وڵات.

سەندیکای ڕۆشنبیران: کۆمەڵگای ڕۆشنبیران.

گروپ: کۆمەڵ، بڕکە، جەماعەت.

ژاندارک: ژنە شۆڕشگێڕێک بوو لە وڵاتی فەرەنسەدا دژ بەئینگلیزی داگیرکەر کەوتە ململانەوە. دەستگیرکرا و سوتێنرا.

تانیا: کچە شۆڕشگێڕێکی ڕووسی بوو دژ بەئەڵمان لە ململاندا کوژرا.

سیب: زنجیری لاکەمەری دامێن.

شۆرت: دەرپا، دەرپێ.

ریمیل: ئەو دەرمانەیە چاوی پێڕەش دەکەن، وەک کلی چاوی جاران.

ڤیلا: خانوبەرەیەکی چواردەور ئاواڵە.

ئاکروپاتیک: ئەوانەی بەلەشیان یان بەئالات و ئەبزار جولانەوەی سەیر و سەمەرە دەکەن.

جۆک: نکتە.

جەفەنگ: گاڵتە.

هوەیدا: سەرەک وەزیرانی سەردەمی شا لەلایەن جەمهوری ئیسلامییەوە تیرباران کرا.

سەتار: گۆرانبیێژێکی جوانکیلە و ئافرەت پەسەندە. پەیوەندیی تایبەتی هەبوو

لەگەڵ ئافرەتە ناسراوەکانا و ئێستا لە ئەمریکایە.

هایدە: هایدەی دەنگ خۆش چەند ساڵێک لەمەوبەر دڵی لە لێدان کەوت لە ئەمەریکا دونیای بەجێهێڵا.

گووگووش: گۆرانیبێژێکی ئێرانییە کە تا ئەم دوادواییەش هەر لە ئێراندا مایەوە، ئێستا ئەویش لە ئەمریکایە.

گوڵپایگانی: ئەکبەری گوڵپایگانی گۆرانی کلاسیکی دەوت، زۆریش درۆزن بوو، هەمیشە سفرێکی زیاد بوو، بۆخۆم دەمناسی.

سیمفۆنیا: جۆرێک مۆسیقای ڕۆژئاوایی پەسەندە.

بتهۆڤن: مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگی ئەڵمانیا بوو چەندین سیمفۆنیای بەناوبانگی ژەندووە.

وەحدەت: ئاکتەرێکی سینەمایی فیلمە فارسییەکان بوو.

کێوی قاف: کەژ و کێوێکی ئەفسانەییە.

میرازکردن: لێدان.

چریک: چەکداری نیوەڕەسمی.

وەرزیدە: کارامە.

یاو: تا.

تیئۆری: نەزەریە، بیردۆز.

تراژیدی: غەمگینی.

بادرماینهۆف: ڕێکخراوێکی ترۆریستی دەستەچەپی تیژڕەوی هەفتا و هەشتاکان بوو بەڕەگەز ئەڵمانی و زۆر کاری بکوژ و ببڕیان ئەنجام داوە.

الفتح: ڕێکخراوێکی چریکی بەناوبانگی فەلەستینییە.

موخابەرات: دەستگای ئەمنیەتی سەردەمی سەدام حوسێن.

عیمارە: ئوستانێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی خوارەوەی عێراقەوە.

کەمپ: خەیمەگا.

لاش خۆر: بۆگەن خۆر، داڵ.

چاوباشقال: چاوباز، چاوحیز.

ئاڵتی هێنابێت: دۆڕابێت.

حساوی: باش، چاک.

قەواڵە: سەنەد.

مارکس: خاوەنی بیروڕایەکی ئابووری تایبەتمەندە.

فروید: زانایەکی دەروونناسی بەناوبانگ بوو، بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبوو لە ڕووی مەسئەلەی جنسییەوە.

داریون: زانایەکی بەناوبانگ بوو. لای وایە ڕەگەزی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر مەیموون.

دورکهایم: کۆمەڵناسێکی ناسراوە.

ئۆپیرا: جۆرێکە لە هونەرنمایی بەگۆرانیەوە دەوترێت.

گالری: ئەو هۆڵەیە کاری هونەری تیا نیشان دەدرێت.

ڕەفە: تاق.

عەلەم: وەزیری دەرباری شا، هاوڕاز و هاوبەزمی شا بوو.

پۆست: وەزیفە، مەقام.

کرماشان: شارێکی گەورەی کوردە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ئاهورامزدا: گەورە خوای خێرخوازی ئاینیی زەردەشتی و مانی و مەزدەکی.

ماد: گەورە دەسەڵاتی پێش زنجیرەی هەخامنشی لە لایەن کۆرشەوە لەناوبراوە، ئێمەی کورد دەگەڕێینەوە سەر ئەوان.

ئێژن: دەڵێن.

زیچکاو: خوێنی تەڕی زام، خوێنی کەم ڕەنگ.

موفت: خۆڕایی، بەلاش.

بێستون: کێوێکی بەرز و بوڵەندی باکووری شاری کرماشانە.

شەپەلاخ: زللە، شەقازللە.

سەنگ: بەرد.

فەرەنگیزخانم: کۆنە قەحپەیەکی بەناوبانگی شاری کرماشان بوو ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠.

جندە: پەتیارە، قەحپە.

دەرپا: دەرپێ.

دافەرەقان: دارِزان.

سەید: لە نێو ئەهلی هەقدا سەید خاوەنی ڕێزی تایبەتمەندە و لە زۆر لاوە یارمەتی دەدرێت.

ئەسفەندیار: پاڵەوانێکی ئەفسانەیی نێو شانامەی فردەوسییە لەلایەن ڕۆستەمەوە بەتیرێکی دوفلیقانە هەردوو چاوی کوێر دەکرێت.

وەهەر کەس: بە هەر کەس.

وەتم: وتم.

ڤۆدگا: جۆرێکە لە خواردنەوە، تایبەتمەندیی وڵاتی ڕووسیا بووە.

یا ئەلی مەدەد: یا حەزرەتی عەلی هاوار .

موهەبەتمان: موحەبەتمان.

کردەی: کردۆتە.

شەدەت: بەدبەختی.

وەتیشە: تەوشی.

دایە: لێی دا.

ڕیشەمان: ڕیشومان.

کردە: کردیە.

دەرەقەد نیم: گوێی نادەمێ.

مەردوم: خەڵکی.

سەرپێڵ: شارێکی خنجیلانەی دامێنی چیای دالەهویە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

سەحنە: شارێکە کەوتوەتە ڕۆژهەڵاتی کرماشانەوە زۆربەی زۆری دانیشتوانی پەیڕەوانی ئەهلی حەقن.

ئەسەدئاباد: چیایەکی بەرز و بوڵندە بەشی ئەودیوی تورکن و ڕوو بەهەمەدانە و بەدوا سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێت وەک "حەمرینی" لای خۆمان لە کوردستانی باشوور.

سوڵتان مەحمود: مەحموودی غەزنەوی.

کەنیز: کۆیلە کچ. ئەو ئافرەتانەی دەسیەنرێن و دەفرۆشرێن.

جادو: سیحر.

سەومەعە: خەڵوەتگا.

کەوانەی کرد: بە شێوەیەکی نیوە بازنە.

مەنزڵگا: هەوارگە.

هارون رەشید: خەلیفەیەکی بەناوبانگی زنجیرەی عەباسیان بوو.

فرانکفۆرت: شارێکی گەورەیە لە ئەڵمانیا خاوەنی فرۆکەخانەیەکی یەکجار زلو زەلام و قەرەبالخە.

خومار: شل و شێواو.

تەلا: ئاڵتوون، زێڕ.

کارەکەر: ژنێک، کچێک لە ماڵێکدا کاری نێومالّ ئەنجام بدا.

دەربار: بلاط

دورەگ: گیانلەبەرێک کە لە دوو ڕەگەزی جیاواز پێک هاتبێت.

متیل: چەرچەف، لەش پۆش.

سەرلەشکر: لە عەقید گەورەتر.

فەوزیە: ژنی یەکەمی شای ئێران و خوشکی مەلیک فاروق بوو، دایکی شەهناز پەهلەوی کچە گەورەی محمد ڕەزا شای پەهلەوی.

پەری غەفاری: ئافرەتێکی هونەرپیشەی پەنجا و شەستەکانی سینەمای ئێران بوو چەند ساڵێک بووبوو بەمەعشوقەی شا.

ئێژن: دەڵێن.

فەرەحناز: دوو کچی شا و فەرح پەهلەوی.

شەهرام: کوڕە گەورەی ئەشرەف پەهلەوی لە دووهەمین مێردی.

گروپ: کۆمەڵەیەک، جەماعەتێک.

شەونخوونی: شەوبیداری.

عفریت: دێو.

نەستەعلیق: جۆرێکە لە خەت نووسین.

نەسخ: جۆرێکی تری خەت نووسینە.

سولس: جۆرێکی کەی خەت نووسینە.

هوالباقی: هەر خۆی دەمێنێتەوە "بەسەر کێلی گۆڕەوە دەنووسرێت".

ئاریەل: ئەو تەلە سپی کرومەیە بۆ ڕادیۆ بەکاردەبرێت .

ڕینگۆ: قارەمانێکی سینەمای هۆلیۆدە.. کە لە شەقێکی دەمانچە تەقیەن.

تەکساس: ولاتێکە لە ولایەتەکانی ئەمەریکا.

شرەت: شەوەنگێز.

مواجیت: معاش.

جیرە: بەشی وەک پیتاک.

نانەسکی: کارکردنی بێ مزد و مەواجیت تەنها نانی پێ بدرێت.

لۆتیگەری: ئازایی و مەردایەتی.

مەچیر: تیرە.

گەردن کولفت: بەهێز و توانا.

هاوشیرە: خوشک.

سەنگ: بەرد.

ستوون: گولتە، عاموود.

سنە: شارێکی خنجیلانەی کوردستانی ڕۆژهەلاتە.

قروە: شارێکە لە کوردستانی ڕۆژهەلات.

فەرهادی کوهکەن: قارەمانێکی عشقی ئەفسانەییە.

موتەکا: شتێ، سەرین.

سیما: ڕوخسار.

چوختی: فوشمە.

شەودێز: ئەسپە ئەفسانەییەکەی "شیرین"ە.

کوکوختی: باڵندەیەکی گەرمەسێرییە کە دەخوێنێ دەلێ کوکوختی.

بێ پەردەپۆشی: ڕاستەوخۆ، بەسەراحەت.

قەنات: ئەو ڕووبارەیە کە هەڵکەنراوە.

گازەنۆڤا: قارەمانێکی خانمبازی سەدەکانی ناوەڕاست بووە.

پردی شـوهـەدا: پردێکە لـە نێـو شـاری بەغـدادا لە نـێـوان دوو بەشی ڕەسـافـە و کەرخدا.

فەرمان: سوکان.

باج: خاوە.

ئستیک: گۆشتێکە بەشێوەیەکی تایبەت دەبرژێت.

فەرامین: ئەوامر.

شۆڤێنی: ڕەگەزپەرست.

مانیکۆر: نینۆکی ڕێکخراوی مەورەلێدراو.

ئەوە فت: ئەوە هیچ.

مافوور: قالّی.

حەناس: لە بەرانبەر.

مەبادا: نەکا.

وزە: توانا.

خەڵوەتگای تیمی: جێگەی خۆشاردنەوەی چەند کەسێک.

دەم هەراشی: چەنەبازی.

وەلەکە عەرەب: کوڕە عەرەب.

سیم: تەل.